# رێبەری

# یاساکانی ژینگە

# لەهەرێمی کوردستان - عێراق

ئامادەکردنی

پارێزەر .شیلان عزیز صالح

پارێزەر. ڕاژان ئاسۆ علی

بە سەرپەرشتی

د.انور عومەر قادر

ب.گ. پلاندانان و بەدواداچوون

لەوەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو

چاپی یەکەم

هەرێمی کوردستان - ٢٠١٥

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەرە |
|---|---|
| **بەشی یەکەم :- یاسا گشتیەکانی ژینگەیی کە لەهەرێمی کوردستان دەرچوون** | |
| ١-یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان-عێراق | ٧ |
| ٢-ڕێنمایی سندوقی پاراستن و باشترکردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٩ | ٤٢ |
| ٣-یاسای دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٠ | ٥٣ |
| **بەشی دووەم :-یاساکانی تایبەت بە توخمەکانی ژینگە** | |
| دەروازەی یەکەم:- یاساکانی تایبەت بە توخمە نازیندوەکان (خاك,ئاو,هەوا) | |
| یەکەم :- یاساکانی تایبەت بە خاك | |
| ١-یاسای ڕێکخستنی وەبەرهێنانی کانزای ژمارە (٩١)ی ساڵی ١٩٨٨ | ٦١ |
| ٢- ڕێنمایی ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٩ وەبەرهێنانی کانەکان | ٧٩ |
| دووەم:- یاساکانی تایبەت بە ئاو | |
| ١- یاسای ژمارە (٦) ی ساڵی ١٩٦٢ یاسای ئاودێری (هەموارکراو) | ٨٣ |
| ٢- یاسای ژمارە (١٣٨) بۆ ساڵی ١٩٧١ یاسای جێبەجێکردنی پرۆژەکانی ئاودێری | ٩٤ |
| ٣-یاسای ژمارە (٥٩) ی ساڵی ١٩٨٧ یاسای کەڵك وەرگرتن لە کەناراوەکان | ١١٠ |
| ٤-ڕێنمایی ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٨٧ ڕێنمایەکانی جێبە جێکردنی یاسای بەئەنجام گەیاندنی ١٩٨٧ ژمارە (١٣٨)ی ساڵی ١٩٧١ (هەموارکراو) | ١١٨ |
| ٥-ڕێنمایی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١٥ تایبەت بە هەڵکەندنی بیر ئاو لە هەرێمی کوردوستان -عێراق | ١٣٤ |
| سێیەم:-یاساکانی تایبەت بە هەوا | |
| ١- ڕێنمایی ژمارە (١) بۆ ساڵی ٢٠١١ ,سنوردار کردنی ژاوەژاوە لە هەرێمی کوردستانی- | ١٥١ |

عێراق
٢–ڕێنمایی ژماره (٢) بۆ ساڵی ٢٠١١,پاراستنی جۆرێتی هەوای چواردەور لەمادە بەربڵاو ترسناکەکانی پیسکردنی هەوا ١٧١
دەروازەی دووەم:– یاساکانی تایبەت بە توخمە زیندوەکان (ڕووەك و ئاژەڵە کێویەکان)
١–یاسای پاراستنی ئاژەڵ و باڵندە کێوییەکان ژمارە (٢١) بۆ ساڵی ١٩٧٩ ٢٠٧
٢–بڕیاری ژمارە ١٠٤٥ بۆ ساڵی ١٩٨٠، دەستبەسەرداگرتنی مەڕوماڵات کە لە ناوچەکانی کشتوکاڵی و پەرژینکراو یان مۆڵەتنەدراو بۆ لەوەڕگادا دەلەوەڕێنرێن ٢١٧
٣– ڕێنمایەکانی ژمارە (٣٥) بۆ ساڵی ١٩٨٠ سەبارەت بەجێبەجێکردنی ئەحکامی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە (١٠٤٥)لە ڕێکەوتی ٣–٧–١٩٨٠ ٢١٩
٤– یاسای پاوانی سروشتی ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٨٣ ٢٢١
٥–ڕێنمای ژمارە (١١٧) ی ساڵی ١٩٨٧ سەبارەت بە ڕێکخستنی لەوەڕ لە پاوانە سروشتیەکاندا ٢٢٨
٦– بڕیاری ژمارە (٤٦٣) ی بۆساڵی ١٩٨٩ ڕێگریکردن لەڕاوکردنی ئاسکەکان لەسەرتاسەری عێراق ٢٣٦
٧–پەیڕەوی ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠١١ دامەزراندن و بەڕێوبردنی پاراستەی سروشتی لە هەرێمی کوردوستان–عێراق ٢٣٨
٨–یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٢ یاسای دارستان لە هەرێمی کوردوستان–عێراق ٢٤٤

# پێشەکی

ئەوەی ئاشکرایە بەتەنها بوونی دام و دەزگا ژینگەییەکان بۆ پاراستنی ژینگە بەس نیە ئەگەر هاتوو ئەم دام و دەزگایانە جۆرێك لە سەربەخۆیی و دەسەڵاتی تەواوەتی نەبێت لە جێبەجێکردنی یاسا ژینگەییەکان ،بەبێ بوونی ئەو دەسەڵاتە دام و دەزگا ژینگەیەکان شکست دەهێنن لە جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانیان .

پیسبوونی ژینگە جێگەی بایەخی هەموو وولاتانی جیهانە و لەدیارترین کێشەکانی جیهانە، هەرێمی کوردستان ڕوبەڕووی چەندین کێشەی ژینگەییی بۆتەوە بەتایبەت لەبواری دانانی یاساکانی ژینگە و چۆنیەتی جێ بەجێ کردنی.

لەگەڵ ئەوەی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی تایبەتی و عێراق بەشێوەیەکی گشتی هەڵساوە بەدەرکردنی زۆرێك لە ( یاسا، ڕێنمایی ،بڕیار ، پەیڕەو) بۆ پارێزگاری وپاراستنی ژینگە کە تا رۆژی ئەمڕۆ کاری یاسایی پێدەکرێت و جێ بەجێ دەکرێت، بەڵام لایەنە پەیوەندیدارەکان و هاوڵاتیان دەناڵێنن بەدەست ئەو تێکەڵاوی و شێواوییەی کە هەیە لەیاساکاندا، ئەمەش لەبەربوونی زیاتر لەسەرچاوەیەك لەلایەك و مێژووی کۆنی دەرچواندنی لەلایەکی ترەوە کە هەندێکان دەگرێنەوە بۆ ساڵەکانی حەفتاو هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو .

بۆیە رێکخراوی سروشتی عێراق بەئەرکی سەر شانی خۆی زانی کە ڕێبەرێکی یاسایی تایبەت بە سەرجەم یاسا ژینگەییەکان لە هەرێمی کوردستان و عیراق ئامادەبکات، کە

ئامانج لێی کۆکردنەوەی (یاسا، رێنمایی،پەیڕەو) لەیەك ڕێبەردا، بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری هاولاتیان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئاشنا بەماف و ئەرکەکانیان لەبەرامبەر ژینگە و لەدەرەئەنجامدا کاری جێ بەجێ کردنی یاسا ژینگەییەکان ئاسانتر بکات بۆ لایەنی پەیوندیدار.

ئەم ڕێبەرە تایبەتە بەسێ ڕەگەزی گرنگی ژینگەیی ( خاك ،ئاو ، هەوا ) لەگەل توخمە زیندوەکانی ژینگە کە دابەش دەکرێت لە سەرجەم دام و دەزگاکانی میری و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئەو لایەنانەی کەلەبواری ژینگە کار دەکەن لەهەرێمی کوردستان ، و بەسێ زمانی جیاواز دەبێت ( کوردی ،عەرەبی، ئینگلیزی).

ئەم کارە لەلایەن ڕیکخراوی سروشتی عێراق کە ئەرکی چاپ کردن و وەرگێران و بڵاوکردنەوەی لەئەستۆ گیراوە، لەژێر پرۆژەی (داکۆکیکردن و یاسای ژینگەییەکان بۆ پارێزەرانی ئاوی عێراق ) کەلەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە پشتگیری دارایی کراوە.

# بەشی یەکەم:- یاسا گشتیەکانی ژینگەیی کە لە هەرێمی کوردستان دەرچوون

## ١.یاسای ژمارە ( ٨ ) ساڵی ٢٠٠٨ یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان - عێراق

بە پێی بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٢٧) لە ٢٠٠٨\٦\١١ بریارماندا بە دەرکردنی:

## یاسای ژمارە ( ٨ ) ی ساڵی ٢٠٠٨ یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لەهەرێمی کوردستان – عیراق

### دەروازەی یەکەم

### پێناسەو ئامانج و پرەنسیپی گشتی

### بە شی یەکەم

### پیناسەو ئامانجەکان

## ماددەی یەکەم :

مەبەست لەو دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە :

یەکەم : هەرێم: هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

دووەم : وەزارەت: وەزارەتی ژینگە لە هەرێم.

سێیەم : وەزیر: وەزیری ژینگە لە هەرێم.

چوارەم : ئەنجومەن: ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمدا .

پێنجەم : سەرۆك: سەرۆکی ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمدا.

شەشەم : ئەنجومەنی پارێزگا: ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە پارێزگاکانی هەرێم .

حەوتەم : سندوق: سندوقی پاراستن وچاککردنی ژینگە لە هەرێمدا .

هەشتەم : ژینگە : ئەو دەورو بەرە ژیانبەخشەیە کە پێکهاتووە لە بوونەوەرە زیندووەکان لە مرۆڤ و ئاژەڵ و رووەك و پێکهاتەکانی گیاندارەکان و هەرچی دەوری داوە لە ئاووهەواو ، خاك و ئەوەی لە خۆی دەگرێ لە ماددەکانی رەق وشلەو گازەکان و ئەو دامەزراوە جێگرو جوولاوانەی کە مرۆڤ لە سەریدا بنیاتی دەنێ .

نۆیەم : پیسبوونی ژینگە : هەر گۆرانکاریەکی راستەوخۆ یان نا راستەوخۆ لە پێکهاتە یان لە تایبەتمەندی ژینگە ببێتە هۆی زیان گەیاندن پێی یان هاوسەنگییە سروشتییەکەی بشێوێنیٚ.

دەیەم : پیسکەرەکانی ژینگە : مادده ڕەقەکان ، یان شلەکان یان گازییەکان یان ژاوە ژاو یان هۆکارە بایۆلۆژیەکان یان تیشکاوەرەکان یان گەرما یان لەرزینەکانی کە زیان بە ژینگە دەگەیەنن وهاوسەنگی سروشتی دەشێوێنن .

یازدە : پاراستنی ژینگە : پاراستنی ژینگەو رێگە گرتن لە پیسبوون و تێکچوونی یان رێگە گرتن لێیان.

دوازدە : چاککردنی ژینگە : پەرەپێدان و جوانکردنی رەگەزەکانی ژینگە.

سێزدە : هەڵسەنگاندنی شوێنەواری ژینگەیی: دیاری کردن وشیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی شوێنەواری پرۆژە یان دامەزراو یان چالاکی نواندن لە سەر ژینگەو دیاری کردنی رێو شوێنەکانی پێویست بۆ رێگە گرتن یان سووککردنی شوێنەوارەکانی نەرێنی لە سەر ژینگەو داهاتە سروشتیەکان،ئەمەش لە سەر رەزامەندی نواندن یان پێچەوانەکەی دەوەستیٚ.

چواردەم : ژاوە ژاو: ئەو دەنگانەی لە رینەوەکانیان لە سنووری رێپێدراوی خۆیان دەردەچن و بە پێڕەو دیاردەکرێن.

پازدە : ماددە ترسناکەکان : ماددە رەقەکان یان شلەکان یان گازیەکان تایبەتمەندی ترسناکیان هەیە وکاریگەری زیان بەخشیان لە سەر ژینگە هەیە،وەکو ماددە درمەکان یان ژەهراویەکان یان ئەوانەی توانای تەقینەوە یان سووتانیان هەیە یان تیشکاوەرە ئایۆنیەکان و شتی دیکەش .

شازدە : خاشاك: ماددە رەقەکان یان شلەکان یان گازیەکانی کەڵکی بە کارهێنانیان پێوە نەماوە و ، نا هێڵدرێنەوە ، کە پاشماوەی جۆرەها چالاکیەکانن .

حەڤدە : پارێزراوە سروشتیەکان : ئەو ناوچانەی تەرخان کراون بۆ پاراستنی جۆرەکانی دیاری کراو لە بوونەوەرە زیندووەکان یان هەر سیستەمێکی ژینگەیی دیکە کە رێگە بە لابردنیان و کارتێکردنیان یان زیان پێ گەیاندیان یان لە ناوبردنیان نادرێت.

هەژدە : زیندەوەرە هەمە جۆرەکان : جیاوازی و زۆریی بوونەوەرە زیندووەکان.

نۆزدە : لایەنە حکومەتیەکان : لایەنی حکومەتی پەیوەندیدار بە ژینگەوە .

بیست : دامەزراوەکان : زەوی و بیناو دەزگا و ئامێرەکانی پێکی دەهێنن .

بیست و یەك: شوێنی گشتی : ئەو شوێنەی بۆ پێشوازی کردن لە هەموو کەس یان بۆ توێژێکی دیاری کراو لە خەڵك بۆ مەبەستێك لە مەبەستەکان ئامادە کراوە.

بیست ودوو:ڕەزامەندی ژینگەیی: بەڵگەنامەیەکی فەرمییە وەزارەت دەریدەکات بە پێی ڕێگا بە ئەنجامدانی هەندێ چالاکی دیاری کراو لە لایەنی بیرو بۆچوونی ژینگەییەوە دەدرێت.

بیست وسێ : پێوانەکانی پاراستنی ژینگە :سنوور یان چڕبوونەوەی ئەو پیسکەرانەی کە ڕێگا نادرێت لە پێکهاتەکانی ژینگەدا بە سەریدا تێپەڕبن.

بیست وچوار : کارەساتەکانی ژینگەیی : ڕووداوەکانی کە لە فاکتەری سروشت یان کاری مرۆڤ پەیدا دەبن بە پێی ئەو پێوەرانەی کە بەرێنمایی دەردەکرێن زیانێکی گەورە بە ژینگە دەگەیەنن.

**ماددەی دووەم :**

ئامانجی ئەم یاسایە هێنانەدی ئەم مەبەستانەی خوارەوەیە :

یەکەم : پارێزگاری کردن لە ژینگەی هەرێم و پاراستنی و چاککردنی و پەرەپێدانی و ڕێگە گرتن لە پیسبوونی.

دووەم : پارستنی سروشت و تەندروستی گشتی لە مەترسیەکانی چالاکی و کارە زیانبەخشەکان بە ژینگەو مرۆڤ .

سێیەم : پارێزگاریکردنی داهاتەکانی سروشتی و گەشە پێدانی و دەست پێوەگرتنی بەکارهێنانی .

چوارەم : سیاسەتی ژینگە بكرێتە بەشێكی دانەبڕاو لە پلانی گشتگیری گەشەپێدان لە هەموو بوارەكانی مرۆیی و پیشەسازی و كشتوكاڵی و ئاوەدانكاری و گەشت وگوزاری و شتی دیكە.

پێنجەم : بەرز كردنەوەی ئاستی وشیاری ژینگەیی و قووڵكردنەوەی هەست بە لێپرسینەوەی تاك و كۆمەڵ بۆ پاراستنی ژینگە و چاككردنی و هاندانی هەوڵە خۆ بەخشراوەكان لەو بوارەدا.

## بەشی دووەم

## پرەنسیپە بنەرەتیەكان و حوكمەگشتیەكان

### ماددەی سێیەم :

یەكەم: هەموو مرۆڤێك مافی هەیە لە ژینگەیەكی هێمن و پاكدا بژی و ئەركی هەموو كەسێكیشە كار لە پێناو پاراستنی ژینگە و پاكییەكەیدا بكات.

دووەم: مەسەلەی پاراستن و چاككردنی ژینگە لە كرداری پلاندانانندا لەسەر ئاستی یاساكاریی و بەرنامە و نەخشەی پەرەپێدان بۆ هەموو كەرتە جیاوازییەكان لە هەرێمدا رەچاو دەكرێ.

سێیەم: پێویستە هەموو دەزگاکانی پەروەردە و ئەکادیمی لە هەرێم چ گشتی و چ تایبەتی بەرنامەی پەروەردەیی ژینگەیی بخەنە نێو پرۆگرامەکانیان ئەمەش بە هەماهەنگی دەبێ لەگەڵ وەزارەتدا.

چوارەم: پێویستە لەسەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و دەزگا گشتیەکان و تایبەتیەکان کە لە مەیدانی پەروەردە و فێرکردن و مەشق و لێکۆڵینەوە و ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیریی و ئەوقاف و ئەوانی تر کاردەکەن هەوڵ لە پێناو بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی و هوشیاریی ژینگەیی لە هەرێمدا بدەن.

پێنجەم: پێویستە لەسەر هەموو لایەنە کارگێڕییەکان ، هەر یەکە و بە پێی تایبەتمەندیی خۆیان کار لە پێناوی کەمکردنەوەی بەکارهێنانی داهاتە سروشتیەکان بۆ هینانەدی گەشەپێدانی بەردەوام بکەن.

شەشەم: پێویستە لەسەر دەزگا تەندروستیەکان و دەزگای پێوان و کۆنترۆڵی جۆری پرنسیپەکانی تەندروستی ژینگەیی لە پرۆگرامی کارەکانیان دا ڕەچاو بکەن.

حەوتەم: وەزارەت بۆی هەیە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە نێو دەوڵەتییە نا حکومیەکان لە بواری پاراستن وچاککردنی ژینگەدا بکات.

هەشتەم: پێویستە وەزارەت هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ژینگەی عێراقیدا لە هەرچییەك پەیوەندیی بە ڕێککەوتنامە نێو دەولەتیەکانەوە هەیە، بکات.

## دەروازەی دووەم

## رێکخستن و پاراستن و چاککردنی ژینگە

### بەشی یەکەم

### ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمدا

**ماددەی چوارەم :**

بە پێی ئەم یاسایە ئەنجومەنێك دادەمەزرێ بە ناوی ( ئەنجەمەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمدا) پەیوەندی بە وەزارەتەوە دەبێ، سەرۆکی ئەنجومەن یان رێپێدراوی نوێنەرایەتی دەکات، و لە هەریەك لەم ئەندامانە پێك دێت:-

یەکەم : وەزیر : سەرۆك .

دووەم : بریکاری وەزارەت : جێگری سەرۆك .

سێیەم : بەرێوەبەری گشتی کاروباری هونەری و پاراستن لە تیشکاوەر لە وەزارەتدا : ئەندام یا بڕیاردەر

چوارەم : بەرێوەبەرە گشتیەکان لە وەزارەتدا : ئەندام .

پێنجەم : نوێنەری وەزارەت و ئەو دەستانەی کە پەیوەندیدارن بە ژینگەوە کە وەزیر دەسنیشانیان دەکات بەمەرجێ لە پلەی بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێ : ئەندام.

شەشەم : نوێنەری رێکخراوەکانی ژینگەی ناوخۆیی.

حەوتەم : وەزیر بۆی هەیە میوانداری هەر کەسێك پێی شیاو بێت،بکات، بۆ ئامادە بوونی دانیشتنەکانی ئەنجومەن لە کاتی پێویستی لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم و پرس و رایان پیٚ بکات بەبیٚ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت.

## ماددەی پێنجەم :

ئەندامانی ئەنجومەن چاودێری جێبەجیٚ کردنی بڕیارو راسپاردەکانی ئەنجومەن دەکەن لە وەزارەتەکانیان،و راپۆرت لە بارەیانەوە ئامادە دەکەن و بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی بەرز دەکەنەوە.

## ماددەی شەشەم :

وێرای ئەو ئەرکانەی بەپێی یاسای وەزارەت بە ئەنجومەن سپێردراوە ، ئەم ئەرك و دەسەلاٌتانەی خوارەوەی هەیە :-

یەکەم : پێشنیار کردنی سیاسەتی گشتی بۆ پاراستنی ژینگە لە هەرێمداو دەستنیشانکردنی ئامانج و کارە گرنگەکانی ژینگەتێیدا.

دووەم : دانپێدانان وپشت بەستان بە تایبەتمەندی و پێوانەکانی پێوەری رەگەزەکانی ژینگە .

سێیەم : دانپێدانانی مەرج و بەرزەفتکاریەکانی دەبێ لە دامەزراوو چالاکیەکاندا هەبێ کە کاریگەری زیانگەیاندنی لەسەر ژینگە هەیە یان دەبێتە هۆی تێکدانی هاوسەنگییەکەی.

چوارەم : دانپێدانانو پشت بەستن بەڕێنمایی و بڕیارو بەرزەفتکاریەکانی پێویست بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە و ئەوانەی بە هۆیەوە دەرچوون.

پێنجەم : یەککردنی پلانەکانی فریاکەوتن کە لایەنەکانی پەیوەندیدار بۆ ڕووبەڕووبونەوەی کارەساتەکانی ژینگە ئامادەی دەکات.

شەشەم : ئەنجامدانی رووپێوکردنی پێویست بۆ دەسنیشانکردنی شوێنەواری ژینگەیی کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی یەوە لە هەرێم دا دروستبووە.

## ماددەی حەوتەم :

یەکەم : هەردوو مانگ جارێك یان هەر کاتێك پێویست بوو ئەنجومەن دانیشتنەکانی گرێدەدا ، ئەویش بە بانگێشەی سەرۆك و، ڕادەی یاسایی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامان تەواو دەبێت.

دووەم : ئەنجومەن بەزۆرینەی دەنگی ئەندامە ئامادەبووەکان بڕیارەکان دەردەکاتو لەحاڵەتی یەکسانبوونی دەنگەکان، ئەو لایەنەی سەرۆکی کۆبوونەوەکە دەنگی لەپاڵی دەنگی ئەوان داوە، دەیباتەوە.

## بەشی دووەم

## ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە پارێزگاکانی هەرێم

### ماددەی هەشتەم :

لەهەر پارێزگایەکی هەرێمدا ئەنجومەنێك بەناوی (ئەنجومەنی پاراستنو چاککردنی ژینگە لە پارێزگادا) دادەمەزرێ و ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێم پێکی دەهێنێت و پارێزگار یاخود جێگرەکەی لە کاتی ئامادە نەبوونی سەرۆکایەتی دەکات و ئەم ئەرك و دەستەلاَتانەی خوارەوەی هەیە:

یەکەم: بەدوا داچوونی جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی ئەنجومەن، ئەوانەی پەیوەندیدارن بە پارێزگاکەوە.

دووەم: رادەربڕین لە کێشەکانی ژینگەیی لە پارێزگاکەدا.

سێیەم: پێشنیارکردنی پلانی پاراستنی ژینگە و بەدوا داچوونی جێبەجێ کردنەکەی و پێشکەش کردنی راپۆرتی دەوری لە بارەی چالاکی یان واقیعی ژینگەیی لە پارێزگاکە بۆ ئەنجومەن.

## ماددەی نۆهەم :

یەکەم : ئەنجومەنی پارێزگا مانگانە جارێك بەلانی کەم لەسەر بانگهێشتی سەرۆك یان جێگرەکەی کۆدەبێتەوە.

دووەم : رادەی یاسایی لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی پارێزگا بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامانی تەواو دەبێت.

سێیەم : ئەنجومەنی پارێزگا بڕیارەکانی بە زۆرینەی دەنگی ئەندامە ئەمادەبووەکانی وەردەگرێ و لەکاتی یەکسانبووندا ئەو لایەنە دەیباتەوە کە سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا یا جێگرەکەی دەنگی بۆ داوە.

چوارەم : کۆنووسی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی پارێزگا مانگانە دەخرێتە بەردەم ئەنجومەن بۆ ئاگاداری و پەسندکردنی.

پێنجەم : ئەنجومەنی پارێزگا بۆی هەیە هەر پسپۆڕ و شارەزایەك میوانداری بکات بۆ وەرگرتنی راو بۆچوونیان لە بارەی کاروباری ژینگەییەوە بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێ.

## بەشی سێیەم

## سندوقی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێم

**ماددەی دەهەم :**

یەکەم : لە هەرێمدا سندوقێك بەناوی (سندوقی پاراستنو چاککردنی ژینگە لە هەرێم) دادەمەزرێ بۆ خەرجکردن لێی بۆ پاراستنی ژینگەو چاککردنیو پارێزگاری کردن لە ڕەگەزەکانی لە چوارچێوەی هێنانەدی ئامانجو مەبەستەکانی کە لەدەقی ئەم یاسایەو پێڕەو ورێنماییەکان کە لە پێناویدا دەرچوون، هاتووە.

دووەم : سندوقەکە، کەسایەتیەکی مەعنەوی سەر بە خۆیی دارایی و کارگێڕی هەیەو ملکەکانی ملکی گشتین.

سێیەم : داهاتەکانی سندوقەکە لە مانەی خوارەوە پێك دێت:-

١- ئەو بڕە پارانەی لە بودجەی هەرێمەوە بۆی تەرخانکراوە.

٢- ئەو بڕە پارەو یارمەتیو بەخششو بەخشینانەی لەلایەن دەوڵەتانی بەخشەرو دەستەو کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی ناوخۆیی و هەرێمیو نێودەوڵەتیو دەستەو کۆمەڵەکانی ئەهلیو تایبەتیو تاکەکانەوە پێشکەش کراون.

٣- کرێ و ڕەسم و غەرامەکانی ژینگەیی کە بەپێی ئەم یاسایە وەرگیراون.

چوارەم : دیاریکردنی ڕێکارەکانی تایبەتیو پەیوەست بە پێکهێنانی سندوقو سپاردنو عەمبارکردنو سەرفکردنو لایەنەکانی خەرج کردنی داراییەکانی بەپێی ئەو ڕێنماییانەی کە ئەنجومەن بۆ ئەم مەبەستە دەری دەکات.

## بەشی چوارەم

## پلاندانانی ژینگەیی

### ماددەی یازدەهەم :

یەکەم : بەپێی پێشنیازی ئەنجومەن، وەزارەت پلانێکی بنچینەیی بۆ پاراستنی ژینگە لە هەرێمدا دادەنێو ئەم پلانە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بڕیاری لێ دەدرێت.

دووەم : پلانی پاراستنی ژینگەی بنچینەیی ملکەچی ئەو چاو پێداخشاندنەوە دەوریە دەبێ کە هەردوو ساڵ جارێك وەزیر لەسەر پێشنیاری ئەنجومەن ئەنجامی دەدات و دان بەو هەموارکردنانەدا دەنرێ کە بەبڕیارێك لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەکرێت.

سێیەم : چاوپێداخشاندنەوەی دەوری بەپشت بەستن بەحاڵەتی ژینگەیی لە هەرێم ئەنجام دەدرێ لەگەڵ ڕەچاوکردنی پەرەسەندنەکانی جیهانی لە بوارەکانی زانستی و توێژینەوەو تەکنۆلۆژیادا.

## بەشی پێنجەم

## هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگەیی‌و ڕەزامەندییە ژینگەییەکان

**ماددەی دوازدەهەم :**

هەر کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی، گشتی یان تایبەتی یان تێکەڵاو یان هەرلایەنێك دوای بەکاربوونی ئەم یاسایە دامەزرابێ‌و چالاکیەك ئەنجام بدات کاریگەری لەسەر ژینگە هەبێت، پێویستە توێژینەوە لەسەر هەڵسەنگاندنی کاریگەری شوێنەواری ژینگەیی بۆ چالاکی و ئەو پڕۆژانە ئامادەبکات کە دایاندەمەزرێنێ و بۆ وەزارەتی بەرزبکاتەوە تا بڕیاری گونجاوی دەربارەوە وەربگرێ،بەمەرجێ توێژینەوەکە ئەمانە لە خۆی بگرێ:–

یەکەم : هەڵسەنگاندنی کاریگەریە ئەرێنی‌و نەرێنییەکانی پڕۆژەکە یان دامەزراوەکە یان کارگەکە لەسەر ژینگە.

دووەم : رێگا پێشنیارکراوەکان بۆ دوورکەوتنەوەو چارەسەرکردنی هۆکارەکانی پیسبوون، بەجۆرێك جێبەجێکردنی مل کەچبوون بۆ ڕێنمایی‌و بەرزەفتکاریەکانی ژینگە بێنێتە دی.

سێیەم : حاڵەتەکانی پیسبوونی لەناکاو و ئەگەر ئەو ئامادەکاریەی پێویستە بگیرێتەبەر.

چوارەم : بەدیلەکانی کە دەکرێ بۆ بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای پاکو خاوێنتری ژینگە بخرێتەکار.

پێنجەم : کەمکردنەوەی پاشماوەکانو خولاندنی (تدویر) یان سەرلەنوێ بەکارهێنانەوەیان.

شەشەم : هەلسەنگاندنی تێچوونی سوودەکانو ئەو زیانە ژینگەییانەی کە پڕۆژەکە دروستی دەکات.

**ماددەی سێزدەهەم :**

وەزیر بۆی هەیە بەر لەبەرکاربوونی ئەم یاسایە داوا لەهەرکەسێکی سروشتی یان مەعنەوی یان هەر لایەنێکی کە هەبێ بکات کە چالاکیەك ئەنجام دەدات کاریگەری لەسەر ژینگە هەیە، توێژینەوەیەك بۆ هەڵسەنگاندنی کاریگەری پڕۆژەکانی لەسەر ژینگە ئامادەبکات، ئەگەر پێداویستیەکانی پاراستنی ژینگە ئەمەی ویست.

**ماددەی چواردەهەم :**

ئەنجومەن پێوانەو مواسەفاتو بنەما و بەرزەفتکاریەکانی پێویست بۆ دەستنیشانکردنی پڕۆژەو ئەو بوارانە دادەنێ کە ملکەچن بۆ توێژینەوەکانی هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگەییو ئامادەکردنی لیستی ئەو پڕۆژانەو دانانی سیستەم وڕێکارەکانی هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگەیی.

## ماددەی پازدەهەم :

هەموو لایەنەکانی پەیوەندیدارو بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتو بەرلە بەدەستهێنانی ڕەزامەندی بۆ هەر پرۆژەیەك، پابەنددەبن بەوەرگرتنی ئەم ڕێوشوێنو ڕێکارانەی خوارەوە:—

یەکەم : کارکردن بۆ قەدەغەکردنی کاریگەریەکانی نەرێنی ژینگە، کە رەنگە لە پرۆژەکانیان یان لەو پرۆژانەی دەکەونە ژێر سەرپەرشتی کردنیان یان ئەوانەی ڕەزامەندی دەربارەیانەوە دەردەکەن، دروست دەبن.

دووەم : وەرگرتنی هەموو ڕێکارێکی گونجاو بۆ مسۆگەرکردنی پیادەکردنی ڕێساکانی کە لەم یاسایەدا هاتوون، بەسەر پرۆژەکانی و ئەو پرۆژانەی کە دەکەونە ژێر سەرپەرشتی کردنیان، یان ئەوانەی رەزامەندییان لەسەر وەردەگرێ،لەوانەش ئەو پێڕەو ورێنماییانەی کە بەپێی ئەم یاسایە دەردەکرێن.

سێیەم : چاودێریکردنو بەدواداچوونی پێڕەوو پێوانەکانی ژینگەیی و پابەندبوون پێیانەوە لە پرۆژەکان یان ئەو پرۆژانەی کە سەرپەرشتیان دەکات و، راپۆرتی دەوری دەربارەیان بە ئەنجومەن دەدات.

چوارەم : هەماهەنگی کردن لەگەڵ ئەنجومەن بەر لە دەرکردنی هەر ڕەزامەندییەك یان مۆڵەتێك پەیوەندی بە ئەنجامدانی چالاکی ستراتیژیو گەورە هەبێت کە کاریگەری لەسەر ژینگە هەبێ.

## بەشی شەشەم

## پشکنین و چاودێریکردنی ژینگەیی

### ماددەی شازدەهەم :

وەزارەت چاودێری دەزگاو پڕۆژەو دامەزراوو چالاکیە جۆراوجۆرەکان دەکات، بۆ زانینی ڕادەی پابەندبوونیان بەو مواسەفاتو پێوانەو پێوەرانەی کە لە پاراستنی ژینگەدا بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە پشتیان پێ دەبەسترێت.

### ماددەی حەڤدەهەم :

پێویستە خاوەن هەر پڕۆژەیەك یان دامەزراوێك پرۆسەکانی چاودێری خۆیی بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنەکانی پەیوەندیدار بەپێی ئەو پێوەرو بەرزەفتکارییانە ئەنجام بدات کە وەزارەت دایاندەنێ و، ڕاپۆرت لە سەر ئەوە بەپێی ڕێنمایەکانی وەزارەت یان هەر لایەنێکی دیکە بەرز دەکاتەوە کە، پێڕەوو ڕێنماییەکانی دەرچوو بەپێی ئەم یاسایە دەستنیشانی دەکات.

### ماددەی هەژدەهەم:

یەکەم : وەزارەت تیپی چاودێری ژینگەیی پیکدێنێ کە ئەرکەکەی بەرزەفتکردنی سەرپێچی و تاوانەکانی ژینگەییە کە بە پێچەوانەی ئەم یاسایە روودەدەن.

دووەم : تیپی چاودێری کردنی ژینگەیی مافی هەیە بچێتە ناو دامەزراوو دەزگاکان بەمەبەستی پشکنینیانو وەرگرتنی چەند نموونەیەك لێیانو دڵنیابوون لە ڕادەی پیادەکردنی پێوەرو مەرجو بەرزەفتکاریەکانی پاراستنی ژینگە، لەکاتی ئەنجامدانی کارەکەیدا پۆلیس هاوکاری دەکا.

سێیەم : لەسەر خاوەنی پرۆژەو چالاکیە جۆراوجۆرەکان پێویستە ڕێگا بۆ تیپەکانی چاودێری ژینگەیی خۆش بکەن بۆ ئەوەی بتوانن ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەنو ئەو زانیاری و بەیاناتەی پێ بدا کە بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە بە پێویستی دەزانی.

**ماددەی نۆزدەهەم :**

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو تاکەکان بۆیان هەیە وەزارەت لەو چالاکی و هەڵسوکەوتانە ئاگادار بکەنەوە کە زیان بە ژینگە دەگەیەنن.

## بەشی حەوتەم

## ڕێوو شوێنەکانی هاندان

**ماددەی بیستەم :**

وەزارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی سیستەمێك بۆ هاندان ئامادە دەكات، بەهۆی ئەوەوە، یارمەتی کەسانی سروشتیو مەعنەوی دەدرێن ئەوانەی چالاکی

ئەنجامدەدەن یان بیروبۆچوونی وا پێشكەش دەكەن، كە ئەشێ پاراستن یا چاككردنی ژینگەی لێ بێتەدی.

## بەشی هەشتەم

## بەرپرسیاریەتیو قەرەبووكردنەوەی زیانەكان

### ماددەی بیست و یەكەم:

یەكەم : هەركەسێك ببێتە هۆكار بەكردەوەی كەسیی خۆی یان كەمتەرخەمی، یان كردەوەی ئەو كەسانەی لەژێر سەرپەرشتی یان چاودێری یان كۆنترۆڵی ئەو دابن، لەكەسانو لایەنگرانی، یان سەرپێچی یاساكانو پێڕەو ورێنماییەكان بكات، وزیان بەژینگە بگەیەنێ، بەرپرسیاردەبێو دەبێ قەرەبووی بكاتەوە و، زیانەكەش لاببات و، بارودۆخەكەش بگەڕێنێتەوە بۆ كاتی جارانی بەرلەكەوتنەوەی زیانەكە، لەو ماوەیەی لەلایەن وەزارەت دیاریكراوەو بەو مەرجانەی كە دایناوە، لە حاڵەتی كەمتەر خەمی یان مل نەدان بۆ ئەنجام دانی، وەزارەت بۆی هەیە پاش ئاگاداركردنەوەی رێ و شوێن و رێكاری مسۆگەر بۆ لابردنی زیانە كە بگرێتە بەر و سەبەبیكاریش هەموو ئەو مەسرووفانەی بۆ ئەم مەبەستە كردوویەتی سەرباری خەرجییە كارگێرییەكان لە ئەستۆ دەكرێ لەگەڵ رەچاوكردنی ئەم پێوەرانەی خوارەوە:

١- پلەی مەترسیداری ئەو ماددە پیسانەو جۆرەكانی.

٢- کاریگەری پیسبوون لەسەر ژینگە لە ئێستاو ئایندەدا.

دووەم : بەرپرسیاریەتی سەبەبکاری ئەو زیانانەی لەئەنجامی سەرپێچیکردن لە پیادەکردنی حوکمەکانی برگەی ( یەکەم) لەم ماددەیەدا لە بەر چاو دەگیرێ .

سێیەم : حوکمەکانی یاسای شارستانی عێراقی سەبارەت بە رێساکانی بەپرسیاریەتی پیادەدەکرێن، لەهەر شتێك لەم یاسایەدا دەقی بۆ نەهاتبێ.

چوارەم : رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو زیانلێکەوتووان لە تاکەکان بۆیان هەیە، بە پێی حوکمەکانی بەندی (یەکەم) لەم ماددەیەدا داوا بەرزبکەنەوە.

پێنجەم : هەرکاتێ خەرجیەکانی لابردنی پیسی وەرگیرا بەسندوق دەسپێردرێ، تاکو بۆ لابردنی پیسیەکە بەکار بهێندرێت.

# دەروازەی سێیەم

# حوکمەکانی پاراستن و چاککردنی ژینگە

## بەشی یەکەم

## پاراستن و چاککردنی ئاو

**ماددەی بیست و دووەم:**

فرێدان یان ڕۆکردنی هەر ماددەیەکی زیان بەخش یان شلەمەنی یان گازی یان تیشکاوەری یان گەرمی، بۆ ناو هەموو سەرچاوە ئاوییەکان یان ئاوەرۆکانیان قەدەغەیە، ئەگەر بەپێی پێوەرەکانی کارپێکراو چارەسەر نەکرابێ.

**ماددەی بیست وسێیەم :**

پێوەرە هەرێمایەتییەکان بۆ ئاوی سەرزەوی و ژێر زەوی وئاوی خواردنەوە، بە پێڕەو دیاری دەکرێن.

**ماددەی بیست وچوارەم :**

وەزارەت پێوەرەکانی ئاستی پیسبوونی ڕێگە پێدراو لەو ئاوانەی بۆ خواردنەوەو ئاودان و پیشەسازی و خزمەتگوزاریەکان بەکاردێن، دەسنیشان دەکات، بە مەرجێ هەرکاتێك پێویست بوو چاو بەو پێوەرانەدا بخشێندرێتەوە.

## بەشی دووەم

## پاراستن و چاککردنی هەوا

### ماددەی بیست و پێنجەم :

هەرکەسێکی سروشتی یان مەعنەوی پابەندە بەوەی نەبێتە هۆی بەرپاکردن یان بلاَو کردنەوەی پیسی لە هەوادا، لەوانەش بۆنی پیسی وەرسکەر یان زیانبەخش.

### ماددەی بیست و شەشەم :

هەموو چالاکیە پیسکەرەکانی هەوا ملکەچی پێوەرە تایبەتیەکانی هەرێمایەتی دەبن و پێویستە ئەو دەرهاوێشتانە (انبعاثات) لەچوارچێوەی سنووری ڕێگە پێدراو دەرنەچن.

### ماددەی بیست و حەوتەم :

وەزارەت ئاستەکانی پیسکردنی ڕێگە پێدراو بۆ ئەو غازە زیانبەخشانە (انبعاثات) دادەنێ کە لە هەموو چالاکیە پیسکەرەکانی هەوا دەکەوێتەوە و ئەوانەی خوارەوەی تیدا دیاردەکرێت:

یەکەم : ئەو ئاستانەی ڕێگەیان پێدراوە بۆ ئەو غازە زیانبەخشانە (انبعاثات) بە هۆی سووتاندنی سووتەمەنی یان هەر ماددەیەکی دیکە بۆ هەر مەبەستێك بێت.

دووەم : ئەو ئاستانەی ڕێگەیان پێدراوە بۆ ئاستەکانی ژاوەژاو.

سێیەم : ئەو ئاستانەی ڕێگەیان پێدراوە بۆ ئاستەکانی تیشکاوەری یان چڕکردنەوەی مادده تیشکاوەرەکانی کە لە هەر چالاکیەکی تیشکاوەریەوە دەردەچێت.

## بەشی سێیەم

## پاراستن و چاککردنی خاك

### ماددەی بیست و هەشتەم:

ئەوانەی خوارەوە قەدەغەن:

یەکەم : هەرچالاکیەکی بە ڕێگەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ ببێتە هۆی زیانگەیاندن بە خاکی زەوی کشتوکاڵی پلە (أ) یان خراپکردنی یان پیسکردنی بە جۆرێك کار لە توانای بەرهەمهێنانی بکات.

دووەم : هەر چالاکیەك زیان بە رووبەری زەوی تەرخانکراو بۆ لەوەرگا بگەیەنێ تەنها مەگەربەپێی ئەو پێڕەو و ڕێنماییانە بێ کە بە پێی ئەم یاسایە دەرکراون.

سێیەم : دامەزراندن و بنیادنانی هەر چالاکیەکی پیشەسازی یان بازرگانی یان خزمەتگوزاری لەسەر زەوی کشتوکاڵی بە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

چوارەم : گۆڕینی ڕەگەزی زەوی و زار لە کشتوکاڵیەوە بۆ نیشتەجێ بوون یان پیشەسازی یان بازرگانی یان خزمەتگوزاری، بە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

پێنجەم : ڕامالێنی زەوی کشتوکاڵی یان گواستنەوەی خۆڵەکەی بە مەبەستی بەکارهێنانی لە غەیری زەوی کشتوکاڵی و، تەخت کردنەوەی زەوی یان گواستنەوەی خۆڵەکەی بە مەبەستی چاککردنی یان پاراستنی پیتدارییەکەی بە ڕامالێن نا ژمێردرێت.

**ماددەی بیست ونۆیەم:**

پێویستە لەسەر هەموو کەسێك پابەند بێت بە نەخشەی بنچینەیی ناوچەکانی شارستانی و پاراستنی زەوی لە ڕاکشانی ئاوەدانکاری (الزحف العمراني)، وپێویستە فەرمانگەکانی پلاندانانی ئاوەدانکاری، بەڵگەکانی پێویست بۆ بەدەست هێنانی ڕەزامەندی وەزارەت لەسەر نەخشەو نەخشەسازی و گۆڕانکاریەکان لە ڕەگەزی زەویەکان پێشکەش بکەن.

**ماددەی سییەم:**

وەزارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنەکانی پەیوەندیدار، مەرجەکانی ژینگەیی گونجاو بۆ چالاکیەکانی گەڕان و کانزاو کانی بەردو بەرد شکێنەرو غەسالەو مەنجەم و دەرهێنانی سامانی نەوتی، و شتی دیکەش دادەنێ، بە شێوەیەك پاراستنی سەرچاوەکانی سروشتی لە هەرێمدا لە پیسبوون و بە بێ هوودە ڕۆیشتن مسۆگەر بکات.

## بەشی چوارەم:

## پارێزگاری کردن لە هەمەجۆری گیانلەبەرەکان

### ماددەی سی و یەکەم :

بە مەبەستی پاراستنی سروشت و پاراستنی لە بەبیابانبونی و بەرەنگار بوونەوەی و پارێزگاری کردن لە رەگەزی ئاژەڵی و رووەکی ومایەی ژیانیان ئەمانە خوارەوە قەدەغە دەکرێن:

یەکەم : هەرکارو چالاکیەك ببێتە هۆی لە ناوبردن و هەڕەشەکردن لە ڕەگەزەکانی ئاژەڵ و ڕووەك.

دووەم : ڕاوکردنی ماسی و مەل و ئاژەڵ لە وەرزەکانی جووتبوون وزاوزێ کردنیاندا.

سێیەم : ڕاوکردنی ماسی و مەل و ئاژەڵ بە هۆی بەکارهێنانی تەقەمەنی یان ژەهر یان تەزووی کارەبا یان هەر ڕێگەیەکی دیکەی ڕاوکردنی ستەمکارانە.

چوارەم : بڕین و دەرهێنان و نەهێشتنی دارو نەمام و، ڕووەك و گیای سـەر زەوی و ئاوی لە موڵکی گشتی دا.

پێنجەم : ڕاوکردن یان کوشتن یان گرتن یان دەست بەسەرداگرتن یان گواستنەوەی ئەو مەل و ئاژەڵانەی هەڕەشەی نەمانیان لەسەرە و گەڕاندنیان و خستنە ڕوویان بۆ فرۆشتن یان خراپکردنی هێلانەکانیان یان شکاندنی هێلکەکانیان.

**ماددەی سی و دووەم :**

پێویستە وەزارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان و لایەنە دەرەکییە پەیوەندیدارەکان، باخچەو پارێزراوی سروشتی و سەیرانگای گشتی دروست بکەن و ئەو شوێنە سروشتیانە بپارێزن کە ڕەهەندێکی کەلتووریان هەیە.

**ماددەی سی وسێیەم:**

بۆ هەموو کەس یان لایەنێك قەدەغەیە،کارێك بکات ببێتە هۆی زیان گەیاندن، یان دەستکاریکردنی ڕەهەندە سروشتی یان جوانی یان کەلتووریەکانی ئەو پارێزراوە سروشتیانە، یان باخچە و سەیرانگا گشتیەکان.

**بەشی پێنجەم**

**بەڕێوەبردنی خاشاك و ماددە ترسناکەکان**

**ماددەی سی و چوارەم :**

نابێ هیچ کەسێك هەڵسێت بە دروست کردن یان عەمبارکردن یان ژێر زەوی خستن یان سوتاندن یان نقووم کردن یان بەکارهێنان یان چارەسەرکردن یان خۆڵیێ رزگارکردن لە ماددە تیشکاوەرەکان یان هەر ماددەیەك یان پیسییەکی مەترسیداری شل یان رەق یان گازی ، تەنیا بە پێی ئەو رێنماییانە نەبێ کە وەزارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە بەرپرسەکان دەریان دەکات.

## ماددەی سی و پێنجەم :

ئەمانەی خوارەوە قەدەغەن:

یەکەم : هاوردنی خاشاکە مەترسیدارەکان کە زیان بە مرۆڤ و ژینگەی هەرێم دەگەیەنن.

دووەم : هاوردنی مادە مەترسیدارەکان بۆ هەرێم تەنیا بە ڕەزامەندی وەزارەت دەبێ.

سێیەم : تێپەڕینی خاشاك و ماددە ترسناکەکان بەناو هەرێمدا تەنیا بە ڕەزامەندی وەزارەت دەبێ.

## ماددەی سی وشەشەم :

نابێ ماددە ترسناکەکان بەرهەم بهێنرێت یان بگوازرێتەوە یان ئاڵوگۆڕی پێ بکرێ یان بهێنرێتە ناوەوە یان عەمبار بکرێ تەنیا دوای وەرگرتنی هەموو ئامادەکارییەکانی کە لە دەقی یاساو پێڕەوو ڕێنماییە بەرکارەکان هاتوون، بە جۆرێك ئەوە مسۆگەر بکرێ کە هیچ زیانێکی ژینگەیی لێ نا کەوێتەوە.

## بەشی شەشەم

## قڕکەرەکان و ئاوێتە کیمیاویەکان

### ماددەی سی وحەوتەم:

هاوردن و بەکارهێنان و ئاڵوگۆڕکردنی ئاوێتە کیمیاوییە قەدغە کراوە نێو دەوڵەتییەکان بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی ژینگەی عێراقیەوە قەدەغە دەکرێ.

### ماددەی سی وهەشتەم :

دروستکردن و هاوردن و رشاندن و ئالوگۆڕکردن و بەکارهێنانی قڕکەری زیندەوەرە زیان بەخشەکان یان هەر ئاوێتەیەکی کیمیاوی دیکە بۆ مەبەستەکانی کشتوکاڵی یان تەندروستی یان تەندروستی گشتی یان زۆر لە مەبەستەکانی دیکەش قەدەغەیە، تەنیا دوای لە بەر چاوگرتنی مەرج و بەرزەفتکاری و ئەو زەمانەتانەی کە پێڕەوو ڕێنماییەکانی بەپێی ئەم یاسایە دەرکراون دەستنیشانیان دەکات، بە جۆرێك پاراستنی هەموو پێکهاتەکانی ژینگە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەکاتی ئێستاو لە ئایندەدا لە کاریگەری زیانبەخشینی ئەم قڕکەرو ئاوێتە کیمیاویانە مسۆگەر بکات.

**ماددەی سی ونۆیەم :**

لیژنەیەك لە هەرێمدا دادەمەزرێت بایەخ بە تۆمارکردن و دیارکردنی قڕکەرەکان دەدات و لە لایەنە پەیوەندیدارەکان پێك دێت.

## بەشی حەوتەم

## ڕووبەڕووبوونەوەی کارەساتەکانی ژینگەیی

**ماددەی چلەم :**

ئەنجومەن بە هەماهەنگی لە گەڵ لایەنەکانی پەیوەندیدار پلانێکی گشتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کارەساتەکانی ژینگە دادەنێ و دەخرێتە بەرچاوی ئەنجومەنی وەزیران تا رەچاوی بکات و لەم نەخشەیەشدا ئەمانەی خوارەوە لە بەرچاو دەگیرێن:

یەکەم : ئەنجومەن کۆکردنەوەی زانیاری و پێڕەوەکانی کە لە ناوخۆ و نێودەوڵەتیدا باون لەبەر دەگرێتە خۆ، بۆ ڕووبەڕووبونەوەی کارەساتەکانی ژینگە و کەمکردنەوەی زیانەکانی.

دووەم :بە پێڕەو لیژنەیەك لەسەر ئاستی هەرێم بە سەرۆکایەتی سەرۆك وەزیران بۆ ڕووبەروو بوونەوەی کارەساتەکان و کەمکردنەوەی مەترسییەکان دادەمەزرێ، لایەنەکانی ناو لیژنەکەو ئەرکەکانی و میکانیزمی کارکردنی هەر یەکەیان لە پێش و لە کاتی و لە دوای ڕوودانی کارەساتەکە دەست نیشان دەکات.

سێیەم : تیمەکانی فریاکەوتن بۆ رووبەروو بوونەوەی کارەساتەکان بە رێنمایی ئەو لایەنانە پێك دەهێنرێن کە نوێنەریان لە لیژنە هەرێمایەتییەکەدا هەیە، کە لە بڕگەی (دووەمی ئەم ماددەیەدا) هاتووە و هەموو پێداویستییە نوێیەکانی لە میلاکی گونجاو و راهێنەر لە بواری بە رەنگاربوونەوەی ناکاویدا بۆ فەراهەم دەکرێ.

چوارەم : پۆلینکردنی کارەساتەکان بەگشتی و دیاری کردنی ئەرك و بەرپرسیاریەتی هەر لایەنێك بە بەخەبەردان لە ڕوودانی یان مەزەندەکردن بە ئەگەری روودانی و چۆنیەتی ڕووبەڕوو بوونەوەیدا.

پێنجەم : دامەزراندنی ژوورێکی عەمەلیاتی ناوەندی بۆ وەرگرتنی هەواڵەکان لەسەر کارەساتەکانی ژینگە و بەدواداچوونی پێشوازیکردن و ڕەوانەکردنی زانیاریە وردەکان لەوبارەیەوە بە ئامانجی کۆکردنەوەی تواناکانی پێویست بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی.

شەشەم: پێکهێنانی کۆمەڵەی کارکردن کە لە ژووری عەمەلییاتەوە پەیدابووە، بۆ بەدواداچوونی ڕووبەڕووبوونەوەی کارەساتەکانی ژینگە لەکاتی ڕوودانیدا یان مەزەندەکردن بە ڕوودانی و ، سەرۆکی کۆمەڵەی کارکردن هەموو دەسەڵاتەکانی پێویستی هەیە بۆ ڕووبەرووبوونەوەی کارەساتەکانی ژینگە بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

## دەروازەی چوارەم

## حوکمە سزاییەکانی

### ماددەی چل ویەکەم:

بۆ وەزیر یان ڕێپێدراوەکەی هەیە، هەر دامەزراوێك یان پڕۆژەیەك یان هەر لایەنێك یان سەرچاوەیەکی پیسکردنی ژینگە ئاگاداربکاتەوە، بۆ لابردنی فاکتەری کاریگەر و زیانبەخش بە ژینگە لەماوەی دە ڕۆژدا لە ڕێکەوتی ئاگادارکردنی بە ئاگاداریەکە، ولە حاڵەتی مل نەدان وەزیر بۆی هەیە کارەکە ڕابگرێ یان دایبخات و بە شێوەیەکی کاتی ڕەزامەندی ژینگەیی بکێشێتەوە تاوەکو چارەسەری پیسبوونەکە دەکرێ و ئەوەش بەپێی ڕێنمایی ڕیکدەخرێ.

### ماددەی چل و دووەم :

یەکەم : لەگەڵ سەرپێچی نەکردنی هیچ سزایەکی توند کە لە دەقی یاساکانی دیکەدا هاتبێ، سەرپێچی کەری حوکمەکانی ئەم یاسایە و سیستەم و ڕێنماییەکانی کە بە پێی ئەوەوە دەرکراون، بەبەندکردن سزا دەدرێن بۆ ماوەی لە مانگێك کەمتر نەبێت یان بە غەرامەیەك لە(١٥٠,٠٠٠) سەدو پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (٢٠٠,٠٠٠,٠٠٠) دووسەد ملیۆن دینار پتر نەبێت، یان بە هەردوو سزاکان سزا دەدرێت.

دووەم : هەرجارێك سەرپێچیەکە دووبارە بکرێتەوە سزاکە دوو بەرامبەر دەکرێتەوە.

سێیەم : وەزیر یا ڕێپێدراوەکەی لەوانەی کە فەرمانەکەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت، بۆی هەیە غەرامە یەك بسەپێنێ لە (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (١٠,٠٠٠,٠٠٠) دە ملیۆن دینار پتر نەبێت، بۆ هەر کەسێك سەرپێچی لە حوکمەکانی ئەم یاسایە و پێڕەو و ڕێنماییەکانی بەو پێیەوە دەرکراون بکات.

**ماددەی چل وسێیەم :**

سەرپێچیکەر لە حوکمەکانی برِگە (یەکەم و دووەم و سێیەم)ی ماددەی (٣٥)ی ئەم یاسایە بە زیندانیکردن سزا دەدرێت و ماددەو خاشاکە ترسناکەکان بگەڕێنێتەوە شوێنی جارانیان یان بە ڕێگەیەکی بێ زیان خۆی لێیان ڕزگار بکات لەگەڵ قەرەبووکردنەوەدا.

## دەروازەی پێنجەم

## حوکمە کۆتاییەکان

**ماددەی چل وچوارەم:**

ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە لەسەر پێشنیاری وەزارەت پێڕەوی پێویست بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی چل و پێنجەم:**

وەزیر بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی چل وشەشەم:**

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**ماددەی چل و حەوتەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی چل وهەشتەم:**

ئەم یاسایە دوای تێپەڕبوونی ٩٠ رۆژ لە مێژووی بلأوکردنەوەی لەڕۆژنامەی فەڕمی (وەقائعی کوردستان) دا جێبەجێ دەکرێ.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان–عێراق**

## هۆکارە پێویستیەکانی دەرچواندنی ئەم یاسایە

لەبەر ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخ بە مافی مرۆڤ دەدات تاکو لە ژینگەیەکی پاك و دروست و سەقامگیردا بژی و لە پێناو پاراستنی هەرێم لە پیسی بە هەموو شێوەو جۆرە جیاوازەکانییەوە و دەستەبەر کردنی ژیانی زیندەوەرەکان لە ژینگەیەکی دروست وپاك وخاوێنداو بۆ ئەوەی بنەماکانی پاراستنی ژینگە لە پلانی گەشەپێدانی مرۆیی و ئابووری و کۆمەلأیەتی و هاندانی گەشەپێدانی بەردەوامی سەرچاوەکانی ژیاری بە شێوەیەك مافی نەوەکانی ئێستا و داهاتوو لەبەر چاوبگرێ و پارێزگاری لە جۆرەکانی زیندەوەر و تەندروستی سروشت و بەروبوومە سروشتییەکانی هەرێم و دەرامەتە ئابوورییەکانی بکات و لە هەر زیانێك بیپارێزێ کە لە چالاکییە پیشەسازی یا کشتوکاڵی یا ئاوەدانکردنەوە و هی دیکە روودەدات و، لە پێناو بلأوکردنەوەی هۆشـــــیاری و رۆشـــــنبیری ژینگەیی و بۆ پلە بەندکردنی حوکمە ســــــزاییەکان. ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

بلأو کراوەتەوە لەڕۆژنامەی و قائعی کوردستان ژمارە( ٩٠ ) لە رێکەوتی ٨\١١\٢٠٠٨

## ٢- ڕێنماییەکانی سندوقی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان – عیراق ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠٠٩

ئێمە ئەندامانی ئەنجومەنی پاراستن و باشترکردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان

پشتبەستوو بە ئەحکامی مادەی (دەیەم) لە یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠٠٨، و لە پێناو جێبەجێکردنی ئەو ئامانجانەی کە مادەی ئاماژەپێکراو دەیانگرێتەوە بەگوێرەی دەسەڵاتەکانی پێسپێرراو بە ئێمە و بەگوێرەی بڕگەی (چوارەم) لە مادەی دەیەم بۆ دیاریکردنی ڕێوشوێنەکانی تایبەت بە پێکهێنانی سندوقی پاراستن و چاککردنی ژینگە و دانان و هەڵگرتن و خەرجکردن و بوارەکانی خەرجکردنی پارەکان، ئەمانەی خوارەوەمان ڕاگەیاند:

**ماددەی یەکەم :**

**( پێناسەکان )**

ئەم وشانەی خوارەوە لەهەر شوێنێکی دەقەکانی ئەم ڕێنماییەدا هاتبێ، ئەو مانا تایبەتیانە دەگەیەنێت کەلەخوارەوە بۆی دیاری کراوە ئەگەر هیچ ئاماژەیەك نەبێت بۆ مانایەکی دیکە :

١. هەرێم: هەرێمی کوردستانی عیراق.

٢. سەرۆك: سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕی سندوقی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان.

٣. جێگیری سەرۆك: بریکاری وەزارەتی ژینگە (یان بریکاری هونەریی لەکاتێکدا ئەگەر وەزارەت زیاتر لەبریکارێکی هەبوو ) لەکاتی ئامادە نەبوونی سەرۆك جێگای دەگرێتەوە .

٤. ئەنجومەن: ئەنجومەنی بەرێوەبردنی سندوقی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان.

٥. سندوق: سندوقی پاراستن و چاککردنی ژینگەلە هەرێمی کوردستان.

٦. بەڕێوەبەری گشتی: بەڕێوەبەری گشتی سندوق.

٧. دەزگای جێبەجێکردن: پێکهاتە ئیدارای و هونەرییەکانی سندوق.

٨. کۆبونەوە: هەر کۆبونەوەیەکە (ئاسایی و نائاسایی) کە ئەنجومەن گرێی دەدات.

٩. پشتیوانەکان: ئەوانەی بڕی گەورەی پارە دەبەخشن ، کەدواتر ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە دیاری دەکات..

**ماددەی دووەم:**

**( ئامانجەکانی سندوق )**

داهاتەکانی سندوق بە پێی ئەولەویاتی ژینگەیی دەکرێت بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوە:

١- کۆمەك کردنی  پرۆژە ژینگەییە بەردەوامەکان.

٢- کۆمەك کردنی ئەو چالاکییانەی بەشداری لە پاراستنی ژینگەدا دەکەن.

٣- هاندانی داهێنان و دۆزینەوە لە بوارە ژینگەییەکاندا.

٤- کۆمەك کردنی ئەو توێژیینەوە و لێکۆڵینەوانەی کە ئامانجیان هێنانەدی بەرهەمی پاکترە.

٥- بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و پەروەردەی ژینگەیی لەناو سەرجەم چینەکانی کۆمەڵگەدا.

٦- کۆمەك کردنی کۆمەڵە ژینگەییە ناو خۆییەکان.

٧- کۆمەك کردنی ئەو دەست پێشخەرییانەی ئامانجیان ڕێنماییکردنی بەکارهێنانی سەرچاوە سروشتیەکانە بەو شێوەیەی پەرەپێدان بەردەوام بەدی بهێنێت.

٨- هاندانی وەبەرهێنان لە بواری تەکنەلۆجیاکانی دۆستی ژینگە.

٩- ڕووبەڕوبونەوەی کارەساتە ژینگەییەکان.

١٠- دامەزراندن و بەڕێوبردنی ناوچە پارێزراوەکان.

١١- دامەزراندن و دانان و بەکارخستنی تۆڕەکانی چاودێری ژینگەیی.

١٢- ڕاهێنان و ئامەدەکردنی کادری ژینگەیی.

١٣- هەر جۆرە چالاکییەکی تر کە ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە پێی وایە خزمەتی ئامانجەکانی سندوقەکە دەکات.

**ماددەی سێیەم:**

یەکەم: پێکهاتەیەك لە هەرێم بەناوی سندوقی پاراستن و چاککردنی ژینگە لەهەرێمی کوردوستاندا پێکدەهێنرێت وە سەرۆکی ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە ئەندامانی ئەنجومەنی بەڕێوبردنی سندوقەکە دیاری دەکات دوای رازی بونی زۆرینەی ئەندامەکان بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- سەرۆکی ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە دەبیتە سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندوق.

٢- سەرۆك یەکێك لە بەڕێوبەرە گشتیەکان لە وەزارەتی ژینگە ڕادەسپێرێت بۆئەرکی بەڕێوبردنی سندوقەکە سەرەڕای ئەرکەکانی خۆی.

٣- چوار ئەندام لەو وەزارەتانەی ئەندامن لە ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە بە پلەیەك کە لە بەڕێوبەری گشتی کەمتر نەبێت.

٤- نوێنەرێك لەو ڕێکخراو و کۆمەڵە ناحکومییە ناوخۆییانەی کە بایەخ بە ژینگە دەدەن و ئەنجومەن دیاری دەکات

٥- نوێنەرێك لەکەرتی تایبەت / بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندی دارەکان دیاری دەکرێت.

٦- نوێنەرێك یا زیاتر لە پشتیوانەکان (ئەندامی فەخرین)

دووەم: لە کاتی ئامادەنەبونی سەرۆك جێگرەکەی شوێنی دەگرێتەوە.

سێیەم: سەرۆك ماف ئەوەی هەیە یەکێك لە فەرمانبەرانی وەزارەتەکەی دیاری بکات بۆ ئامادەبوون - بەشێوەیەکی هەمیشەیی - لەکۆبونەوەکانی ئەنجومەن وەکو سکرتێر بەبێ ئەوەی ماف دەنگدانی هەبێت.

چوارەم: ئەنجومەن بۆی هەیە بانگێشتی هەر کەسێکی شارەزا و پسپۆڕ بکات بۆسود وەرگرتن لە ڕاو بۆچوونی .

پێنجەم: کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی بەڕێوبردنی سندوق مانگانە دەبێت و دەکرێ کۆبونەوەی نائاسایی گرێ بدرێت لەکاتی پێویستدا.

شەشەم: بڕیارەکان بە زۆرینەی دەنگ دەردەکرێن، لە کاتی یەکسان بونی دەنگەکاندا ئەو لایەنەبراوە دەبێت کە دەنگی سەرۆکیان لەگەڵدایە .

حەوتەم: وێنەیەك لە کۆنوسی کۆبونەوەکان دەنێررێت بۆ ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە بە مەبەستی بەدواداچون.

هەشتەم: ماوەی ئەندامێتی ئەندامانی ئەنجومەنی بەڕێوبردنی سندوق دوو ساڵە دەشێ نوێبکرێتەوە دوای ڕازیبوونی سەرۆکی ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە جگە برگەی (٤) و (٥) لە ماددەی سێیەم کە ماوەی ئەندامێتی بە (٦) مانگ دیاریکردوە (دەشێ نوێبکرێتەوە).

نۆیەم: سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوبردنی سندوق بۆی هەیە هەرئەندامێك لابدات کەنەتوانێ ئەرکەکەی خۆی ئەنجامبدات یا لە (٣) کۆبونەوەی ساڵانە ئامادە نەبێت بەبێ بیانویەکی گونجاو دوای ئەوەی بڕیار لە لایەن سەرۆکی ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە دەردەچێت.

دەیەم: ئەندامێکی دیکەی لەجێ دادەنرێت بەپێی ئەو بڕگانەی کە لە خاڵی یەکەمدا هاتووە.

یانزەیەم: پێویستە ڕەچاوی هاوسەنگی نوێنەرایەتی پشتیوانەکان بکرێت.

## ماددەی چوارەم:

سندوق کەسایەتیەکی مەعنەوی دەبێت و دارایی و بەڕێوبەرایەتییەکی سەربەخۆی دەبێت.

## ماددەی پێنجەم:

سندوق بودجەی تایبەت بە خۆی دەبێت و داراییەکەی بە دارایی گشتی لە قەڵەم دەدرێت. سندوق بودجەی سەربەخۆی دەبێت وساڵی دارایی سندوق لە ڕۆژی یەکەمی مانگی کانونی دووەمی هەموو ساڵێك دەستپێدەکات و بە کۆتایی هاتنی لە ڕۆژی سی و یەکەمی مانگی کانونی یەکەمی هەمان ساڵ کۆتایی دێت بەجۆری یەکەم ساڵی دارایی سندوق لە بەرواری دەست بەکاربونی سندوق دەست پێدەکات لەدوای کارپێکردنی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییانەو کۆتایی هاتنی دەوامی ڕۆژی سی و یەکەی مانگی کانونی یەکەمی ئەو ساڵە.

## ماددەی شەشەم:

**( داهاتەکانی سندوق )**

داهاتەکانی سندوق لەم سەرچاوانەی خوارەوە پێکدێن:

١- ئەو بڕە پارانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان تەرخانی دەکات.

٢- ئەو بڕە پارانەی کە حکومەتی فیدڕاڵ تەرخانی دەکات.

٣- ئەو بڕە پارەیەی کە لە بودجەی پارێزگاکان تەرخان دەکرێت.

٤- ئەو یارمەتی و بەخشینانەی لەلایەن حکومەت و دەستەو کۆمەڵە و ڕێکخراوە بیانی و ناوخۆییەکان و تاکی عێراقی و بیانی دەبەخشرێت.

٥- ئەو کرێ و ڕەسم و باجە دارایی ژینگەییانەی بە پێی یاسا کارپێکراوەکان وەردەگیرێن.

**ماددەی حەوتەم:**

ئەو بڕە پارانەی لەبەرامبەر زیان گەیاندن بە ژینگەی هەرێم وەردەگیرێت لە و سندوقەدا هەڵدەگیرێت.

**ماددەی هەشتەم :**

ڕەزامەندی ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە مەرجە بۆ ڕەزامەندی لەسەر پلانی ساڵانە و بەرنامەکانی جێبەجێکردنی سندوقەکە.

**ماددەی نۆیەم :**

**( ئەرك و دەسەڵاتەکانی ئە نجومەن )**

١-ئامادەکردنی پەیکەری (هیکل) ی سندوق.

٢-دانانی ئەولەویات بۆ سندوق بەپێی ئەولەویاتی ژینگەیی هەرێم.

٣-بەستنی ئەو گرێبەستانەی کە ئەرکەکانی سەرشانی پێویستی دەکات .

٤-بەرزکردنەوەی سکاڵا و دادگایی کردنی کەسانی ڕاستەقینە و مەعنەوی لەبەردەم دادگاکان.

٥-بەدواداچونی پرۆژەکانی تایبەت بە سندوق.

٦-دامەزراندنی فەرمانبەران و بەردەست و دیاریکردنی مافەکانیان و کۆتایی پێهێنانی بە خزمەتەکانیان و گرێبەست لەگەڵ هەر پسپۆڕو هونەرییەکدا شارەزا یان تەکنیکاران بەپێی گرێبەستی تایبەتی.

٧-دانانی ڕێنماییەکانی ڕێکخراوەیی پێویست بۆ چالاکی سندوق.

٨-پێکهێنانی لیژنەکان.

٩-بەدواداچونی برگەی (٥) لە مادەی شەشەم.

١٠-.مەرجە ڕەزامەندی ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە وەربگیرێت لەسەر هەیکەل و سیاسەتی گشتی و پلان و بەرنامەی کاری سندوق لە پێش دەستکردن بە جێبەجێکردن.

١١-بەرزکردنەوەی بڕیارەکانی ئەنجومەن و ڕاپۆرتە خولییەکان بۆ ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە.

١٢-هەر ئەرکێکی تر کە سروشتی کاری سندوقەکە پێویستی دەکات.

**ماددەی دەیەم :**

## ئەرك و دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبەری گشتی

بەڕێوەبەر ئەم ئەرك و دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە:

ا- جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە گشتییەی کە ئەنجومەن بڕیاری لەسەرداوە بۆ چالاکی و پلان و بەرنامەکانی سندوق.

ب–جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی کە ئەنجومەن دەری دەکات.

ج–بەڕێوبردنی کارەکانی سندوق و کارئاسانی کردنی کاروباری ڕۆژانەی.

د–نوێنەرێتی کردنی سندوق لە بەرامبەر کەسانی تر بەپێی ئەوەی ئەنجومەن دیاریدەکات.

هـ–ئامادەکردنی پرۆژە میزانیەی ساڵانە و ژمێریاری کۆتایی و ڕاپۆرتی وەرزی و ساڵانەی سندوق و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەن.

و–ئامادەکردنی پێوەر و ئالییەت بۆ بەدەست هێنانی پاڵپشتی دارایی و هونەری و دیاریکردنی بنەماکانی خەرجکردنی پارە لە سندوق و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەن.

ز–هەوڵ دان بۆ بە دەستکەوتهێنانی ئەو بەخشین و سەرچاوە داراییانەی تر کە ئامانجە ژینگەییەکان بەدی دەهێنێت.

ح–پێشنیاری پەیکەری ڕێکخستن بۆ دەزگای ڕاپەڕاندنی سندوق و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە بۆ بڕیار لەسەردان و پشت پێبەستنی.

ط–بەڕێوبردنی دەزگای ڕاپەڕاندن و دارایی سندوق و سەرپەرشتکردنی کارەکانی فەرمانبەران و کارمەندان و زامنکردنی باش بەڕێوەچوونی کارەکان تێیدا.

ی–بەرزکردنەوەی ڕاپۆرت و توێژینەوە و پێشنیازی پەیوەست بەکاری سندوق بۆ ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە بۆ بڕیار لەسەردان .

ك– ڕێکخستنی کۆبونەوەکان و ئامادەکردنی کۆنووسەکان و بەرزکردنەوەی بۆلایەنە پەیوەندیدارەکان.

ل– هەرئەرکێکی تر کەئەنجومەن دەیخاتە ئەستۆی یا پێی ڕادەسپێرێ.

م– خەرج کردنی پاداشت بۆ کارمەندانی سندوق دوای ڕەزامەندی سەرۆك.

**ماددەی یازدەهەم :**

ئەنجومەن مافی تۆمارکردنی خاوەندرایّتی بیرۆکە( الملكيه الفرديه ) و بڕوانامەی داهێنانی لەبوارە ژینگەییەکاندا هەیە و گەشەپێدەدرێت لە ڕێی ئەو چالاکیانەی پارەی بۆ خەرج دەکرێت .

**ماددەی دوازدەهەم :**

ئەنجومەن ژمێرکاری تۆمارەکانی خۆی ڕێکدەخات بەپیێ بنەما ژمێرکارییە پشت بەستراو و ناسراوە جیهانییەکان و دەکەوێتە ژێرووردبینی دیوانی چاودێری دارایی بەجۆرێ کە ئەنجومەن ڕاپۆرتی سالآنە و داتاکانی دارایی کۆتایی بەرزدەکاتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە کە لە ماوەیەك زیاتر نەبێت لە ٩٠ ڕۆژ دوای کۆتایی هاتنی ساڵی دارایی .

**ماددەی سێزدەهەم :**

لەکاتێکدا ئەنجومەن نەتوانێت ئامانجەکانی بەدی بهێنێت بەهۆی کەمی داراییەوە ، پێویستە لەسەر ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە کە ڕاسپاردەیەك بەرزبکاتەوە

بۆ ئەنجومەنی وەزیران سەبارەت بەپێوستی دابین کردنی دارایی پێویست بۆ ئەوەی ئەنجومەن بتوانێ بەئەرکەکانی خۆی هەڵسێ و ئامانجەکانی خۆی بەدی بهێنێ.

**ماددەی چواردەهەم :-**

لەکاتی هەڵوەشانەوەی ئەنجومەن لەبەرهەرهۆیەك ، هەموو داراییەکانی گوستراوە و نەگواستراوە دەبێتە موڵکی وەزارەتی ژینگە.

**ماددەی پازدەهەم :**

ئەم ڕێنماییە لەبەرواری دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە وقایعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە

**دارا محمد امين سعيد**

**وەزیری ژینگە**

**سەرۆکی ئەنجومەنی**

**پاراستن و باشترکردنی ژینگە.**

بڵاوکراوەتەوە لەڕۆژنامەی وەقائع کوردستان ژمارە (١٥١)، لەڕێکەوتی ٢٠٠٩/٠٦/٢٢.

## ٣. یاسای دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لەهەرێمی کوردستان- عێراق

## ژمارە (٣) ساڵی ٢٠١٠

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم زاراوەو گوزارشتانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

**یەکەم:** هەرێم:هەرێمی کوردستان– عێراق.

**دووەم:** دەستە: دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لەهەرێمدا.

**سێیەم:** ئەنجومەن: ئەنجومەنی دەستە.

**چوارەم:** سەرۆك: سەرۆکی دەستە.

**ماددەی دووەم:**

بەپێی ئەم یاسایە دەستەیەك دادەمەزرێ بەناوی (**دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لەهەرێمی کوردستان-عێراق**) کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و کارگێری خۆی هەیە و لەڕوی کارگێڕیەوە بەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەبەسترێتەوە.

**ماددەی سێیەم:**

ئامانجی دەستە ئەمانەی خوارەوەن:

**یەکەم:** پاراستن و چاککردنی ژینگە و پەرەپێدانی بۆ ڕێگەگرتن لەپیس بونی و پارێزگاری کردن لەپاکو خاوێنی و جوانیەتی هەرێم.

**دووەم:** پاراستنی ژینگە و تەندروستی گشتی لە مەترسیەکانی چالاکی و کاری زیانبەخش بەژینگە و مرۆڤ.

**سێیەم:** نەهێشتن و چارەسەرکردنی ئاسەوارەکانی چەکی کیمیایی و تەقیوەکان بەهاریکاریکردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ پاککردنەوەی کێڵگەکانی مین و پاشماوەکانی چەك و تەقەمەنی کە دەبنە مایەی پیسبونی ژینگە.

**چوارەم:** بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ژینگەیی و پتەوکردنی هەستی بەرپرسیاریەتی تاك و کۆمەڵ بۆ پاراستنی ژینگە و باشکردن و کاراکردنی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و هاندانی ئەرکی خۆبەخشین لەو بوارەدا.

**ماددەی چوارەم:**

دەستە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەم ئەرکانە لەئەستۆ دەگرێت:

**یەکەم:** پێشنیازکردنی سیاسەتی گشتی پاراستنی ژینگە لەپیس بوون و کارکردن لەپێناو چاککردنی جۆرەکەی و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆ پەسەندکردنی.

**دووەم:** دانانی پلانی ساڵانە و مامناوەندی و درێژخایەن بۆ پاراستنی ژینگە و چاکردنی.

**سێیەم:** دەرچواندنی ڕێنمایی تایبەت بەسنوردارکردن و مەرجەکان و زانیاریی ژینگەیی پێویست و چاودێری کردنی سەلامەتی ژینگە بۆ پڕۆژەکان و سەلامەتی و دروستی جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییانە لەگەڵ ڕەچاوکردنی بەڵێن و پەیمانە نێودەوڵەتیەکان بۆ پاراستنی ژینگەو یاسا کارپێکراوەکان.

**چوارەم:** ئەنجامدانی ڕوپێو و پشکنینەکانی پەیوەست بەپیسبونی ژینگە و ئەو هۆکارانەی کە کاریگەرییان لەسەر سەلامەتی ژینگە و ئامادەکردنی نەخشە ژینگەیەکان هەیە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکاندا.

**ماددەی پێنجەم:**

**یەکەم:** دەستە سەرۆکێکی دەبێ بەپلەی تایبەت و خۆی سەرۆکی بالآیەتی و بەرپرسە لەکارەکانی و ئاراستەکردنی سیاسەتەکانی و سەرپەرشتی و چاودێری کردنی و هەموو بڕیارو فەرمان و ڕێنماییەکانی پەیوەندییان هەبێت بە ئەرکەکانی دەستەو دەسەڵاتەکانی و هەموو کاروبارێکی هونەریی و دارایی و کارگێڕی بەپێی حوکمەکانی یاسا لەوەوە دەردەچن و بەسەرپەرشتی ئەو جێبەجێ دەکرێن و خۆی بەرپرسە لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیراندا.

**دووەم:** ئەوەی بەسەرۆکی دەستە دادەمەزرێ دەبێت ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا هەبێت:

١–دەبێ هاوڵاتیانی هەرێم بێت و دانیشتوی بێت.

٢–دەبێ بڕوانامەی بەرایی زانکۆی بەلانی کەم هەبێ و لەبواری پسپۆڕییەکەی خۆی لێهاتوویی و شارەزایی هەبێت.

٣-خوو و ڕەوشتی باش بێ و بەتاوانی جینایەت یان کەتنی لەکەدار بەشەرەف حوکم نەدرابێ.

٤-بەشداری لەو تاوانانە نەکردبێت کە دەسەلاتی داپلۆسێنەر ئەنجامی دابن.

**سێیەم**: سەرۆك بە فەرمانی هەرێمی و لەسەر پالاوتنی ئەنجومەنی وەزیران دادەمەزرێت.

**ماددەی شەشەم:**

**یەکەم:** دەستە لەم فەرمانگانەی خوارەوە پێکدێت و هەر فەرمانگەیەکیش لەوانە لەلایەن فەرمانبەرێکەوە بەڕێوەدەچێت کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی لەبواری پسپۆڕیی فەرمانگەکەدا هەبێ و ژمارەیەك فەرمانبەر یاریدەی دەدەن:

١-فەرمانگەی کارگێری و دارایی و یاسایی.

٢-فەرمانگەی هۆشیارکردنەوەی ژینگەیی و ڕاگەیاندن.

٣-فەرمانگەی کاروباری هونەری.

٤-فەرمانگەکانی ژینگە لەپارێزگاکانی هەرێمدا.

**دووەم:** ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە بەهەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکی دەستە هەر فەرمانگەیەك لە نوێ دابمەزرێنێت یان لێکیان بدات یان هەڵیان بوەشێنێتەوە ئەمەش لەچوارچێوەی پێکهاتەکانی دەستەو بەپێی پێویستی کارەکانی.

**ماددەی حەوتەم:**

**یەكەم:** دەستە ئەنجومەنێكی دەبێت بەسەرۆكایەتی سەرۆكی دەستە و لەمانەی خوارەوە پێكدێت:

١–نوێنەری ئەم وەزارەتانەی خوارەوە كە لەپلەی بەڕێوەبەری گشتی كەمتر نەبێت:

أ–وەزارەتی ناوخۆ.

ب– وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار.

ج– وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی.

د– وەزارەتی پلاندانان.

هـ– وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوە ئاوییەكان.

و– وەزارەتی تەندروستی.

ز– وەزارەتی بازرگانی و پیشسازی.

ح– وەزارەتی سامانە سروشتیەكان.

ط– وەزارەتی كارەبا.

ی– وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن.

ك- وەزارەتی پەروەردە.

ل- وەزارەتی پێشمەرگە.

م- وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان.

ن- وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی.

٢-أ- دوو ئەندام لەشارەزا و پسپۆڕانی بواری پاراستنی ژینگە بەبریاری سەرۆکی دەستە.

ب-نوێنەرێك لەلیژنەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لەپارێزگاکانی هەرێم.

**دووەم:** سەرۆکی دەستە بۆی هەیە لەکاتی پێویستدا نوێنەری وەزراەتەکانی دیکە و ئەو لایەنانەش بانگ بکات کە بەوەزارەتەوە نەلکاون تا بەشداری لە کۆبونەوەکانی ئەنجومەندا بکەن بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت.

**سێیەم:** ئەنجومەن مانگانە کۆدەبێتەوە و سەرۆك بۆی هەیە لەکاتی پێویست بانگێشت بۆ کۆبونەوەی نائاسایی بکات و بریارەکان بەزۆرینەی ژمارەی ئامادەبوان دەردەچن و لەبارێکدا گەر دەنگەکان یەکسان بون ئەو لایەنە پەسند دەکرێت کە سەرۆك دەنگی بۆ داوە، لەسەر ئەنجومەنیشە ڕاپۆرتی سالأنە لەسەر بارودۆخی ژینگە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەرزکاتەوە.

**ماددەی هەشتەم:**

**یەکەم:** لەهەر پارێزگایەك لیژنەیەك بەسەرۆکایەتی پارێزگار یا ئەوەی جێی دەگرێتەوە و ئەندامیەتی نوێنەری ئەو وەزارەتانەی کە لەبڕگەی یەکەمی ماددەی حەوتەمدا

دەست نیشان کراون لەگەڵ بەڕێوەبەری فەرمانگەی ژینگە لە پارێزگا پێك دەهێنرێ و پێی دەگوترێ ((لیژنەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لەپارێزگا)).

**دووەم:** جێ بەجێ کردنی ئەو حوکمانەی کە هاتووە لە ماددەی حەوتەمی ئەم یاسایە لەسەر کۆبونەوەکانی لیژنەی پارێزگا، تایبەت بە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی دەستە.

**ماددەی نۆهەم:**

ئەرك و دەسەڵاتەکانی پێکهاتەی دەستە بەپێرەو دەستنیشان دەکرێن.

**ماددەی دەهەم:**

سەرۆکی دەستە بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی یازدەهەم:**

**یەکەم:** حوکمەکانی یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لەهەرێمی کوردستان ژمارە(٨) ی ساڵی ٢٠٠٨ وەك خۆی جێبەجێ دەکرێ ئەگەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك نەبن و گوزارشتی ((سەرۆکی دەستە))ش جێگای ((وەزیر)) و گوزارشتی((دەستە)) جێگای ((وەزارەت))دەگرنەوە لە هەر شوێنێکی ناوبراودا هاتبن.

**دووەم:** کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ.

**ماددەی دوازدەهەم:** پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**ماددەی سێزدەهەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لەڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێ.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان–عێراق**

((**هۆیە پێویستیەکانی دەرچواندنی**))

بەمەبەستی پاراستنی ژینگە و پارێزگاری کردن لەتەندروستی گشتی و سەرچاوە سروشتیەکان و هەمە جۆری زیندەوەریی و بەدواداچونی ئەو هۆکارانەی کار دەکەنە سەر سەلامەتی گشتی و لابردن و چارەسەرکردنی ئاسەوارەکانی چەکی کیمیایی و ئەو مادادنەی کە دەبنە هۆی پیسبونی ژینگە و بڵاوبونەوەی هۆشیاری ژینگەیی و رۆشنبیری ژینگەیی لەهەرێمی کوردستان پێویستی کرد دەستەیەك دابمەزرێ تاکو ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆ بۆیە ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

بڵاو کراوەتەوە لەرۆژنامەی وەقائعی کوردستان ژمارە (١١٤)لە ٢\٨\٢٠١٠

# بەشی دووەم:- یاساکانی تایبەت بە توخمەکانی ژینگە

## دەروازەی یەکەم

## یاساکانی تایبەت بە توخمە نازیندووەکان (خاك ، ئاو ، هەوا)

## یەکەم: یاساکانی تایبەت بە خاك

### ١ . یاسای ڕێکخستنی وەبەرهێنانی کانزایی ژمارە ( ٩١ ) ی ساڵی ١٩٨٨

### بەشی یەکەم

### پێناسە و زاراوەکان

**ماددەی یەکەم:-**

ئەم دەربڕینانەی لای خوارەوە، بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە، واتاکانیان بەرامبەریان هاتوە:

١. وەزارەت: وەزارەتی پیشەسازی و دروستکاری سەربازی.
٢. وەزیر: وەزیری پیشەسازی و دروستکاری سەربازی.
٣. دامەزراوەکە: دامەزراوەی گشتی بۆ ڕوپێویی جیۆلۆجی و لێکۆڵینەوەی کانزایی.
٤. بەڕێوەبەری گشتی: بەڕێوەبەری گشتی دامەزراوەی گشتی بۆ ڕوپێویی جیۆلۆجی و لێکۆڵینەوەی کانزایی.

٥. وەبەرهێنانی كانزایی: هەر كارێك بۆ ئامانجی وەبەرهێنانی كەرەستەی كانەكان و مەقلەعەكان لە حاڵەتە سروشتییەكەیاندا یان لە دوای چارەسەركردنیان.

٦. وەبەرهێن: لایەنی دەسەڵاتپێدراوە بۆ وەبەرهێنانی كەرەستەی مەقلەع یان كانەكان بەگوێرەی ئەم یاسایە.

٧. مەقلەع: شوێنی سروشتی كەرەستەی وەبەرهێنانە كە بەرد و كەرەستەی تری وەكو مەڕمەڕ و گەچ و چەو و بەردی كلسی یان لمیی و گرانیت و قوڕ و لم و خۆڵ و جۆری تری كەرەستەكانی تێدایە كە لە مەبەستەكانی بیناسازی بەكاردێت  لەسەر ڕووی زەوی یان لە ناخی زەویدا یان لە ئاوی هەرێمیدا یان لە ژێردا بن .

٨. كان: شوێنی سروشتی وەبەرهێنراو كە خاوی كانزایی وەكو ئاسن و فۆسفات و خوێ و كبریت و قوڕی دەستكرد یان هەر خاوێكی كانزایی كەڵك لێوەرگیراو بۆ مەبەستەكانی پیشەسازی لە خۆدەگرێت كە یان لەسەر ڕووی زەوین یان لە ناخی زەویدان یان لە ئاوی هەرێمیدا یان لە ژێردا بن .

**ماددەی دووەم :-**

١. دامەزراوەكە بەرپرسیارە لە سەرپەرشتیكردنی جێبەجێكردنی ئەم یاسایە و چاودێریكردنی وەبەرهێنانی مەقلەع و كانەكان لەسەرتاسەری وڵاتدا و كۆكردنەوە و پۆلێنكردن و یەكخستنەوەی زانیارییەكانی تایبەت بەم چالاكییانە بۆ مەبەستەكانی هاندان و ڕێبەری و ڕێنمایی وەبەرهێنان بۆ پارێزگاریكردن لە سامانی كانزایی و ژینگەیی.

٢. لیژنەیەكی هەمیشەیی لە دامەزراوەكەدا پێك دێت بە سەرۆكایەتی بەڕێوبەری گشتی و ئەندامێتی نوێنەران لە وەزارەتەكانی خوارەوە بۆ دیاریكردنی زەوی شیاو بۆ وەبەرهێنان وەكو مەقلەع:

أ. وەزارەتی بەرگری

ب. وەزارەتی نەوت

ت. وەزارەتی بەڕێوەبردنی خۆجێیی

پ. وەزارەتی كاشتوكاڵ و ئاودێری

ج. وەزارەتی تەندروستی

ح. وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن

خ. وەزارەتی نیشتەجێكردن و ئاوەدانكردنەوە

د. وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئاینی

ژ. وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن

لیژنەكە بەلایەنی كەمەوە ساڵی یەكجار یان لەسەر داوای یەكێك لە نوێنەری لایەنەكانی سەرەوە كۆبونەوەی دەوری ڕێكدەخات.

## بەشی دووەم

## قەدەغەکراوەکان

**ماددەی سێیەم :-**

نابێ زەوییەکانی خوارەوە بۆ وەبەرهێنانی کانزایی تەرخان بکرێن:

١. ناوچەیەك کە پێگەیەکی پیرۆزی تێدابێ یان گۆڕستانێکی گشتی لێبێ یان کەوتبێتە مەودای کەمتر لە پێنج سەد مەتر لەم ناوچانەوە تەنها بە ڕەزامەندی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەبێت. هەموو شوێنێك یان بینایەکی دینی بە پێگەی پیرۆز دادەنرێت کە لایەنێکی ئاینی دانپێدانراو سەرپەرشتی بکات.

٢. ئەو ناوچەیەی پێگەیەکی مێژویی تێدایە یان دەکەوێتە ناو مەودای کەمتر لە پێنج سەد مەتر دوری لێوەی تەنها بە ڕەزامەندی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەبێت، و هەموو ئەو شوێنانەی کە بە مێژویی ئەژمار دەکرێن بە پێگەی مێژویی دادەنرێن بەگوێرەی ئەحکامی یاسای شوێنەوار.

٣. زەوی پرۆژە کشتوکاڵیەکان و دارستان و شوێنی بەنداو و عەمباری ئاو و شوێنی تونێل و ئەو جۆگا سەرەکیانەی کە پێیاندەگەن تەنها بە ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیداری تایبەتمەند بە ڕەچاوکردنی مەرجە سەپێنراوەکان بۆ پاراستنی بەروبومی کشتوکاڵی و قەرەبووکردنەوە بەرامبەر ئەو زیانانەی پێیاندەگات.

٤. ئەو زەویانەی دەکەونە ناو یان دەرەوەی سنوری شارەوانی شارەکان تەنها بەگوێرەی پێوەری تایبەتی بە دیاریکردنی مەقلەع و کانەکان کە ئەنجومەنی ژینگەپارێزی دەریدەکات.

٥. ئەو زەوییانەی تەرخانکراون یان هەڵدەگیرێنەوە بۆ:

ا. هێڵی ئاسن به مەودای دوری کەمتر لە پێنج سەد مەتر لە هەر لایەکییەوە.

ب. ڕێگای گشتی به مەودای دوری کەمتر لە هەزار مەتر لە هەر لایەکییەوە.

ت. پردەکان و بە مەودای دوری کەمتر لە هەزار و پێنج سەد مەتر لێی، ئەوانەی ڕەزامەندی لایەنەکانی پەیوەندیدار بەدەستدەهێنن بەدەردەکرێن.

٦. زەوییەك کە خاوەندارێتیی بگەڕێتەوە بۆ لایەنە سەربازیەکان یان گرنگی سەربازی تایبەتی هەبێت مەگەر بە ڕەزامەندی لایەنەکە خۆی بێ.

٧. کێڵگەکانی نەوت و غاز و ئەو زەوییانەی مەودایان لە پێنج سەد مەتر کەمترە لە هێڵەکانی بۆری نەوت و بەرهەمەکانی نەوتی و غاز مەگەر بە ڕەزامەندی لایەنە تایبەتمەندەکان بێت.

٨. پێگەی کارگەکان و فەرمانگەکان و کەرتی هاوبەش و تێکەڵ و تایبەت مەگەر بە ڕەزامەندی لایەنە پەیوەندیدارەکان بێت.

٩. زەوییەك کە مەودای لە هەزار مەتر کەمتر بێت لە هێڵەکانی گەیاندنی کارەبایی مەگەر بە ڕەزامەندی لایەنە تایبەتمەندەکان بێت.

١٠. زەوییەك کە مەودای کەمتر لە پێنج سەد مەتر دووربێ لە هێڵەکانی کێبڵی تەوەریی مەگەر بە ڕەزامەندی لایەنە تایبەتمەندەکان بێت.

## بەشی سێیەم

## وەبەرهێنانی زەوییە تەرخانکراوەکان بۆ مەقلەع و کانەکان

### ماددەی چوارەم :-

١. کەرەستەی دەرهێنراو لە مەقلەع و کانەکان بە موڵکی دەوڵەت دادەنرێن و کرێی وەبەرهێنانیان لێ وەردەگیرێت لەلایەن دامەزراوەکەوە.

٢. وەزیر یان ڕێپێدراوەکەی مافی تەرخانکردنی ڕووبەری دیاریکراوی لە زەوییەکان هەیە بۆ بەرژەوەندی فەرمانگەکانی کەرتی هاوبەش و تێکەڵ و بۆ مەبەستی وەبەرهێنانیان وەکو مەقلەع بۆ پڕۆژەکان و کاری تایبەت بە خۆیان بەبێ کرێ یان بە کرێیەکی گونجاو بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، و کە بە مەرجی تایبەتی لەسەری ڕێکبکەون لەوانەش چۆنیەتی دەستکاریکردنی ئەو بەروبومانەی بە ڕێکەوت دەردەکەون.

٣. دامەزراوەکە یان ڕاسپێردراوەکەی مافی گرێبەستکردنی لەگەڵ کەرتی تایبەت هەیە (تاك یان کۆمپانیا) بۆ وەبەرهێنان لە زەوییەکاندا وەکو مەقلەع لە ناو ڕووبەری دیاریکراوی چەسپێنراو لەلایەن دامەزراوەکەوە بەگوێرەی پەیڕەوە هونەرییەکان بۆ هەر حاڵەتێك و بەپێی سروشتی ئەو کەرەستەیەی جێی مەبەستی وەبەرهێنانە.

٤. دامەزراوەکە مافی گرێبەستکردنی هەیە لەگەڵ کۆمپانیا ناعیراقیەکان کە گرێبەستیان کردوە لەگەڵ لایەنی عیراقیەکاندا بۆ مەبەستی وەبەرهێنان لە مەقلەعەکاندا بە مەرجێك داواکارییەکەی پشتگیریکرابێ بە داواکاری ئەو

لایەنانەی پشتگیری لێدەکەن و بە دیاریکردنی بڕو و جۆری ئەو مەوادانەی داواکراون بۆ گرێبەستکردن.

٥. هیچ لایەنێکی بەرهەمهێن بۆی نیە دەسەڵات بدات یان گرێبەستی لاوەکی بکات لەسەر وەبەرهێنانی مەقلەعەکان یان کانەکان لە ناو ڕوبەری دیاریکراو بۆ وەبەرهێنان، تەنها بە وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزیر یان ڕاسپێردراوەکەی، بە پێچەوانەوە ئەحکامی بڕگەی (١) لە مادەی چواردە بۆ هەموو وەبەرهێنەکان وهەروەها جێبەجێکردنی ئەحکامی بڕگەی (١) لە مادەی دەیەم بۆ کەرتی تایبەتی دەسەپێنرێت.

٦. دامەزراوەکە یان ڕاسپێردراوەکەی، لە کەرتی هاوبەش یان تێکەڵ، و بە ڕەزامەندی وەزیر ئەرکی وەبەرهێنانی کانەکان لە سەرتاسەری وڵات بە وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆ دەگرێتەئەستۆ.

٧. دامەزراوەکە، و بە ڕەزامەندی وەزیر یان ڕاسپێردراوەکەی، ئەگەر نەتوانێ وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆ بکات بۆی هەیە گرێبەست لەگەڵ لایەنی تردا بکات لە کەرتی تایبەت بۆ وەبەرهێنانی کانزاکان لە ناو ڕوبەرەکان و بەپێی پەیڕەوە دیاریکراوەکان.

## ماددەی پێنجەم :-

١. ئەو زەویانەی کە موڵکی دەوڵەتن و مافی دەستکاریکردنیان لەسەرە و وەبەرهێنانیان تێدا کراوە وەك مەقلەع لە پێش بەرکاری ئەم یاسایە، بە هەڵوەشاوە ئەژمار دەکرێن لەبەرواری بەسەرچوونیەوە،و پارێزگا لە دوای چەسپاندنی زەوی وەبەرهێنان وەکو مەقلەع لەڕێی لیژنەیەکی تایبەتی پێکهێنراو بۆ ئەم مەبەستە،

ڕاپۆرتی هەڵوەشاندنەوە ئامادە دەکات و فەرمانگەی تۆمارکردنی خانوبەرە تایبەتمەند ئاگاداردەکاتەوە بۆ ئەوەی بەو پێیە تۆماری زەوییەکە بگۆڕێ و ئەگەر وەبەرهێنان لەسەر بەشێك لەو زەویانەی مافی دەستکاریکردنیان لەسەرە بکرێت ئەوا پارێزگا هێڵکاریەك بەو بەشەی ئامازەپێکراوە ڕێکدەخات و بە هەڵوەشاوەی دایدەنێ دوور لەو بەشەی لە زەوییەکە دەمێنێتەوە و فەرمانگەی تۆمارکردنی خانوبەرە لێ ئاگاداردەکرێتەوە.

٢. ئەو زەویانەی کە موڵکی دەوڵەتن و مافی دەستکارکردنیان لەسەرە بە هەڵوەشاو دادەنرێن ئەگەر بەبێ گرێبەستی وەبەرهێنان لە دوای بەکاربوونی ئەم یاسەیە و ڕەچاوکردنی ئەحکامی مادەی چواردە وەکو مەقلەع بەرکاربهێنرێن.

٣. حوکمەکانی بڕگەی (٤) لە مادەی نۆ لەم یاسایە کارییپێدەکرێ، لەسەر دامەزراوە بنیادنراوەکانی سەر ئەو زەوییانەی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەیان لەسەرە.

**ماددەی شەشەم :-**

دامەزراوەکە لە کاتی پێویستیدا، بۆی هەیە دەست بخاتە سەر هەر زەوییەك لە دەرەوەی قەدەغەکراوەکان کە بۆ وەبەرهێنان وەکو مەقلەع و کانەکان بچەسپێنرێت، ئەویش لە دوای ئامادەکردنی کۆنوسێك لەلایەن لیژنەیەکەوە کە بۆ ئەو مەبەستە پێکدەهێنرێت، و تێیدا ووردەکاری زەوییەکە و هەرچی دامەزراوەی لەسەر جێگیرکراوە ڕوندەکرێتەوە و هەروەها چێنراوەکان و بارودۆخی ئێستای ئاشکرادەکرێت بە مەرجێك ڕێوشوێنە یاساییەکان بۆ تەرخانکردن یان ئیستملاککردن یان کوژاندنەوەی مافەکانی

دەستکاریکردن بگیرێتەبەر بەپێی یاساکانی کارپێکراو لە ماوەی یەك ساڵ لە ڕێکەوتی بڕیاری دامەزراوەکە بۆ دەست خستنە سەر زەوییەکە.

**ماددەی حەوتەم :-**

وەبەرهێنانی زەوییەکانی موڵکداری، بە موڵکی تەواو یان ڕاگیراو بە ڕاگرتنی ڕاست، وەك مەقلەعەکان ملکەچی وەرگرتنی مۆڵەتی ساڵانەن کە شایەنی نوێکردنەوەن لە دامەزراوەکە یان راسپێردراوەکەی و بۆی هەیە مۆڵەت بدات بۆ ماوەیەکی زیاتر لەوە بۆ هەندێ لە پڕۆژەکانی گەشەپێدان بەگوێرەی کەرەستەی وەبەرهێنراو و سروشتی وەبەرهێنان لە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی لایەنە پەیوەندیدارەکان.

**ماددەی هەشتەم :-**

ماوەی مۆڵەتەکە یان گرێبەستی مەقلەعەکە، لە کاتی تەواوبونی وادەی دیاریکراو کە بۆی دانراوە بەسەردەچێت، ئەگەر بەگوێرەی ئەحکامی ئەم یاسایە یان لە کاتی نەمانی مادەی وەبەرهێنان لە ناو ڕوبەرە دیاریکراوەکە بۆ وەبەرهێنان، نوێ نەکرێتەوە.

**ماددەی نۆیەم :-**

پێویستە لەسەر وەبەرهێن پابەندبێ بەمانەی خوارەوە:

١. دانانی نیشانە لە سوچەکانی مەقلەع یان کانەکە لە دوای چەسپاندنی ڕوبەرەکەی لەلایەن شارەزایەکی ڕوپێویی و پارێزگاریکردنی بە درێژایی ماوەی گرێبەستەکە یان مۆڵەتەکە و هیچ وەبەرهێنانێك لە دەرەوەی پێگەی دیاریکراو ئەنجام نەدات.

٢. ئاگادارکردنەوەی دامەزراوەکە بە ڕاپۆرتێکی وەرزی دەربارەی بڕی دەرهێنراوی مانگانە و پێشکەشکردنی زانیاری پێویست دەربارەی گۆڕانکارییەکانی مەقلەع یان جیۆلۆجی و بەرهەمهێنانی کانەکە بۆ مەبەستی چەسپاندن و بەدواداچون.

٣. چاککردنەوەی زەوی مەقلەع یان کانەکە، ووردەووردە لە کاتی نەمانی کەرەستەی دەرهێنراو، وەکو ڕێککردنەوەی چاڵەکان و لابردنی مەترسییەکان کە بەهۆی وەبەرهێنانەوە هاتونەتەکایەوە ئەویش لە ماوەی پڕۆسەی وەبەرهێناندا، بە مەرجێك ڕوبەری چاککراو کەمتر نەبێ لە ڕێژەی ٥٠٪ ی ئەو ڕوبەرەی لە ماوەی وەبەرهێنانەکەدا کەڵکی لێوەرگیراوە.

٤. دورخستنەوەی هەموو ئامراز و دامەزراوە و ئامێرەکان و تەواوکردنی چاککردنەوەی چاڵەکان و دورخستنەوەی ئەو مەترسیانەی لە دەرەنجامی وەبەرهێنانەوە بەگوێرەی ڕێنماییەکانی دامەزراوەکە هاتونەتەکایەوە لە ماوەی چوار مانگ لە ڕێکەوتی بەسەرچونی ماوەی گرێبەست یان مۆڵەتەکە و بە پێچەوانەوە دامەزراوەکە یان ڕاسپێرراوەکەی هەڵدەستێ بەو کارە و بەگوێرەی بڕگەی (٦) لە مادەی یازدە لەم

یاسایە ئەو تەئمیناتەی وەردەگیرێت، بە داهاتی کۆتایی بۆ لایەنی جێبەجێکار ئەژمار دەکرێت.

٥. گەڕاندنەوەی مەقلەع لەگەڵ کەرەستە دەرهێنراوە ماوەکان بۆ دامەزراوەکە یان ڕاسپێرراوەکەی، ئەگەر وەبەرهێن لە ماوەی یەك مانگ لە ڕێکەوتی بەسەرچونی ماوەی گرێبەستەکە یان مۆڵەتەکە بەگوێرەی ڕێنماییە دەرکراوەکان لەلایەن دامەزراوەکەوە هەوڵی گواستنەوەیان نەدات.

٦. دابینکردنی سەرچاوەی پێویستی هونەری تایبەتمەند (جیۆلۆجی یان ئەندازیاری کانەکان) بۆ دڵنیا بوون لە وەبەرهێنانی مەقلەع یان کانەکان بەشێوەیەکی باش و بەرهەمهێنانی کەرەستەی هاوشێوەی تایبەتمەندی کارپێکراو و ئامادەکردنی ڕاپۆرتی وەرزی ئاماژەپێکراو لە بڕگەی (٢) لەم مادەیە.

**ماددەی دەیەم :-**

١. بەڕێوبەری گشتی دامەزراوەکە یان ڕاسپێرراوەکەی مافی پوچەڵکردنەوەی مۆڵەت یان هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی وەبەرهێنانی هەیە لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا:

ا. ئەگەر وەبەرهێن سەرپێچی بکات لە مەرجەکانی مۆڵەت یان گرێبەست یان پابەند نەبێت بە یاسا یان ڕێنماییە دەرچووەکان بەوپێیە.

ب. ئەگەر وەبەرهێن دەستبەکارنەبێت و پاساوی ڕەوا پێشکەش نەکات لە ماوەی (٣) مانگ لە ڕێکەتی دەرچونی مۆڵەتەکە یان گرێبەستەکەوە.

ت.ئەگەر وەبەرهێن بە نوسراو داوای پوچەڵکردنەوەی مۆڵەت یان هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی کرد.

پ.ئەگەر وەبەرهێن ڕاپۆرتی وەرزی ئاماژەپێکراو لە بڕگەی (٢) لە مادەی نۆ پێشکەش نەکرد.

ج.ئەگەر وەبەرهێن پابەندنەبوو بە دەقی بڕگەی (٦) لە مادەی نۆ.

ح.ئەگەر وەبەرهێن پابەند نەبوو بە تایبەتمەندیە هونەریە داواکراوەکان بۆ کەرەستە بەرهەمهێنراوەکان.

خ.ئەگەر وەبەرهێنان بەشێوەیەك بەڕێوەچوو زیانی بۆ سەر بەرژەوەندی گشتی هەبوو.

د.ئەگەر وەبەرهێن گرێبەستی لاوەکی بکات لەگەڵ لایەنی ڕێگەپێنەدراو بۆ وەبەرهێنانی ڕوبەری دیاریکراو بۆ خۆی.

ژ.ئەگەر بەرژەوەندی گشتی تێیدا بێت وەزیر بە بڕیارێك ڕاستاندنی لەسەر بکات.

٢. ئەو وەبەرهێنەی مۆڵەتەکەی پوچەڵکراوەتەوە یان گرێبەستەکەی هەڵوەشێنراوەتەوە لە حاڵەتەکانی ئاماژەپێکراو لەم مادەیەدا بەدەر لە بەندی (ژ) مافی داواکردنی قەرەبووی نیە.

٣. ئەو لایەنەی مۆڵەتەکەی پوچەڵکراوەتەوە یان گرێبەستەکەی هەڵوەشێنراوەتەوە مافی خۆیەتی بەگوێرەی بڕگەی (١) لەم مادەیە بەدەر لە هەردوو بەندی (ت — ژ) لەلای

وەزیر بەرپەرچی بڕیارەکە بداتەوە لە ماوەی سی ڕۆژ لە ڕێکەوتی پێڕاگەیاندن بە بڕیاری پوچەڵکردنەوەی مۆڵەتەکە یان هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکە و بڕیاری وەزیر لەو بارەیەوە یەکلاکەرەوە دەبێ.

٤.ئەحکامی بڕگەکانی (٣، ٤ و ٥) لە مادەی نۆ لەم یاسایە جێبەجێ دەکرێت لە ماوەی پوچەڵکردنەوەی مۆڵەتەکە یان هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکە.

٥. داواکاری وەبەرهێنان پوچەڵ دەکرێتەوە ئەگەر خاوەنی داواکاری وەبەرهێنان بەبێ هیچ پاساوێکی ڕەوا دواکەوت لە ئەنجامدانی مامەڵەکەی لە ماوەی چوار مانگ لە ڕێکەوتی پێشکەشکردنی داواکارییەکەی.

## بەشی چوارەم

## پارەی ڕەسم و باج

### ماددەی پانزەهەم :-

١.بڕی پەنجا دینار بۆ مۆڵەتی سالانە وەردەگیرێت ئەگەر مەقلەع زەویی موڵکداری بە موڵکی ڕاستەقینە یان ڕاگیراو بە ڕاگیرانی ڕاستی بێ.

٢. ئەم باجانەی لای خوارەوە لە وەبەرهێنانی مەقلەعەکان لە زەوییەکانی موڵکداری دەوڵەت وەردەگیرێت:

أ- بڕی (١٠٠) دینار لە هەر داوایەکی وەبەرهێنان لە مەقلەع یان داواکاری بۆ نوێکردنەوەی گرێبەستی سالانە.

ب- بڕی (٥٠٠) دینار لە کاتی گرێبەستکردن لەسەر وەبەرهێنانی مەقلەع یان نوێکردنەوەی ساڵانە.

٣. تەواوی بڕە پارەی لەبری وەبەرهێنان بۆ مەقلەع لە زەوییەکانی موڵکداری دەوڵەتدا و بۆ زەوییەکانی موڵکداری موڵکی تەواو یان ڕاگیراو بە ڕاگرتنی ڕاست وەردەگیرێ و ئەوەی بەگوێرەی ڕێنماییەکان دەرچوبێت، لەلایەن دامەزراوەکەوە نوێدەکرێتەوە.

٤. لە کاتێکدا داوا لە دامەزراوەکە دەکرێت بۆ لێکۆڵینەوە و کنەکردن، ئەوا گرێبەستێك دەکرێت و تێچونەکەشی بەگوێرەی سروشتی نیشتن و بارودۆخی جیۆلۆجی و قەبارەی کارە داواکراوەکان دەبێت.

٥. بڕێکی زیادە بە ڕێژەی ٢٠٪ لە بڕەکانی کەڵەکەبوو لە ئەستۆی سەرپێچیکار وەردەگیرێت و دەدرێت بە ئەندامەکانی لیژنەیەکی تایبەت بە چەسپاندنی سەرپێچی بەگوێرەی ئەو ڕێنماییانەی کە دامەزراوەکە دەریدەکات.

٦. بارمتەی نەختی یان دەستەبەری بانقی یەکسان بە بڕی باجی هاوشێوە وەردەگیرێت لە کاتی دەرچواندنی مۆڵەتەکە یان گرێبەستی وەبەرهێنان لەسەر هەموو دۆنمێك یان بەشێك لە دۆنم بەپێی حاڵەتەکە و لەوەش فەرمانگەکانی کەرتی هاوبەش و تێکەڵ بەدەردەکرێت.

٧. کرێی سەردانکردنی مەیدانی لەسەر هەموو مەقلەعێك و بەگوێرەی ڕێنماییەکانی دامەزراوەکە وەردەگیرێ.

٨. دامەزراوەکە پشکی خۆی بە نزیکەی (٣٠٪) لە تێکڕای داهاتی ڕەسم و بڕی پارەی کرێی وەبەرهێنان و سەرپێچیەکان وەردەگرێ.

٩. ڕەسمەکان و پارەی کرێی وەبەرهێنان بۆ کانەکان بە گرێبەستی تایبەتی دامەزراوەکە بۆ هەر حاڵەتێك کە ڕێکیدەخات دیاریدەکرێ.

**ماددەی دوازدە هەم :-**

دامەزراوەکە بەهای ڕاپۆرت و زانیاری و کارە جیۆلۆجیە تایبەتیەکان، بە نیشتنی کانزایی کە نیازی وەبەرهێنانیان لەسەرە وەکو کانەکان، لە لایەنەکانی وەبەرهێنان وەردەگرێت و بڕەکانی بە گرێبەستی ڕێکەوتن لەسەریان دیاریدەکرێت.

## بەشی پێنجەم

## سزاکان

**ماددەی سێزدە هەم:-**

بەگوێرەی ئەحکامی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکان ژمارە (٥٦) ی ساڵی ١٩٧٧، دوو ئەوەندەی هاوتای بڕی هەڵگیراو بە سەرپێچی وەردەگیرێ بە پێچەوانەی ئەحکامی ئەم یاسایە، ئەو بڕە لەلایەن لیژنەیەکەوە دیاریدەکرێ کە بەڕێوبەری گشتی دامەزراوەکە یان ڕاسپێرراوەکەی پێکیدەهێنێ، و بڕیارەکەی شایەنی ڕەتکردنەوەیە لەلای وەزیر لە ماوەی سی ڕۆژدا لە ڕێکەوتی پێڕاگەیاندن، و بڕیارەکەی وەزیر لەو بارەیەوە یەکلاییکەرەوە دەبێت.

**ماددەی چواردە هەم :-**

بە پێشێل نەکردنی حوکمەکانی مادەی (سێزدەم ) لەم یاسایە:

١. هەر کەسێك وەبەرهێنانی کانزایی بکات بەبێ گرێبەستکردن یان وەرگرتنی مۆڵەتی وەبەرهێنان سزا دەدرێت بە بەندکردن بۆ ماوەی کەمتر نەبێ لە یەك ساڵ و زۆرتر نەبێ لە پێنج ساڵ یان بە غەرامەی کەمتر نەبێ لە پێنج هەزار دینار و زۆرتر نەبێ لە پانزە هەزار دینار یان بە هەردوو سزاکە.

٢. هەر کەسێك یەکێك لە کردەوەکانی خوارەوەی ئەنجامدا سزا دەدرێت بە بەندکردن بۆ ماوەی کەمترنەبێ لە (٦) مانگ و زۆرتر نەبێ لە (٣) ساڵ یان بە سزای کەمتر نەبێ لە دوو هەزار دینار و زۆرتر نەبێ لە پێنج هەزار دینار بۆ:

أ- ڕێگریکردن لە بەردەم دەسەڵاتپێدراوان بۆ جێبەجێکردنی مافی یاسایی خۆیان بەو پێیە.

ب- ڕێگریکردن لەبەردەم لایەنە تایبەتمەندەکان لە دامەزراوەکە یان بە راسپێراوی فەرمی بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانیان بەگوێرەی ئەحکامی ئەم یاسایە و ڕێنماییە دەرچووەکان بەو پێیە.

ت- وەبەرهێنانی کانزایی بەپێچەوانەی ئەحکامی ئەم یاسایە و ڕێنماییە دەرچووەکان بەو پێیە.

**ماددەی پازدە هەم :-**

سەرۆکی شارەوانی بەغداد و پارێزگارەکان دەسەلاَتی دادوەری کەتنیان پێدەدریَ بۆ سەیرکردنی ئەو داوایانەی لە ئەنجامی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دێنەکایەوە.

## بەشی شەشەم

## ئەحکامی گشتی

**ماددەی شازدە هەم :-**

بەدەر لە حوکمەکانی ئەم یاسایە، مۆڵەتەکان و گرێبەستەکانی وەبەرهێنان لە مەقلەع لە پێش بەسەرچونی ئەم یاسایە کاریان پێدەکریَ تاکو کۆتایی هاتنی ماوەکەیان.

**ماددەی حەڤدە هەم :-**

نابیَ هیچ مادەیەکی دەرهێنراو لە مەقلەع یان کانەکان هەناردەبکرێن بۆ دەرەوەی وولاَت تەنها بە ڕەزامەندی دامەزراوەکە نەبیَ و بەگوێرەی ئەو بنەمایانەی دایدەنیَ لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەحکامی یاسا کارپێکراوەکان.

**ماددەی هەژدە هەم :-**

دامەزراوەکە هەڵدەستێت بە دەرکردنی پەیڕەو و ڕێنمایی پێویست بۆ کارئاسانکردنی جێبەجێکردنی ئەحکامی ئەم یاسایە سەبارەت بە وەبەرهێنانی زەویزار وەکو مەقلەع و کانەکان و مەرجەکانی مۆڵەت و گرێبەستی وەبەرهێنان و چۆنییەتی وەبەرهێنانی

زەوی لەلایەن وەبەرهێنەران و فرۆشتنی کەرەستەی مەقلەع و ڕاگرتنی تۆماری پێویست بەو پێیە و چۆنییەتی چاودێریکردنی کارەکانی وەبەرهێنان.

## ٢. ڕێنمایی ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٩ وەبەرهێنانی کانەکان

**ماددەی یەکەم :-**

کانەکان بەگوێرەی خاو و کەرەسەی دەرهێنراو تێیاندا پۆلێن دەکرێن و یەکەی پێوانەکردنیان بە تەن وەردەگیرێ بۆ مەبەستەکانی ئەم ڕێنماییانە و ئەمانەی خوارەوە دەگرنەوە:

ئاسن، کرۆم، مەنگەنیز، نیکڵ، مس، قوڕقوشم، قەسدیر، فۆسفات، کبریت، خوێیەکان، قیر و ئەسفەلت، ئیپۆکسیەکان، لمی شوشە، زرگۆن، قوڕی دەستکرد، کائولین، بەنتونلیت، ئەتابلکایت، فلنت، بورسلینایت، و هەر خزمەتگوزارییەکی کانزایی لە ئایندەدا دەدۆزرێتەوە.

**ماددەی دووەم :-**

أ. بۆ پێدانی مۆڵەتی وەبەرهێنان بۆ کانەکان ئەم مەرجانەی خوارەوە دەسەپێنرێن:

یەکەم: بۆ کەسی ئاسایی:

١ – تەمەنی هەژدە ساڵی تەواو کردبێ.

٢ – پێویستە لە خزمەتی سەربازی پاك بێت.

٣ – بەڵگەنامەی پشتگیری لە ئەستۆپاکبون بەرامبەر باجی داهات پێشکەش بکات.

٤ – فۆرمی ژمارە (١)ی پاشکۆی ئەم ڕێنمایە پڕبکاتەوە.

دووەم: کەسی یاسایی:

ئەگەر سەر بە فەرمانگەکانی کەرتی هاوبەش و تێکەڵ بوو کە خوازیاری وەبەرهێنانە لە کانەکاندا ئەوا فۆرمی ژمارە (٢)ی هاوپێچکراو بەم ڕێنمایە لە نوێنەرەکانیەوە پڕدەکاتەوە.

ب. بۆ پێدانی مۆڵەت ڕێکارەکانی خوارەوە دەگیرێنەبەر:

یەکەم: پێشکەشکردنی داواکاری بۆ کۆمپانیا لە دوای ئەوەی ڕەسمی دانراو بۆ وەرگرتنی گرێبەستی وەبەرهێنان لە کانەکان دەدات بەگوێرەی مادەی ٤ لەم ڕێنمایە و ئەمانە دەگرێتەوە:

١ – دیاریکردنی پێگەی داواکراوی کان لەسەر نەخشە بۆ وەبەرهێنان لەلایەن کارمەندی ڕوپێو سەر بە کۆمپانیا بەشێوەیەك کە کۆمپانیا دیارییبکات بە تۆڕی هاوڕێکی (ئیحداسیات) یو تی ئێم و چالاکی وەبەرهێنان لەسەر ڕوبەری دیاریکراو سنوردار بکرێ.

٢ – چەسپاندنی خاسیەتەکانی فیزیایی، کیمیایی و کانزایی و ڕێگاکانی دەرهێنانی کەرەسەی جێ مەبەستی وەبەرهێنان لە کانەکان.

٣ – ناونانی سەرچاوەکانی هونەری سەرپەرشتیار لەسەر چالاکی وەبەرهێنان بەشێوەیەك زامنی کەڵكو سامانی کانزایی مسۆگەربکات، ڕێگەکانی چارەسەرکردنی هونەری و تەکنیکی بۆ زیانەکان و مەترسییەکانی ژینگەیی کە دەشێ لە ئەنجامی چالاکی وەبەرهێنانەوە بێنەکایەوە.

٤ – دیاریکردنی ماوەی داواکراو بۆ چالاکی وەبەرهێنان و بڕی ساڵانەی پێشبینکراو بۆ وەبەرهێنان بەگوێرەی پلانی لایەنی وەبەرهێن.

دووەم: داواکاریی و بەڵگەنامەکانی ئاماژەپێکراو لە بڕگەی یەکەم و دووەم لە بەندی (أ) لەم مادەیە بەرزدەکرێنەوە بۆ وەزارەت بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزیر لەسەر وەبەرهێنان بەگوێرەی یاساکە.

**ماددەی سێیەم:**

چالاکی وەبەرهێنان بەهۆی گرێبەستێکەوە لە نێوان کۆمپانیا و وەبەرهێن ئەنجام دەدرێ کە مایەی نوێکردنەوەیە لە پێش ٩٠ ڕۆژ لە کۆتایی هاتنی گرێبەستەکە و لە دوای گەڕاندنەوەی هەموو قەرزەکانی کەڵکەبوو بەهۆی گرێبەستەکەوە.

**ماددەی چوارەم:**

ڕەسم و لەبری وەبەرهێنانی خاو لە کانەکان بە پێشنیازی ئەنجومەنی کارگێڕی کۆمپانیا دیاریدەکرێ لە دوای ڕاستاندن لەلایەن وەزیرەوە بەگوێرەی یاساکە.

## ماددەی پێنجەم:

وەبەرهێنەر لە کانەکان پێویستە:

أ- ڕاپۆرتی وەرزی دەربارەی بڕی دەرهێنراوی مانگانە و زانیاری دەربارەی گۆڕانکارییەکانی جیۆلۆجی و بەرهەمهێنان لە کانەکان و گۆڕانکارییەکانی کانزایی ئەو کەرەسەیەی جێی مەبەستی وەبەرهێنانە بۆ مەبەستەکانی سەرژمێری و چەسپاندن بدەن بە کۆمپانیا.

ب- ڕاپۆرتی هونەری دەربارەی هەر گۆڕانکارییەك لە ئاڕاستە و شێوازی هونەری بەکارهێنراو لە وەبەرهێنان و گرتنەبەری هەنگاوە پێویستەکان هەر کاتێك پێویست بێ لەسەر کۆمپانیا بۆ چارەسەرکردنی زیانەکان و مەترسییەکان و ڕێگرتن لە پیسبونی ژینگە بدەن بە کۆمپانیا.

ت- ئەرکی فەرمانبەرانی دەسەڵاتپێدراوی کۆمپانیا بۆ پشکنین لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکی پشکنینی دەوری لەسەر کانەکان ئاسانبکەن بۆ دڵنیابون لە جێبەجێکردنی داتا و زانیاری پێویست لەسەریان.

## ماددەی شەشەم:

ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمیدا جێبەجێ دەکرێ.

**بەڕێوبەری گشتی کۆمپانیا**

# دووەم: یاساکانی تایبەت بە ئاو

## ١ . یاسای ژمارە ( ٦ ) ی ساڵی ١٩٦٢

## یاسای ئاودێری ( هەموارکراو )

**ماددەی یەکەم :-**

أ. مەبەست لەم یاسایە کارەکانی ئاودێری گشتی دەگرێتەوە وەکو ئەوانەی خوارەوە:

١. دەریاچەکان و زۆنگاوەکان و ئاوەڕۆکانی ئاوی سروشتی وەرگیراو بۆ ئاودان یان ڕۆکردنی ئاوی زیادە یان ئاوی ئاودێری.

٢. ئاوەڕۆکانی دەستکرد کە حکومەت بۆ عەمبارکردن و دابەشکردن و یان ڕۆکردنی ئاو دروستیان دەکات و یان ئەوەی لەم ئاوەڕۆیانەوە یان لەسەر ئاوەکانیان یان لەلاکانییەوە بنیادیان دەنێت بۆ دەستگرتن بەسەر ئاوەکان یان ڕێکخستنیان یان دابەشکردنیان یان هاوسەنگکردنیان یان کۆکردنەوەی زانیاری زانستی یان هونەری بۆ مەبەستەکانی ئاو و ئاودێری.

ب. وەزیری ئاودێری ، پشتبەستوو بە پێشنیازی بەڕێوبەری گشتی ئاودێری، دەشێت بڕیار بدات لەسەر ئەژمارکردنی هەر ئیشێك کە دەسەڵاتدارانی ئاودێری بنیادی بنێن وەك کارەکانی ئاودێری گشتی.

**ماددەی دووەم :-**

أ. دەوڵەت بەرپرسیارە لەسەر بنیادنانی و نۆژەنکردنەوەی و باشڕاگرتنی و درێژەپێدانی و سەرپەرشتیکردنی کارەکانی ئاودێری گشتی.

ب. خاوەن زەوی بەرپرسیارە لەسەر کارەکانی ئاودێری تایبەت بە زەوییەکەی خۆی و دەسەڵاتدارانی ئاودێری مافی سەرپەرشتیکردنیان هەیە لەسەری.

**ماددەی سێیەم :-**

دەسەڵاتدارانی ئاودێری تایبەتمەندن لە دیاریکردنی پشکی ئاویی و دابەشکردنی ئاوەکان و سەرپەرشتیکردنیان.

**ماددەی چوارەم :-**

أ. ئەندازیاری ئاودێری پێگە و دووری جۆگاکان و شۆرەکان و ئاودان و بەردانەوەی ئاو و داخستن و ڕێگاکان و دامەزراوەکانی ئاودێری و حەرەمەکانی و ئەو زەوییەی سودیان لێدەبینرێت و پێگەی مافی ئاو لێخواردنەوە و ئاڕاستە و ڕێچکەی جێگیر بە فەرمی دیاریدەکات هەروەها ئەو ڕوبەرەش دیاریدەکات کە مافی دەستکاریکردنی خاوەنەکانیان بەگوێرەی ئەم یاسایە سنوردار دەکات بەو مەرجەی ئەندازیارەکە بەیانێك دەربکات بە دیاریکردنی ئەم زەوییە و حەرەمەکانی کارەکانی ئاودێری و بۆشی هەیە پێگەکانی ئەم مافانە ئەگەر پێویستی کرد بگۆڕێت.

ب. ئەندازیار بۆی هەیە ئەو ڕێوشوێنانەی لە برگەی (أ) دا ئاماژەی پێكراوە بە پەلە لە كاتی پێویستیدا بگرێتەبەر و ئەم ڕێوشوێنانە ڕانەگرێ تەنها بە فەرمانی بەڕێوبەری گشتی ئاودێری یان بە حوكمی دادوەر پلەی كۆتایی وەرگرتبێ.

## ماددەی پێنجەم :-

أ. ئەگەر ئەندازیار بۆی دەركەوت كە كارێك لە كارەكانی تایبەت بە ئاودێری پێویستە بنیادبنرێ یان باشڕابگیرێت یان نۆژەنبكرێتەوە یان دابخرێ یان بەرزبكرێتەوە یان پاكبكرێتەوە ئەوا پێویستە لایەنی سودمەند یان خاوەنی زەوییەكەی ئاگاداربكاتەوە بۆ گرتنەبەری ڕێكاری داواكراو لە ماوەیەكی گونجاودا، ئەگەر خاوەنەكەی خۆی لێدزییەوە یان ئامادەنەبوو یان شوێنی دیارنەبوو ئەوا پێویستە لەسەر فەرمانگەی ئاودێری ئیشەكە بكات و خەرجییەكەی بگەڕێنێتەوە بۆ لایەنی سودمەند و فەرمانگەكە دەبەخشرێ لە ئاگاداری لەسەر ئەو ئیشانەی بەپەلەن كە دواخستنیان دەبێتەهۆكاری زیانگەیاندن بە كەسەكان یان موڵكەكان یان كارەكانی ئاودێری.

ب. ئەگەر زیان بە كارێكی گشتی لە كارەكانی ئاودێری بگات و ئەنجامدەرەكەی نەناسرێت ئەوا فەرمانگەی ئاودێری ئەركی چاككردنەوەی دەگرێتەئەستۆ و خەرجییەكان دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوانەی لێی سودمەند دەبن بە هاوبەشی.

**ماددەی شەشەم :-**

ئەندازیار بۆی هەیە ئاوی ئاودێری و ئاودان لە یەکێك لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا بۆ ماوەیەکی کاتی ببڕێت:

١. جێبەجێکردنی کارەکانی ئاودێری.

٢. دابەشکردنی ئاو بە نۆرە.

٣. بەدورگرتن لە کەوتنەوەی زیانێك یان خەمخۆری لەوەی لە کەسەکان یان موڵکەکان و کارەکانی ئاودێری بکەویٚ.

٤. خراپ بەکارهێنانی لایەنی سودمەندبوو لە بەکارهێنانی ئاو یان فەرامۆشکردنی گرنگی پێدانی بەشێوەیەك ببێتە هۆکاری بەفیڕۆچون.

٥. سەرپێچیکردنی فرمان یان ئاگاداری دەرچوو لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئاودێری بەگوێرەی ئەم یاسایە.

**ماددەی حەوتەم :-**

لایەنی سودمەند بۆی نیە سود لە ئاوی ناو کێڵگەکە وەرگریٚ بەدەر لەو مەبەستانەی بۆی دیاریکراوە بە مەرجێك ئەوەش زیان بە زەوییەکەی خۆی یان چاندنی یان مافەکانی لایەنی تر تێیدا نەگەیەنیٚ یان هەر کارێك لە کارەکانی ئاودێری بنیادبنیٚ کە ببێتە مایەی زیانگەیاندن بەوانەی ئاماژەیان پێکرا.

## ماددەی هەشتەم :-

أ. نابێ هیچ ترومپا یان پەمپ یان ناعور یان هیچ ئامێرێکی سەرخستنی ئاو دابمەزرێت، تەنها بە مۆڵەتی نوسراوی دەسەڵاتدارانی ئاودێری تایبەتمەند نەبێ و مۆڵەتەکەش نابێ بۆ کەسی تر بەدەر لەوەی بەناوییەوە کراوە یان لە شوێنی تر کە ئامێری سەرخستنەکەی لێبەستراوە یان بۆ زەوییەکی تر کە ئامێرەکە بۆ ئاودانی دانراوە بەکاربهێنرێ. دەسەڵاتدارانی ئاودێری تایبەتمەند هێزی بزوێنەر و قەبارەی ترومپاکە دیاریدەکەن.

ب. دەسەڵاتدارانی ئاودێری مافی پوچەڵکردنەوەی مۆڵەت و لێکردنەوەی ئامێرەکەیان هەیە لە حاڵەتەکانی خوارەوەدا:

١. سەرپێچیکردنی خاوەن مۆڵەت لەو مەرجانەی تێیدا داواکراون.

٢. کەمکردنەوەی ڕوبەری زەوی تەرخانکراو بۆ ئامێری ئاو سەرخستنەکە.

٣. هەر هۆکارێك ڕوبدات مانەوەی ئامێرەکە ببێتە هۆکاری زیانگەیاندن بە کارەکانی ئاودێری.

ت. مۆڵەتەکە بە پوچەڵکراوە دادەنرێ ئەگەر خاوەنەکەی لە ماوەی شەش مانگ لە ڕێکەوتی دەرکردنیەوە بەکارینەهێنا.

پ. کۆمپانیاکان یان تاکە کەسەکان بۆیان نیە ترومپا بەبێ ڕەزامەندی فەرمانگەی ئاودێری بفرۆشن.

ج. دەسەڵاتدارانی دارایی بڕی سەد فلس ڕەسمی ساڵانە لە هەر ئەسپێك لە هێزی بزوێنەری ترومپای کشتوکاڵی بە مۆڵەت و بڕی یەك دینار ساڵانە لەهەر ئەسپێك لەهێزی بزوێنەری ترومپای کشتوکاڵی بەبێ موڵەت وەردەگرن ئەویش بەپێی لیستی سەرژمێری ترومپاکان کە فەرمانگەکانی ئاودێری پێشکەش بە دەسەڵاتدارانی ئامادەپێکراوی دەکەن و ترومپاکانی دانراو لەلایەن فەرمانگەکانی فەرمی و نیمچە فەرمی لەم ڕەسمانە دەبەخشرێن.

**ماددەی نۆهەم :-**

ئەگەر هەر لایەنێك لە ناو وولات کەوتەبەر مەترسی کە زیانی گشتی لە کەسەکان یان موڵکەکانی لێبکەوێتەوە لە ئاوی لافاو یان ئاو کۆبونەوە ئەوا ئەنجومەنی وەزیران ئەگەر پێویستی کرد بۆی هەیە بڕیار لەسەر ڕوخاندن یان شکاندنی هەر دامەزراوەیەك بدات، گشتی بێ یان تایبەتی، بۆ بەدورگرتنی مەترسی و لایەنی زیانلێکەوتوو ماف قەرەبووکردنەوەی هەیە بەرامبەر ئەو زیانەی بەگوێرەی ئەحکامی یاسا لێیکەوتووە.

**ماددەی دەهەم:-**

ئەگەر کارەکانی ئاودێری کەوتنەبەر مەترسی گشتی ترسی زیان گەیاندنی گەورەی لە کەسەکان یان موڵکەکان لێبکەوێتەوە و لە توانای دەسەڵاتدارانی ئاودێریدا نەبێت کرێکاری پێویست دەستبخات بۆ بەدوورگرتنی زیانەکە ئەوا ئەندازیار دەتوانێ پەنابەرێتەبەر دانیشتوانی ناوچەکە و داوا لە دەسەڵاتدارانی خۆجێی بکات ژمارەیەکی

تەواو لەو كەسانە دەستبخات بۆ بەدوورگرتنی ئەو مەترسییە بەرامبەر بە كرێیەك بەگوێرەی یاسا پێیانبدات و ئەو دەسەڵاتە پێویستە یەكسەر جێبەجێی بكات.

**ماددەی یازدەهەم :-**

أ. خاوەن زەوییەكان بۆیان نیە هیچ كارێك بكەن بەبێ ڕەزامەندی فەرمانگەی ئاودێری لەو سنورەی ئەندازیارەكە بەگوێرەی مادەی چوارەم دیاریدەكات كە ببێتە هۆكاری زیان گەیاندن بە كارەكانی ئاودێری گشتی.

ب. دەسەڵاتدارانی ئاودێری بۆیان هەیە هەر كارێك بكەن بەپێویستی بزانن بۆ پاراستنی كارەكانی ئاودێری لە ناو ئەو زەوییانەی لە بڕگەی (أ) ئاماژەی بۆكراوە، خۆڵی پێویستی لێبەرن بە مەرجێك خاوەنەكانی قەربوو بكرێنەوە بەرامبەری.

**ماددەی دوازدەهەم :-**

دەسەڵاتدارانی ئاودێری مافی چونە ناو زەوییەكانیان هەیە بۆ ئاگاداربون لە سەرپێچییەكانی یاسا كە تێیاندا ڕوودەدات.

**ماددەی سێزدەهەم:-**

ئەگەر باركێشێك یان كەشتییەك لە ناو ڕوبار یان جۆگا یان ئاودێرییەكدا نوقم بوو ئەوا خاوەنەكەی پێویستە دەریبێنێتەوە و پاشماوەكانی دوربخاتەوە لە ماوەیەكی دیاریكراو كە ئەندازیارەكە دیاریدەكات بە پێچەوانەوە دەسەڵاتدارانی ئاودێری

دەریدەهێننەوەو پاشماوەکەی دوردەخەنەوە و خەرجییەکان لە خاونەکەی وەردەگرنەوە.

**ماددەی چواردەهەم:-**

بڕی پارەکانی شایستەی دەسەڵاتدارانی ئاودێری لەو کارانەی کردویانە بەگوێرەی ئەحکامی ئەم یاسایە وەردەگیرێ لەو کەسەی لێی بەرپرسیارە بەگوێرەی یاسای کۆکردنەوەی قەرزەکانی شایستە بۆ حکومەت.

**ماددەی پازدەهەم:-**

هەر کەسێك ببێتە هۆکاری زیان گەیاندن یان گۆڕینی کارێك لە کارەکانی ئاودێری بە مەبەست کە ئەو کارەی زیان بە کەسەکان یان موڵکەکان دەگەیەنێ ئەگەر کردەوەکەی لەناوچونی مرۆڤی لێکەوتەوە ئەوا سزادەدرێت بە لەسێدارەدان و ئەگەر کردەوەکەی فەوتانی یان زیانی بە موڵکەکان یان کەسەکانی لێکەوتەوە ئەوا سزای زیندانی هەتا هەتایی بە کاری سەختەوە یان زیندانی کاتی وە یان بەندکردنی بەسەردا دەسەپێنرێ.

**ماددەی شازدەهەم:-**

أ. هەر کەسێك یەکێك لە کردەوەکانی خوارەوە بکات سزا دەدرێ بە بەند کردن بۆ ماوەیەك کە لە شەش مانگ تێنەپەڕێت یان پێبژاردن یان بە یەکێکیان:

١. زیانگەیاندن بە کارەکانی ئاودێری یان گۆڕانکاری تێیدا.

٢. وەرگرتنی بڕی ئاوی زۆرتر لەوەی دیاریکراوە بە کونکردن یان شکاندن یان دەرهێنان یان بەوهاوشێوەی ئەمانە .

٣. فەرامۆشکردنی چاودێری ئاوی دیاریکراو بۆ ئاودان یان نەگرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ ڕێگەگرتن لە بەفیڕۆدانی ئاو ئەگەر ببێتە هۆکار بەرەو زیانگەیاندن بە ڕێگەی گشتی یان کارێك لە کارەکانی ئاودێری.

٤. بەکارهێنانی ئاوی ئاودێری بەدەر لە کارەکانی کشتوکاڵی بە بێ مۆڵەتی فەرمانگەی ئاودێری.

٥. هەوڵدان بۆ دابینکردنی ئاوی ئاودێری بە پێچەوانەی ئەوەی بڕیاری لەسەر دراوە.

٦. پیسکردنی ئاوەکان بەشێوەیەك بۆ ئەو مەبەستەی بۆی دیاریکراوە نەشێت.

٧. خۆدزینەوە لە جێبەجێکردنی فرمانەکان یان بەیاننامەکانی دەسەلأتدارانی ئاودێری.

٨. فرۆشتنی ترومپای کشتوکاڵی بەبێ مۆڵەتی فەرمانگەی ئاودێری لەلایەن تاکە کەس یان کۆمپانیاکانەوە.

٩. بەستنی هەر ئامێرێکی سەرخستن بەبێ مۆڵەت.

ب. دادگای سزاکان بۆی هەیە ئەو ڕاپۆرتەی لەلایەن فەرمانگەی ئاودێریەوە دەرچوە پەسەندی بکات کە بەڵگەیە بۆ سەلماندنی تاوانەکانی دیاریکراو لەم مادەیە مەگەر پێویست بە ئامادەبونی کارمەندی تایبەتمەند بکات لەبەردەمی.

ت.

١. وەزیری داد پشتبەستوو بەپێشنیازی وەزیری ناوخۆ و پشتگیری وەزیری ئاودێری دەتوانێ دەسەڵاتی دادوەری سزادان ببەخشێ بە سەرۆکی یەکە کارگێڕیەکان بە سزای پێبژاردن کە لە سی دینار تێپەڕ نەکات بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی ئەحکامی بڕگەی (أ) لەم مادەیە.

٢. ئەگەر پارەی پێبژاردن سەپێنراو نەدرا بەگوێرەی بڕگەی (ت — ١) لەم مادەیە، ئەوا سەرۆکی یەکەی کارگێڕی کە حوکمەکەی کردوە تاوانبارەکە دەنێرێ بۆ بەردەم دادگای سزای تایبەتمەند بۆ بەندکردن لەبری غەرامەکردن بەگوێرەی ئەحکامی یاسای داد ڕەویکاری ژمارە (٢٣) بۆ ساڵی ١٩٧١.

پ. ئەگەر سەرۆکی یەکەی کارگێڕی دەسەڵاتپێدراو وەکو دادوەری سزادان بەگوێرەی ئەم یاسایە لە دوای دادگایی کردن بۆی دەرکەوت کە کردەوەکە سزای گرانتر لە دەسەڵاتی ئەو هەڵدەگرێت ئەوا پێویستە تاوانبار بنێرێت بۆ دادگای سزادانی تایبەتمەند وئەو دادگایە بۆی هەیە بڕیاری لەسەر بدات یان بڕیاری گەڕاندنەوەی بۆ سەرۆکی یەکەی کارگێڕی بدات بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدات و بڕیاری دادگا بە گەڕاندنەوەی ئەرکێکە پێویستە جێبەجێبکرێ.

**ماددەی حەڤدەهەم:-**

دەشێ پەیڕەوی پێویست دەربکرێت بۆ کارئاسانکردنی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە و دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی کارمەندانی جێبەجێکار. وەزیری ئاودێری بۆی هەیە

ڕێنماییەکان دابنێ بۆ دەرخستنی کارەکانی ئاودێری گشتی و تایبەتی و مەرجەکانی بەخشینی مۆڵەت.

**ماددەی هەژدەهەم :-**

یاسای ئاودێری و گرتنەوەکانی ژمارە (٥٢) بۆ ساڵی ١٩٢٣ و هەمووارکراو پوچەڵدەکرێتەوە.

**ماددەی نۆزدەهەم:-**

ئەم یاسایە کارییپێدەکرێ لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمیدا.

**ماددەی بیستەم :-**

پێویستە لەسەر وەزیرەکان ئەوەندەی دەیانگرێتەوە ئەحکامی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

یاساکە بڵاوکراوەتەوە لە وەقائعی عێراقی ژمارە (٦٤٥) لە ڕێکەوتی ١٩٦٢/٠٢/١٢.

## ٢ - یاسای ژمارە ( ١٣٨ )، ی ساڵی ١٩٧١

## یاسای جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی ئاودێری ( هەموارکراو )

**ماددەی یەکەم :-**

مەبەست لە پڕۆژەکانی ئاودێریی لەم یاسایە ، پڕۆژە و کارەکان دەگرێتەوە کە فەرمانگەکانی ئاودێری ڕاستەوخۆ یان بەهۆی بەڵێندەرەکانەوە جێبەجێیان دەکەن وەکو دروستکردن یان باشڕاگرتن یان فراوانکردن یان برەودان بە ڕوبار و جۆگاو ئاودان و گرتنەوەکان، بەنداو و بیناو عەمبار و ئاوەڕۆکان لەگەڵ قەدەغەکراوەکانیاندا،و بەگەڕخستنی ئەم پڕۆژانە.

**ماددەی دووەم :-**

١. زەوی پڕۆژەکانی ئاودێری کە لە دوای جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دێنە کایەوە یان زەوییەکانی هەر بەشێکی دیاریکراوییان (ئەگەر پڕۆژەکە دابەشکرابوو بۆ دوو بەش یان زۆرتر و کارەکانی جێبەجێکردنی پڕۆژەکان لە هەر بەشێکدا بە جیا ئەنجامبدرێت) و زەوی بیناکانی بەگەڕخستنی پڕۆژەکە لە دەرەوەی قەدەغەکراوەکانی کە بەشێوەیەکی هەمیشەیی لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی وەزیری ئاودێری یان ئەو کەسەی ڕایدەسپێرێت بۆ دەستکردن بە جێبەجێکردنی پڕۆژەکە یان بەشێکی دیاریکراو لێی بە حوکمی ئیستملاککراو ڕەچاودەکرێن.

٢. زەوی پرۆژەکانی ئاودێری کە کارەکانی جێبەجێکردن تێیاندا دەستپێکردوە و هەموو ئەم کارانە لە پێش بەرکاری ئەم یاسایە تەواونەکراون، و زەوی بیناکانی بەگەڕخستنی پرۆژەکان لە دەرەوەی قەدەغەکراوەکان بەشێوەیەکی هەمیشەیی لە ڕێکەوتی دەستکردن بە جێبەجێکردنیان بە حوکمی ئیستملاککراو ڕەچاودەکرێن.

٣. زەوی پرۆژەکانی ئاودێری کە کارەکانی جێبەجێکردن تێیاندا لە پێش بەرکاری ئەم یاسایە دەستپێکراوە، و زەوی بیناکانی بەگەڕخستنی پرۆژەکان بەشێوەیەکی هەمیشەیی لە ڕێکەوتی دەستکردن بە جێبەجێکردنیانەوە بە حوکمی ئیستملاککراو ڕەچاودەکرێن ئەگەر بڕیارەکانی ئیستملاککردنیان بەگوێرەی ئەحکامی یاسای ئیستملاك یان هەر یاسایەکی تر پلەی کۆتایی وەرنەگرتبی و ئەحکامەکانی ئەم یاسایەی بەسەردا دەسەپێنرێت.

٤. مافی خاوەن زەوی کە بە ئیستملاککراو ئەژمار دەکرێت بەپێی بڕگەکانی (١، ٢ و ٣)ی ئەم مادەیە دەگوازرێتەوە بۆ قەربووکردنەوە، زەوییەکەش وەکو زەوی ئەمیری تەواو تۆماردەکرێت بۆ مەبەستەکانی ئاودێری بە بێ مانەوەی مافەکانی عەینی.

٥. خاوەنی مافی موڵکداری، بەپێی ئەحکامی یاسای کوژاندنەوەی مافی موڵکداری ژمارە (١٥٠)، یساڵی ١٩٦٧ی هەموارکراو، یان هەر یاسایەکی تری جێگرەوە، شایستەی ڕێژەیەکی دیاریکراوە لە بڕی قەرەبوو و مافی موڵکداری دەگوازرێتەوە بۆ ئەو زەوییەی لەسەری قەرەبووکراوە لە کاتی قەرەبووی عەینی بە هەمان ڕێژەکەی خۆی لە زەوی ئیستملاککراو.

## ماددەی سێیەم :-

ئەم مادەیە هەڵوەشێنراوەتەوە، بەپێی مادەی (١) لە یاسای هەموارکردنەوەی یەکەم بۆ یاسای جێبەجێکردنی پرۆژەی ئاودێری ژمارە (١٣٨) ی ساڵی ١٩٧١ و گۆڕاوە بەم دەقەی خوارەوە:

١. وەزیری ئاودێری، یان ڕاسپێردراوەکەی، لەڕێی پەخشکردن لە ناوەندی ڕاگەیاندنەوە، دەستکردن بە جێبەجێکردنی هەر پرۆژەیەکی یان بەشێك لە ئاودێری ڕادەگەیەنێت، و لە ڕۆژنامەی ناوخۆییدا بڵاودەکرێتەوە ئەو ناوچە و کەرتانە دیاریدەکرێن کە پرۆژەکەیان پێدا تێپەڕدەبێت، و داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکات بەگوێرەی ئەم یاسا پێکهێنراوە لە ماوەی دە ڕۆژ لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی سەردانی لیژنەکانی تایبەتمەند بکەن بۆ پێڕاگەیاندنیان بە وادەی سەردانی زەوییەکانیان بەپێی نوسراوی پێڕاگەیاندن.

٢. پارێزگار، یان ڕاسپێردراوەکەی، فەرمان دەردەکات بە پێکهێنانی لیژنەیەك یان زیاتر بۆ هەڵسەنگاندن لە هەر پارێزگایەك بە سەرۆکایەتی یەکێك لە سەرۆکەکانی یەکە ئیداریەکان، و بە ئەندامێتی نوێنەری هەر یەکێك لە فەرمانگەکانی ئاودێری، و کشتوکاڵ و چاکسازی کشتوکاڵ، و دارایی، و یەکێتی کۆمەڵەی جوتیاران لە پارێزگا، بۆ مەبەستی سەردانکردنی ئەو زەویانەی لەلایەن فەرمانگەکانی ئاودێریەوە ئاماژەیان لەسەر دانراوە کە ڕەچاوکراون بەوەی کەوتونەتە ناو پرۆژەکەوە، و ئامادەکردنی کۆنوس و تێیدا ڕوبەری کێڵراوەکان و ژمارە و جۆری چێنراوەکان، و دامەزراوە جێگیرکراوەکان لەسەر زەویەکە و ڕونکردنەوەی شێوەکانیان و سەر بە کوێن بە

شێوەیەك دەچەسپێنرێت، و ڕووبەری ئەو زەوییەی دەکەوێتە ناو پرۆژەکە و چەشنەکەی و شێوازی ئاودانی و جۆری کشتوکاڵ و بەپیتی و سەر بە کوێیە و چی مافێکی عەینی لەسەربێت دیاریدەکرێت. لە کاتی پێویستیدا لیژنەکە دەتوانێ پەنابەرێتەبەر کەسانی پسپۆر. هەروەها کۆنوس لەلایەن سەرۆك و ئەندامانی لیژنە و ئامادەبوانی پێکهاتوو لە پسپۆڕان و کەسانی پەیوەندیدارەوە واژۆدەکرێت.

٣. لیژنەی هەڵسەنگاندن بەگوێرەی بنەماکان و ئەو پێوەرانەی لە یاساکانی چاکسازی کشتوکاڵی و بەیانی دەرچوێنراو بەگوێرەیان هاتوون هەڵدەستن بە هەڵسەنگاندنی بەهای دامەزراوەکانی جێگیرکراو و کێڵراوەکان.

٤. بەهای بەرهەمەکانی هاوینە و زستانە بەگوێرەی نرخی باو لە ناوچەکە لە کاتی سەردانکردن لەدوای راوێژ بە تێچونی دۆنم لە هەر بەرهەمێك بەگوێرەی هەڵسەنگاندنی فەرمانگە کشتوکاڵیە تایبەتمەندەکان لە ناوچەکە دیاری دەکرێت.

٥. لیژنەکە بڕیاری خۆی دەدات بە قەرەبووکردنەوەیەك کە شایستەی خاوەن دامەزراوە و کێڵراوەکان بێت. هەروەها پێڕاگەیاندنی بڕیارەکە بۆ ئەو زەویەی پرۆژەکە دەیگرێتەوە لە ناوەندی یەکەی ئیداری و نوسینگەی نزیکترین کۆمەڵەی هەرەوەزی کشتوکاڵی بڵاودەکرێتەوە و وێنەیەك لە پێڕاگەیاندنەکە بۆ فەرمانگەی ئاودێری تایبەتمەند بەرزدەکرێتەوە.

٦. فەرمانگەی ئاودێری تایبەتمەند، و لایەنە پەیوەندیدارەکان ماف ڕەتکردنەوەی بڕیاری لیژنەکەی هەیە لەلای ئەنجومەنی کشتوکاڵی لە پارێزگا لە ماوەی پانزە ڕۆژ لە ڕێکەوتی پێڕاگەیاندن یان بڵاوکردنەوەی. ئەگەر دەرکەوت ڕەتکردنەوەکە بە فەرمی

پەسەندە، ئەوا پێویستە لیژنەکە چارەسەری بکات، یان بینێرێت بۆ لیژنەیەکی پێکهێنراو بە سەرۆکایەتی یەکێك لە ئەندامەکانی بۆ دوبارە سەردانکردن و هەڵسەنگاندنەوە. لیژنەی ئامازەپێکراو مافی خۆیەتی پەنابەرێتەبەر کەسانی شارەزا، و کۆنوسی ئامادەکراو لەلایەن خۆیەوە بخاتەبەردەم ئەنجومەنی کشتوکاڵی لە پارێزگا، و بڕیارەکەش لەم بارەیەوە کۆتایی دەبێت.

لە حاڵەتی ڕەتنەکردنەوەی بڕیاری هەڵسەنگاندن، ئەوا لیژنەکە پێویستە بریارەکەو کۆنوسەکانی پێشکەشی ئەنجومەنی کشتوکاڵی پارێزگای بکات کە مافی ڕاستاندن یان گەڕاندنەوەی بڕیارەکەی هەیە بۆ بەردەم لیژنەکە بۆ تەواوکردنی کەموکورتییەکانی و ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی تێیدا هاتوون.

٧. لە حاڵەتی هەڵاوێردندا فەرمانگەکانی ئاودێری دەشێ داوا لە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکەن بارودۆخی ئێستا بەخێرایی بچەسپێنن لەسەر زەوییە کشتوکاڵییەکان کە پرۆژەکە یان کارێك لە کارەکانی ئاودێری دەیگرێتەوە. هەروەها پێویستە لەسەر لیژنەی هەڵسەنگاندن دەستبەجێ خاسیەتەکانی زەوییەکە و پاشکۆکان لە دامەزراوەکانی جێگیرکراو لەسەری و کێڵراو و چێنراوەکان بەشێوەیەك بچەسپێنێ لەگەڵ ئاشکراکردنی هۆکارەکانی پاساوهێنانەوە بۆ پەنابردنەبەر ئەم ڕێوشوێنە بە پەلەیە لە کۆنۆسی سەردان و بڕیارەکەدا. هەروەها فەرمانگەکانی ئاودێری دەتوانن دەستبکەن بە لابردنی هەمووی یان بەشێکی بەربەستەکانی ڕێگر لەبەردەم جێبەجێکردنی پرۆژەکە لە دوای چەسپاندنی بارودۆخی ئێستاوە، بەو مەرجەی بڕیارەکە ڕابگەیەنرێت بەپێی بڕگەی (٥) لەم مادەیە.

٨. ئەنجومەنی کشتوکاڵی لە پارێزگا چەند کۆپیەکی بڕیاری هەڵسەنگاندنی ڕاستێنراو بۆ فەرمانگەی ئاودێری تایبەتمەند دابیندەکات، و بەپێی ڕێنماییەکانی ئەنجومەنی باڵای کشتوکاڵی قەرەبووی خاوەن شایستەکان دەکرێتەوە.

لە حاڵەتی ناکۆکی لە نێوان خاوەن شایستەکاندا، بڕی جێناکۆك بە ئەمانەتەوە لەناو خەزێنە هەڵدەگیرێت تاکو چارەسەرکردنی ناکۆکیی لەلایەن دادگا یان لایەنی تایبەتمەند، و وەرگرتنی پلەی کۆتایی بڕیارەکە.

**ماددەی چوارەم :-**

١. بەگوێرەی ئەم یاسایە لیژنەکانی هەڵسەنگاندن پشتدەبەستن بەوەی لە ناو کۆنوسەکانی سەردان و هەڵسەنگاندنی چەسپێنراوە وەکو ئەوەی لە خوارەوە ڕونکراوەتەوە لە ڕوداوی مادی و ئەوەی لە ناو قەواڵە و تۆمار و بەڵگەنامە فەرمیەکان نوسراوەتەوە و بڕیاری خۆی دەدات بەگوێرەی بنەما و بنچینەکانی ناو ئەم یاسایە دەربارەی قەرەبووکردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار و بە ڕاستاندنی بڕیارەکە لەلایەن ئەنجومەنی کشتوکاڵییەوە لە پارێزگا بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.

أ) کۆنوسەکانی هەڵسەنگاندن کە لیژنەکانی دەستبەسەرداگرتن ڕێکیاندەخات کە لەبەر ڕۆشنایی یاسای ژمارە (١٨٩) ی ساڵی ١٩٦٨ی هەموارکراو، پلەی کۆتایی وەرنەگرتوە.

ب) کۆنوسەکانی هەڵسەنگاندن کە لەلایەن لیژنە فەرمیەکانەوە ڕێکخراون و لە لایەنە ئیداریەکان پێکهاتون لەسایەی یاسای ژمارە (١٨٩) ی ساڵی ١٩٦٨، هەموارکراو.

ت) کۆنوسەکانی سەردان کە لایەنە دادوەریەکان ڕێکیدەخەن لە کاتی نەبوونی کۆنوسە فەرمیەکانی لەلایەن لیژنە تایبەتمەندەکانەوە ڕێکخرابن.

٢. کۆنوسە فەرمیەکان کە لەلایەن لیژنەکانی هەڵسەنگاندنەوە ئامادەکراون بەگوێرەی یاسا و سیستەم و ڕێنماییە کارپێکراوەکان ڕێکخراون، لە پێش بەرکار یاسای ژمارە (١٨٩) ی ساڵی ١٩٦٨ ڕەچاودەکرێن، ئەگەر ڕاسپێراو بوو لەلایەن ئەنجومەنی ئیداری پێویستە لەسەر فەرمانگەکانی ئاودێری بڕی چەسپێنراو تێیاندا بۆ خاوەنە پەیوەندیدارەکان هەر کەسەو بەپێی شایستەبونی بەگوێرەی پارێزگاکانی تایبەتمەند بڕی پارەکانیان بۆ خەرج بکرێت.

٣. ئەگەر سیمای زەوی یان چێنراو یان کێڵراو یان دامەزاوەکان بەهۆی جێبەجێکردنی یان بەگەڕخستنی پرۆژەی ئاودێرییەوە فەوتابوو، و کۆنوسێکی فەرمی بۆ ڕێکنەخرابوو ئەوا پێویستە لەسەر لیژنەی هەڵسەنگاندنی پێکهێنراو بەگوێرەی ئەم یاسایە کۆنوسێك لەبارەیانەوە ڕێکبخات و لەبەر ڕۆشنایی زانیاری فەرمی کە دەستی دەکەوێت یان بەڵگەنامە و بەیاننامەی ڕەچاوکراو کە خاوەنی پەیوەندیدار بەرزی دەکاتەوە بڕیاری لەسەر بدات. بڕیارەکە ڕێوشوێنەکانی ئاماژەپێکراوی ناو ئەم یاسایەی لەسەر جێبەجێ دەکرێت سەبارەت بە ڕتکردنەوە و ڕاستاندن و قەرەبوو کردنەوە بۆ نوێکراوەکان و زەویەکان.

## ماددەی پێنجەم :-

بڕگەی (١) لەم مادەیە هەموارکراوەتەوە بەپێی مادەی (٣) لەیاسای هەموارکردنەوەی یەکەم لە یاسای جێبەجێکردنی پڕۆژەی ئاودێری ژمارە (١٣٨) ی ساڵی ١٩٧١، بە ژمارە (١٣٨) دەرچوو لە ڕێکەوتی ١٩٧٥/١١/١٥، و بەم شێوەیەی لێهاتوە:

١. لایەنە هونەریەکان سەر بە فەرمانگەکانی ئاودێری نەخشەی جێبەجێکردنی پڕۆژەکان بۆ لیژنەکانی هەڵسەنگاندنی پێکهێنراو بەگوێرەی بڕگەی (٢) لە مادەی سێ لەم یاسایە دابین دەکەن کە بە پێوەری گونجاو جێبەجێ دەکرێن کە سنوری ئیستملاکی ئەو زەوییانەی پڕۆژەکە دەیانگرێتەوە لەسەریان دیاریکراوە لەگەڵ لیستێك بە ڕوبەری ئەو زەوییانەی ناو پڕۆژەکە کە لایەنی تایبەتمەند پشتگیری کردبێتن کە ڕوبەری زەوییەکان و سەر بە کێن و چەشن و ڕونکردنەوەیان و شێوازی ئاودانی زەوییەکانی ناو پڕۆژەکە دەگرێتەوە ئەو مافە ڕاستەقینانەی لەسەرێتی و ناوی ئەو خاوەنانەی ملکەچن بە ئەحکامی دیاریکردنی خاوەندارێتی کشتوکاڵی و زانیاری پێویستی تر.

٢. لیژنەکانی هەڵسەنگاندن دەبێ وێنەیەك لە بڕیار و کۆنوسەکانی خۆیان و ئەوەی پەیوەندی بە پەڕاو و هێڵکاریەکانیەوە هەیە بنێرێت بۆ بەڕێوبەرێتی چاکسازی کشتوکاڵی لە پارێزگا بۆ ناردنی بۆ لیژنەی زەویوزار و دەستبەسەرداگرتنی تایبەتمەند بۆ جێبەجێکردنی ئەحکامی هەردوو بڕگەی (٢ – ٣) لە مادەی نۆ لە یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ژمارە (١١٧)ی ساڵی ١٩٧٠ و قەرەبوکردنەوەی خاوەنی زەوییە ئیستملاککراوەکان.

٣. ئەگەر لیژنەی زەویوزار و دەستبەسەرداگرتن بۆی دەرکەوت کە ڕووبەری ئیستملاککراو کەمترە لە سنوری دیاریکراو بۆ دابەشکردن بەپێی یاسا ئەوا خاوەن زەوی بە نەقدی قەرەبوو دەکرێتەوە.

٤. ئەگەر ئیستملاککردن بوە هۆی جیاکردنەوەی ئەو بەشەی لە زەوییەکە دەمێنێتەوە کە نەتوانرێت بەشێوەیەکی تەواو سودی لێوەربگیرێت ئەوا لیژنەکە دەتوانێ بڕیار بدات ئەو ڕووبەرانەی دەمێننەوە بە ئیستملاککراو ئەژماربکرێن و قەرەبوی خاوەن زەوییەکە بەرامبەر هەموو زەوییەکەی بکرێتەوە.

٥. پێوەرەکانی ناو بڕگەی سێ لە مادەی نۆ لە یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ژمارە (١١٧) ی ساڵی ١٩٧٠ پەیڕەو دەکرێت لە کاتی هەڵسەنگاندنی زەویوزاری کشتوکاڵی ئیستملاککراو بەگوێرەی ئەحکامی ئەم یاسایە و بەوپێیەش زەوی ڕاگیراو بە ڕاگرتنی ڕاست مامەڵەی زەوی موڵکداری لەگەڵدا دەکرێت و زەوی ڕاگیراو بە ڕاگرتنی ناڕاست مامەڵەی زەوی ڕێپێدراو بە تاپۆکردنی لەگەڵدا دەکرێت بۆ ئەم مەبەستە.

٦. بەڕێوەبەرێتی گشتی زەویوزار و دەستبەسەرداگرتن بڕیارەکانی لیژنەکانی زەویوزار و دەستبەسەرداگرتن دەرچوێنراو بەگوێرەی ئەم مادەیە دەخاتە بەردەم ئەنجومەنی باڵای کشتوکاڵی و داوا دەکات بەگوێرەی مادەی (٢٧) لە یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ژمارە (١١٧) ی ساڵی ١٩٧٠خوێندنەوە و پێداچونەوەیان بۆ بکات.

٧. فەرمانگەکانی ئاو بەگوێرەی ئەحکامی یاسای جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی ئاودێری ژمارە (١٨٩) ی ساڵی ١٩٦٨ و هەموارکردنەوەکەی کە پلەی کۆتایی وەرگرتوە، بەها و نرخی زەوی ئیستملاککراو بەگوێرەی ئەحکامی ئەم یاسایە دادەنێت لەلای

فەرمانگەکانی تاپۆی تایبەتمەند بۆ خەرجکردنیان بۆ ئەو کەسانەی شایستەن و بۆ مەبەستی ڕاییکردنی مامەڵەی تۆمارکردن بەگوێرەی ئەحکامی ئەم یاسایە.

٨. ئەنجومەنی باڵای کشتوکاڵی بۆ مەبەستی کارئاسانکردنی جێبەجێکردنی ئەحکامی ئەم مادەیە ڕێنمایی تایبەت بە بارودۆخەکان و گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست دەردەکات.

## ماددەی شەشەم:-

ئەم مادەیە هەموارکراوەتەوە بەپێی مادەی (٣) لە یاسای هەموارکردنەوەی یەکەم بۆ یاسای جێبەجێکردنی پرۆژەی ئاودێری ژمارە (١٣٨) ی ساڵی ١٩٧١، ژمارەکە (١٣٨)ە لە ڕێکەوتی ١٩٧٥/١١/١٥ دەرچوە، و بەم شێوەیەی خوارەوەی لێهاتوە:

١. ئەگەر ئەو زەوییەی کەوتبوە ناو پرۆژەیەکی ئاودێرییەوە هی کەسێکی ملکەچ بوو بە ئەحکامی دیاریکردنی خاوەندارێتی کشتوکاڵی – یان پشکی ئاشکرای تێدا هەبوو ئەوا لیژنەی هەڵسەنگاندن هەڵدەستێ بە سەردانکردنی و لە کۆنوسی سەردانەکەدا باسی ئەو زەوییە بە وردی دەکات و ڕونیدەکاتەوە کە کەوتۆتە ناو پرۆژەکەوە و شێوازی ئاودانی و چەشن و جۆری کشتوکاڵ تێیدا و ئاستی بەپیتی و چی دامەزراوەیەك و چاندراوێك – کێڵراوێکی تێدایە و سەر بە کێیە و ڕێکخستنەوەی هێڵکاریی بەو زەوییەی چۆتە ناو پرۆژەکەوە و لەگەڵ نەخشەی شوێنەکە دەنرێت بۆ بەڕێوەبەرێتی چاکسازی کشتوکاڵی بۆ ناردنی بۆ سەرۆکایەتی ناوچەی کشتوکاڵی لە پارێزگا بۆ ناردنی بۆ بەردەم لیژنەی زەویوزار و دەستبەسەرداگرتنی تایبەتمەند بۆ

ئەوەی لە کاتی دەرچواندنی بڕیارەکەی دەربارەی زەوی بڕیاردراوی ئاماژەپێکراو تێبینی لەسەر بکات.

٢. ڕوبەری زیادەی زەوییەکانی ئەو کەسانەی ملکەچی ئەحکامی سنورداركردنی خاوەندارێتی کشتوکاڵین لە ئەوپەڕی سنوری دیاریکراودا کە کەوتونەتە ناو پڕۆژەکەوە بە دەستبەسەرداگیراو ڕەچاو دەکرێن لەو ڕێکەوتەی ئەو ئەحکامە دەیانگرێتەوە یان لە ڕێکەوتی دەستکردن بە کارەکانی جێبەجێکردنی پڕۆژەکە هەر کامێکیان پێشتر بێت و خاوەنە کۆنەکانیان قەرەبوو ناکرێنەوە تەنها بۆ چێنراو و کێڵراو و دامەزراوە بنیادنراوەکانی سەر زەوییەکە و قەرەبوو لە دوای وەرگرتنی پلەی کۆتایی بۆ بڕیارەکە دەدرێت بەگوێرەی ئەو ڕێنماییانەی ئەنجومەنی باڵای کشتوکاڵی دەریدەکات.

٣. ئەگەر پڕۆژەیەکی ئاودێری هەموو زەوییە کشتوکاڵیەکانی کەسێکی ملکەچ بە ئەحکامی سنورداركردنی خاوەندارێتی کشتوکاڵی گرتەوە یان بەشێك لەو زەوییانەی مافی خۆیەتی هەڵیبگرێتەوە، ئەوا قەرەبووی ئەو ڕوبەرەی ناو پڕۆژەکە دەکرێتەوە لەسەر ئەوپەڕی سنوری دیاریکراو بە زەوییەك لە زەوییەکانی چاکسازی کشتوکاڵی لە ناوچەکە بەگوێرەی ڕێژەی دانراو لە یاسای تایبەت بە سنورداركردنی خاوەندارێتی کشتوکاڵی دەیگرێتەوە و ئەگەر زەوییەك بە هاوتای زەویە ئیستملاككراوەکەی خۆی لە هەمان ناوچەدا پەیدانەبوو ئەوا خاوەنەکەی دەتوانێ داوای شوێنێکی تر بکات بۆ قەربوو کردنەوە یان قەرەبوو نەقدی بکرێتەوە بەگوێرەی ڕێیاسا ئاماژەپێکراوەکان لەم یاسایەدا.

٤. لە کاتی دیاریکردنی ڕەگەزی زەوی و شێوازی ئاودان و ڕادەی بەپیتی و جۆری کێڵانی زەوی ملکەچ بە سنورداركردنی خاوەندارێتی کشتوکاڵی لە کاتی لەناوبردنی یان نوقمکردنی بە ئاو بەشێوەیەکی هەمیشەیی بەهۆی پڕۆژەیەکی ئاودێریەوە پشت دەبەسترێت بەوەی چەسپێنراوە لە ناو قەواڵە و تۆمار و کۆنوسە فەرمییەکاندا کە لایەنی تایبەتمەند ڕێکیخستون و لە کاتی نەشیاوبونی ئەمەشدا لیژنەکە لێکۆڵینەوە لە ناوچەکە دەکات و بڕیار لەسەر ئەوە دەدات کە لەو بارەیەوە بۆی دەردەکەوێت.

## ماددەی حەوتەم:-

١. ئەگەر جێبەجێکردنی یان بەگەڕخستنی پڕۆژەیەکی ئاودێری ببێتە هۆکاری بڕینی ئاو لە زەوییەکی کشتوکاڵی و نەتوانرا ئاو بگەیەنرێت یان زەرەرمەندبوونیان بە ئاوی ئاودێری و ئاودان و ژێرئاوکەتنی یان لە کاتی بردنی یان هێنانی خاك لێی یان کەمکردنی بەرهەمی یان سود لێوەرگرتنی بە هەر شێوازێك بوبێت زیانی بەربکەوێت کە نەتوانرێ وەکو پێشتر کشتوکاڵی تێدابکرێت ئەوا خاوەنەکەی قەرەبوو دەکرێتەوە بەبڕی پێنج سەد فلس لە هەر دۆنمێك تێیدا کەوتبێتە دەرەوەی ئەو ڕوبەرانەی پڕۆژەکە و قەدەغەکراوەکانی و بینا تایبەتیەکانی لە هەر وەرزێکی کشتوکاڵی دوای ئەو وەرزەی نەتوانراوە زەوییەکە کشتوکاڵی تێدا بکرێت تاکو ڕێکەوتی دورخستنەوەی زیانەکە لە زەوییەکە، هەروەها یەکەم ڕۆژ لە مانگی تشرینی یەکەمی هەموو ساڵێك بە دەستپێکی وەرزی چاندنی زستانە دادەنرێ و یەکەم ڕۆژ لە نیسانی هەموو ساڵێك بە دەستپێکی وەرزی چاندنی هاوینە دادەنرێ بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی حوکمی ئەم بڕگەیە، بە مەرجێك بەهای ئەم قەرەبووە لە بەهای زەوی ئیستملاککراو بەگوێرەی ئەحکامی ئەم یاسایە تێپەڕنەکات.

٢. ئەگەر لە ئەنجامی کارەکانی ئاودێری ئاماژەپێکراو لە بڕگەی (١)ی ئەم مادەیە بووە هۆی زیان گەیاندن یان فەوتانی چێنراو یان کشتوکاڵ یان دامەزراوەکانی سەر زەویەکە کە پێشتر ئاماژەی پێنەدراوە ئەوا خاوەنەکەی بەگوێرەی ئەحکامی ئەم یاسایە قەرەبوو دەکرێتەوە بەرامبەر ئەوەی فەوتاوە یان زیانپێگەیشتوە.

٣.لیژنەی پێکهێنراو بەگوێرەی بڕگەی (٢) لە مادەی (سێ) لەم یاسایە لەسەر داوای خاوەنی پەیوەندیدار هەڵدەستێ بە سەردانکردنی زەوییەکان و نوێکراوەکان و چێنراوە زیانپێگەیشتوەکان و ئەگەر زیانەکە سەلمێنرا ئەوا قەرەبووی خاوەن زەویەکە دیاری دەکرێت و بەگوێرەی ئەحکامی ئەم یاسایە بۆ جێبەجێکردنی حوکمی هەردوو بڕگەی (١ و ٢) لەم مادەیە، بەهای زەوی و نوێکراوەی ئیستملاککراوی زیانپێگەیشتوو دیاریدەکرێت.

٤.کۆنوسەکانی دەرخستنی زیانەکان بۆ مەبەستی ڕاستاندن بەرز دەکرێنەوە بۆ بەردەم ئەنجومەنی کشتوکاڵی لە پارێزگا و بەو پێیەش ئەحکامی هەردوو بڕگەی (٦ و ٨) لە مادەی (سێ) لەم یاسایە جێبەجێ دەکرێت.

## ماددەی هەشتەم:-

ئەم مادەیە هەموارکراوەتەوە بەپێی مادەی (٣) لە یاسای هەموارکردنەوەی یەکەم لە یاسای جێبەجێکردنی پڕۆژەی ئاودێری ژمارە (١٣٨) ی ساڵی ١٩٧١، ژمارەکەی (١٣٨)ە لە ڕێکەوتی ١٩٧٥/١١/١٥ دەرچووە، و بەم شێوەیەی خوارەوەی لێهاتووە:

١. ئەحكامی ئەم یاسایە لەسەر هەموو زەویەكانی كشتوكاڵی جێبەجێ دەكرێت كە كەوتبنە ناو یان دەرەوەی سنوری ئەمینداریەتی پایتەخت و شارەوانیەكانەوە. هەروەها زەویەكان بۆ ئەم مەبەستە بە زەوی كشتوكاڵی دادەنرێن ئەگەر بەم شێوەیە لە فەرمانگەكانی تۆماركردنی خانوبەرەی تایبەتمەند تۆماركرابن. و لەوەش زەوییە كشتوكاڵیەكان بەدەردەكرێن كە جیاكراونەتەوە بۆ زەوی نیشتەجێبون و لایەنەكانی تایبەتمەند ڕاستاندنی بۆ نەخشەكانی جیاكردنەوەیان كردوە لە پێش بەركاری ئەم یاسایە بۆ ئەو كەسانەی ملكەچنین بە ئەحكامی دیاریكردنی خاوەندارێتی كشتوكاڵی، و لە پێش بەركاریشی بۆ ئەو كەسانەی ملكەچن بەو ئەحكامە.

٢. فەرمانگەكانی ئاودێری دەتوانن لە كاتی پێویستیدا باری ئێستای ئەو زەوییانەی كە كشتوكاڵی نین و پڕۆژەی ئاودێری دەیانگرێتەوە بە پەلە بچەسپێنن لەلایەن لیژنەكانی پێكهاتوو بەگوێرەی بڕگەی (٢) لە مادەی (٣) و بەپێی پێویستی دەستبكەن بە لابردنی نوێكراوەكان و بەربەستەكان بەو مەرجەی مامەڵەی ئیستملاككردنیان بەگوێرەی ئەحكامی یاسای ئیستملاك بێت.

**ماددەی نۆهەم :-**

١.دادگاكان گوێ لە هیچ كام لەو داوایانە ناگرن لە ئەنجامی جێبەجێكردنی حوكمەكانی ئەم یاسایەوە بەرزدەكرێنەوە تەنها ئەو داوایانەی لەلایەن داواكارانی شایستەی قەرەبووەوە بەرزدەكرێنەوە و بڕیارەكانیان پلەی كۆتاییان بەدەستهێناوە بۆ قەرەبوكردنەوەیان بەگوێرەی حوكمەكانی.

٢. گویّ ناگیرێت لە داواكانی كرێی هاوتا لەسەر زەوییە ئیستملاككراوەكان بۆ مەبەستەكانی ئاودێری كە بڕیارەكانی ئیستملاككردنیان پلەی كۆتایی وەرگرتوە لە پێش بەركاری ئەم یاسایە لە ماوەی پێش ئیستملاككردن.

٣. كار بە حوكمەكانی ئەم یاسایە دەكریّ لەسەر ئەو كەیسانەی پلەی كۆتاییان وەرنەگرتوە.

٤. نە خاوەن زەویەكان نە هیچ كەس بۆی نیە دەستكاری زەوی بكات یان كشتوكالّ لەو ڕوبەرانەدا بكات كە پرۆژەكانی ئاودێری دەیانگرێتەوە لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی دەستكردن بە كارەكانی جێبەجێكردن لەلایەن فەرمانگەكانی ئاودێرییەوە و سەرپێچیكار شایستەی هیچ قەرەبوویەك نابێت.

**ماددەی دەهەم:-**

هەر كەسێك هەولّبدات بە ڕاگرتنی یان ببێتە هۆكارێك بۆ ڕاگرتنی هەر كارێك لە كارەكانی جێبەجێكردنی پرۆژەی ئاودێری سزا دەدرێت بە بەندكردن بۆ ماوەی زۆرتر نەبیّ لە یەك سالّ یان پێبژاردن بە بڕی زۆرتر نەبیّ لە سەد دینار یان بە هەردوو سزاكە.

**ماددەی یازدەهەم :-**

١. یاسای ژمارە (١٨٩) ی سالّی ١٩٦٨ و هەمواركردنەوەكەی ژمارە (٥٠) ی سالّی ١٩٧٠پوچەلّ دەكرێتەوە.

٢. یاسای ژمارە (١٢١) ی ساڵی ١٩٦٧ و هەمواركردنەوەكەی ژمارە (١٢٨) ی ساڵی ١٩٦٩پوچەڵ دەكرێتەوە و ئەو زەوییانەی حوكمەكانی یاساكە دەیانگرێتەوە لە ڕێكەتی ژێرئاوكەوتنیان كە فەرمەنگەكانی ئاودێری تایبەتمەند دیاریدەكات بە ئیستملاككراو ئەژمار دەكرێن و حوكمەكانی ئەم یاسایەیان بەسەردا جێبەجێ دەكرێ.

**ماددەی دوازدەهەم :-**

ئەنجومەنی باڵای كشتوكاڵی دەتوانێ ڕێنماییەكانی كارئاسانكردنی جێبەجێكردنی ئەم یاسایە دەربكات.

**ماددەی سێزدەهەم:-**

ئەم یاسایە لە ڕێكەوتی بڵاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمیدا كاری پێدەكرێت.

**ماددەی چواردەهەم:-**

پێویستە لەسەر وەزیرەكان دەستبەكاربن بە جێبەجێكردنی ئەم یاسایە.

**احمد حسن بكر**

**سەرۆكی ئەنجومەنی سەرۆكایەتی شۆڕش**

لەڕۆژنامەی وەقائیعی عیراقی ژمارە ٢٠٥٣، لەڕێكەوتی ١٩٧١/١٠/١٠ بڵاوكراوەتەوە.

## ٣. یاسای ژمارە ( ٥٩ ) ی ساڵی ١٩٨٧

## یاسای بەکارهێنانی کەناراوەکان

**ماددەی یەکەم:-**

واتای دەربڕینەکانی خوارەوە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە لەلایانەوە دانراوە:

١. **ڕووبار:** ڕێچکە ئاوی سروشتی سەرەکییە، سەرچاوە و تێڕژانی هەیە، سەرچاوەی ئاوەکانی هەڵقوڵانی کانی و ئاوی ژێرزەوی یان دەریاچەکان و یان هی زۆرترە، و ئەم سەرچاوانە هەموویان یان هەندێکیان بەشدارن لە ڕۆشتنی، و دەشێ ئاوەکەی بەدرێژایی ساڵ بەردەوام بێ یان ناوبەناو بپچڕێ.

٢. **جۆگە:** ڕێچکە ئاوی سروشتییە دەڕژێتە ناو ڕووبارێکی سەرەکییەوە، سەرچاوەی ئاوەکانی وەکو سەرچاوەی ئاوی ڕووباری سەرەکین، دەشێ ئاوەکەی بەدرێژایی ساڵ بەردەوام یان ناوبەناو بپچڕێ.

٣. **ئاستی ئاو:** بڕی بەرزبونەوەی سەر ڕوی ئاوە لەسەر ڕوی ئاوی دەریا.

٤. **کەنداو** (جەزر): زەوی ناو ڕووبارێکی خوڕ یان جۆگەیەکە چواردەوری بە ئاو گیراو و دەشێ ئاو دایپۆشێ یان داینەپۆشێ.

٥. **حەوزی ڕووبار:** زەوی چواردەورگیراو لە نێوان بەربەستی هەڵبەسراو یان ڕۆخی دەورەدراو یان جۆگە لە هەردوولاوە.

٦. **حەوزی دەریاچە یان عەمباراو:** ڕوبەری زەوی قەتیسماوە لە نێوان بەربەستی هەڵبەسراو یان زەوییە بەرزەکان و ئەم ڕوبەرە بۆ مەبەستەکانی گلدانەوەی ئاو تەرخانکراوە.

٧. **بەربەستی هەڵبەسراو:** بەربەستێکە لە خۆڵ کە دەوڵەت لە دەرەوەی حەوزی ڕوبار یان جۆگە یان دەریاچە یان عەمباراوێك بنیادی دەنێ بۆ پاراستنی زەوییەکان لە مەترسی لافاو یان بەرزی ئاستی ئاوەکان.

٨. **ڕۆخ:** بەرزەکەناری ڕوبار یان جۆگەیە کە بەرزبونەوەی ئاستی ئاوەکان دایناپۆشێ.

٩. **هێڵی نقومبونی سەرەوە:** ئەو هێڵەیە ئاوی دەریاچە یان عەمباراوەکانی پێدەگات لە بەرزترین ئاستیدا.

١٠. **کەناری ڕوبار:** زەوییەکی دیارە کە دەکەوێتە ناو حەوزی ڕوبار یان جۆگە لە نێوان لێواری ئاستی ئاوی وەستاوی هێواش و نێوان ڕۆخی ڕوبار یان بەربەستی هەڵبەسراو.

١١. **کەناری دەریاچە یان عەمباراو:** زەوییەکی دیارە کە دەکەوێتە ناو حەوزی دەریاچە یان عەمباراوی ئاوی وەستاو و نێوان بەربەستی هەڵبەسراو یان هێڵی نوقبونی سەرەوەی ئاوەکە.

١٢. **قەدەغەکراو :** زەوی نزیك لە بەربەست یان ڕوبار یان جۆگەی تەرخانکراوە بۆ خزمەتکردن بەگوێرەی ئەحکامی یاسای ئاودێری.

## ماددەی دووەم :-

أ- ئامانجی ئەم یاسایە ڕێکخستنی بەکارهێنانە لە کەناراوەکانی دیجلە و فورات و ڕوبارە سەرەکییەکان و جۆگەکانیان و دەریاچەکان و عەمباراوەکان و زەوییەکانی تەنیشتیان و مسۆگەرکردنی ئاڕاستەی لافاوەکان و ڕێگەگرتن لە پیسبون بەبێ ڕەچاوکردنی جۆری پەیوەندیی بە زەوییەوە وەکو مافی موڵکداری یان مافی دەستکاریکردن یان مافی سودلێوەرگرتن یان بەکرێدان یان مامەڵەپێوەکردن.

ب- وەزیری ئاودێری بە ڕەزامەندی سەرۆك کۆمار دەسەڵاتی لابردنی دامەزراوەکان و تەگەرەکانی بنیادنراوی تر لە پێش دەرچونی ئەم یاسایەی هەیە کە دەبنەهۆی تەگەرەخستنەبەردەم ئاڕاستەی ئاو بۆ ناو حەوزی ڕوبار و دەبنەهۆکاری تەسککردنەوەی ئاڕاستەی ڕۆشتنی ئاویی و دەبنەهۆکار حەوزەکە بەرگەی لێشاوی لافاوەکان نەگرێت.

## ماددەی سێیەم :-

نابێ کەڵك لە هیچ زەوییەك بۆ کشتوکاڵ یان چاندن یان دروستکردنی بینا یان پڕۆژە تێیدا وەربگیرێ کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیگرێتەوە مەگەر بە ڕەزامەندی وەزارەتی ئاودێری و وەزارەتی کشتوکاڵ بێ.

**ماددەی چوارەم :-**

ئەم مادەیە پوچەڵکراوەتەوە بەپێی مادەی (١) لە هەموارکردنەوەی یاسای بەکارهێنانی کەناراوەکانی ژمارە (٥٩) ی ساڵی ١٩٨٧، ژمارەکەی (٧) دەرچوو لە ساڵی ١٩٩٠ و گۆڕاوە بەم دەقەی خوارەوە:

یەکەم:

١. دەشێ بێستان و بینا و پرۆژەی تر لەلاکانی ڕوباری بەردەم بەربەستی هەڵبەسراو یان لە پشتییەوە دروستبکرێ بەشێوەیەك كار نەكەنەسەر ئاڕاستەی لێشاوی ئاوی ڕوبارەکە و پیسبونی.

٢. وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری ئاڕاستەی ڕوبار و ڕەهەندە پێویستەکانی کۆتایی بۆ لێشاوی ئاو و ئاوەڕۆبونە بەرزەکان دیاریدەکات.

٣. ڕێگە دەدرێ بە چاندنی بەرهەمەکانی کشتوکاڵی بەبێ ڕەچاو کردنی دووری دیاریکراو ڕێچکەی ڕوبارەکەوە.

دووەم: هەردوو وەزیری حوکمی خۆجێی و کشتوکاڵ و ئاودێری و ئەمینی بەغداد هەر یەکەیان لە سنوری بەرپرسیارێتی خۆیدا سەرپشك دەکرێت بۆ لابردنی ئەو دامەزراوانەی بەپێچەوانەی حوکمەکانی برگەی یەکەم لەم مادەیە هەڵدەبەسترێن لەسەر حسابی خاوەن دامەزراوەکان خۆیان بەبێ قەرەبووکردنەوەیان، کاتێك ئەم

لایەنانە بۆیان دەربکەوێت کە دامەزراوەکە تەگەرەی دروستکردوە لەبەردەم ڕێچکە ڕوبار یان دەبنە هۆکاری پیسبونی.

سێیەم: دامەزراوەکانی گەشتیاری هەڵبەسراو یان ئەوانەی لە نزیك کەناراوەکانی دەریاچەکان هەڵدەبەسرێن کە هۆکارەکانی تەندروستی و ژینگەییان تێدایە بەدەردەکرێن لە حوکمەکانی بڕگەی یەکەم و دووەم لەم مادەیە.

## ماددەی پێنجەم :-

سەرۆکی یەکەی کارگێڕی لەسەر داوای فەرمانگەی ئاودێری ڕێکارە پێویستەکان بۆ ڕاگرتنی کارەکان بە پێچەوانەی ئەحکامی ئەم یاسایەوە دەگرێتەبەر.

## ماددەی شەشەم :-

یەکەم: سەرپێچیکار لە حوکمەکانی ئەم یاسایە بە بژاردنێك کەمتر نەبێ لە سەد دینار و زۆرتر نەبێ لە پێنج سەد دینار سزا دەدرێ.

دووەم: سەرپێچیکار لەم یاسایە بە بەندکردن بۆ ماوەی زۆرتر نەبێ لە یەك ساڵ و بژاردنی کەمتر نەبێ لە سێ سەد دینار و زۆرتر نەبێ لە هەزار دینار یان بە یەکێکیان سزا دەدرێ ئەگەر بە کارێك هەستێ بە پێچەوانەی ئەم یاسایە لە دوای حوکمدان بە ئیدانەکردن و سزادان بەرامبەر سەرپێچی یەکەمجاری.

سێیەم: بڕیار لەسەر لابردنی پێشێلکاریەکە لە بڕیاری حوکمی ئیدانەکردن و سزادان لەسەر حسابی سەرپێچیکار دەدرێ.

## ماددەی حەوتەم:-

یەکەم: سەرۆکی یەکەی کارگێڕی دەسەلاَتی دادوەری کەتنی پێدەدرێ بۆ مەبەستی سەپاندنی سزای پێبژاردنەکە زۆرتر نەبێ لە سێ سەد دینار بەرامبەر سەرپێچیکردن لە ئەحکامی ئەم یاسایە، ئەگەر دەرکەوت سەرپێچییەکە سزای سەختتر هەڵدەگرێ، ئەوا داواکە دەنێرێت بۆ دادگای کەتنی تایبەتمەند.

دووەم: ئەگەر سەرپێچیکار بژاردنی سەپێنراو لەلایەن یەکەی کارگێڕییەوە نەدات، ئەوا داواکە دەنێرێت بۆ دادگای کەتن بۆ گۆڕین بەندکردن کردن.

## ماددەی هەشتەم:-

ڕاپۆرتی پێشکەشکراو لەلایەن فەرمانبەری تەرخانکراو لە فەرمانگەی ئاودێری پشتیوانکار بە شایەتییەکەی بە بەڵگەی تەواو دادەنرێ بۆ چەسپاندنی سەرپێچی لە ئەحکامی ئەم یاسایە ئەگەر بەڵگەی یەکلاکەرەوە بە پێچەوانەوەی نەبێ.

## ماددەی نۆهەم:-

بڕیارەکان و حوکمەکان کە لەسەر داخوازییەکان دەدرێن بەگوێرەی ئەم یاسایە ملکەچن بۆ تانەلێدانی دیاریکراو بەپێی یاسای دادڕەوی کراوی سزای .

**ماددەی دەهەم:-**

یەکەم: حوکمەکان بۆ لابردنی سەرپێچییەکە بە وەرگرتنی پلەی کۆتایی جێبەجێ دەکرێن ئەویش بەوەی ئەندازیاری تایبەتمەندی ئاودێری سەرپێچیکار ئاگاداردەکاتەوە بە لابردنی سەرپێچییەکەی لە ماوەیەکی گونجاوی دیاریکراودا، ئەگەر لاینەبرد ئەوا فەرمانگەی ئاودێری لەسەر حسابی سەرپێچیکار لایدەبات.

دووەم: ئەگەر ترس لە مانەوەی سەرپێچی هەبێ زیان بە گیانی خەڵك یان موڵکەکان بگەیەنێ ئەوا فەرمانگەی ئاودێری بەپەلە بە بڕیارێك لەلایەن وەزیری ئاودێری یان ڕاسپێرراوەکەی هەڵدەستێ بە لابردنی سەرپێچییەکە لەسەر حسابی سەرپێچیکار.

سێیەم: بەگوێرەی ئەحکامی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزەکانی حکومەت، خەرجی لابردنی سەرپێچی بە خستنەسەری باری کارگێڕی بە ڕێژەی ٢٠٪ لە سەرپێچیکار وەردەگیرێ.

**ماددەی یازدەهەم:-**

یەکەم: وەزیری ئاودێری بۆی هەیە بەیان دەربکات بەوەی حوکمەکانی ئەم یاسایە هەر ئاڕاستەیەکی ئاویی بگرێتەوە یان هەر ئاڕاستەیەکی ئاویی بەدەربکات یان دەریاچەیەك یان عەمباراوێك یان بەنداوێك لە حوکمەکانی.

دووەم: وەزیری ئاودێری بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری کشتوکاڵ ڕێنمایی پێویست دەردەکەن بۆ کارئاسانکردنی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی دوازدەهەم:-**

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمیدا جێبەجێ دەکرێ.

**سەدام حوسەین**

**سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش**

بڵاوکراوتەوە لە وەقائعی عێراقی ژمارە (٣١٥٧) لە ڕێکەوتی ١٩٨٧/٠٦/٠٧

## ٤. ڕێنماییەکانی ژمارە ( ١ ) بۆ ساڵی ١٩٨٧
## یاسای ژمارە ( ١٣٨ )، بۆ ساڵی ١٩٧١

## یاسای جێبەجێکردنی پرۆژەکانی ئاودێری ( هەموارکراو )

**مادەی ١**

ئەم یاسایە بە مەبەستی پرۆژەکانی ئاودێریی دێت، پرۆژەو کارەکان دەگرێتەوە کە فەرمانگەکانی ئاودێری ڕاستەوخۆ یان بەهۆی بەڵێندەرەکانەوە جێبەجێیان دەکەن وەکو دروستکردن یان باشڕاگرتن یان فراوانکردن یان برەودان بە ڕوبار و جۆگا و ئاودان و گرتنەوەکان، بەنداو و بینا و عەمبارو ئاوەڕۆکان لەگەڵ قەدەغەکراوەکانیاندا، و بەگەڕخستنی ئەم پرۆژانە.

**مادەی ٢**

١. زەوی پرۆژەکانی ئاودێری کە لە دوای جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دێنە کایەوە یان زەوییەکانی هەر بەشێکی دیاریکراوییان (ئەگەر پرۆژەکە دابەشکرابوو بۆ دوو بەش یان زۆرتر و کارەکانی جێبەجێکردنی پرۆژەکان لە هەر بەشێکدا بە جیا ئەنجامبدرێت) و زەوی بیناکانی بەگەڕخستنی پرۆژەکە لە دەرەوەی قەدەغەکراوەکانی کە بەشێوەیەکی هەمیشەیی لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی وەزیری ئاودێری یان ئەو کەسەی ڕایدەسپێرێت بۆ دەستکردن بە جێبەجێکردنی پرۆژەکە یان بەشێکی دیاریکراو لێی بە حوکمی ئیستملاککراو ڕەچاودەکرێن.

٢. زەوی پرۆژەکانی ئاودێری کە کارەکانی جێبەجێکردن تێیاندا دەستیپێکردوە و هەموو ئەم کارانە لە پێش بەسەرچونی ئەم یاسایە تەواونەکراون، و زەوی بیاناکانی بەگەڕخستنی پرۆژەکان لە دەرەوەی قەدەغەکراوەکان بەشێوەیەکی هەمیشەیی لە ڕێکەوتی دەستکردن بە جێبەجێکردنیان بە حوکمی ئیستملاککراو ڕەچاودەکرێن.

٣. زەوی پرۆژەکانی ئاودێری کە کارەکانی جێبەجێکردن تێیاندا لە پێش بەسەرچونی ئەم یاسایە دەستیپێکراوە، و زەوی بیاناکانی بەگەڕخستنی پرۆژەکان بەشێوەیەکی هەمیشەیی لە ڕێکەوتی دەستکردن بە جێبەجێکردنیانەوە بە حوکمی ئیستملاککراو ڕەچاودەکرێن ئەگەر بڕیارەکانی ئیستملاککردنیان بەگوێرەی ئەحکامی یاسای ئیستملاك یان هەر یاسایەکی تر پلەی کۆتایی وەرنەگرتبی و ئەحکامەکانی ئەم یاسایەی بەسەردا دەسەپێنرێت.

٤. مافی خاوەن زەوی کە بە ئیستملاککراو ئەژمار دەکرێت بەپێی بڕگەکانی (١، ٢ و ٣)ی ئەم مادەیە دەگوازرێتەوە بۆ قەربووکردنەوە، زەوییەکەش وەکو زەوی ئەمیری تەواو تۆماردەکرێت بۆ مەبەستەکانی ئاودێری بە بێ مافی ڕاستەقینە.

٥. خاوەنی مافی موڵکداری، بەپێی ئەحکامی یاسای کوژاندنەوەی مافی موڵکداری ژمارە (١٥٠)، بۆ ساڵی ١٩٦٧ی هەموارکراو، یان هەر یاسایەکی تری جێگرەوە، شایستەی ڕێژەیەکی دیاریکراوە لە بڕی قەرەبوو و مافی موڵکداری دەگوازرێتەوە بۆ ئەو زەوییەی لەسەری قەرەبووکراوە لە کاتی قەرەبووی ڕاستەقینە بە هەمان ڕێژەکەی خۆی لە زەوی ئیستملاککراو.

**مادەی ٣**

ئەم مادەیە هەڵوەشێنراوەتەوە، بەگوێرەی مادەی (١) لە یاسای هەموارکردنەوەی یەکەم بۆ یاسای جێبەجێکردنی پرۆژەی ئاودێری ژمارە (١٣٨) بۆ ساڵی ١٩٧١ و گۆڕاوە بەم دەقەی خوارەوە:

١. وەزیری ئاودێری، یان ڕاسپێردراوەکەی، لەڕێی پەخشکردن لە ناوەندی ڕاگەیاندنەوە، دەستکردن بە جێبەجێکردنی هەر پرۆژەیەکی یان بەشێك لە ئاودێری ڕادەگەیەنێت، و لە ڕۆژنامەی ناوخۆییدا بڵاودەکرێتەوە ئەو ناوچە و کەرتانە دیاریدەکرێن کە کە پرۆژەکەیان پێدا تێپەڕدەبێت، و داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکات بەگوێرەی ئەم یاسا پێکهێنراوە لە ماوەی دە ڕۆژ لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی سەردانی لیژنەکانی تایبەتمەند بکەن بۆ پێڕاگەیاندنیان بە وادەی سەردانی زەوییەکانیان بەپێی نوسراوی پێڕاگەیاندن.

٢. پارێزگار، یان ڕاسپێردراوەکەی، فەرمان دەردەکات بە پێکهێنانی لیژنەیەك یان زیاتر بۆ هەڵسەنگاندن لە هەر پارێزگایەك بە سەرۆکایەتی یەکێك لە سەرۆکەکانی یەکە ئیدارییەکان، و بە ئەندامێتی نوێنەری هەر یەکێك لە فەرمانگەکانی ئاودێری، و کشتوکاڵ و چاکسازی کشتوکاڵ، و دارایی، و یەکێتی کۆمەڵەی جوتیاران لە پارێزگا، بۆ مەبەستی سەردانکردنی ئەو زەویانەی لەلایەن فەرمانگەکانی ئاودێرییەوە ئاماژەیان لەسەر دانراوە کە ڕەچاوکراون بەوەی کەوتونەتە ناو پرۆژەکەوە، و ئامادەکردنی کۆنوس تێیدا ڕوبەری کێڵراوەکان و ژمارە و جۆری چێنراوەکان، و دامەزراوە جێگیرکراوەکان لەسەر زەوییەکە و ڕونکردنەوەی شێوەکانیان و سەر بە کوێن بە شێوەیەکی وورد دەچەسپێنرێت، و ڕوبەری ئەو

زەوییەی دەكەوێتە ناو پڕۆژەكە و چەشنەكەی و شێوازی ئاودانی و جۆری كشتوكاڵ و بەپیتی و سەر بە كوێیە و چی مافێكی ڕاستەقینەی لەسەربێت دیاریدەكرێت. لە كاتی پێویستیدا لیژنەكە دەتوانێ پەنابەرێتەبەر كەسانی پسپۆر. هەروەها كۆنوس لەلایەن سەرۆك و ئەندامانی لیژنە و ئامادەبوانی پێكهاتوو لە پسپۆڕان و كەسانی پەیوەندیدارەوە واژوودەكرێت.

٣. لیژنەی هەڵسەنگاندن بەگوێرەی بنەماكان و ئەو پێوەرانەی لە یاساكانی چاكسازی كشتوكاڵی و زانیاریەكانی دەرچوێنراو بەگوێرەیان هاتوون هەڵدەستن بە هەڵسەنگاندنی بەهای دامەزراوەكانی جێگیركراو و كێڵراوەكان.

٤. بەهای بەرهەمەكانی هاوینە و زستانە بەگوێرەی نرخی باو لە ناوچەكە لە كاتی سەردانكردن لەدوای راوێژ بە تێچونی دۆنم لە هەر بەرهەمێك بەگوێرەی هەڵسەنگاندنی فەرمانگە كشتوكاڵیە تایبەتمەندەكان لە ناوچەكە دیاری دەكرێت.

٥. لیژنەكە بڕیاری خۆی دەدات بە قەرەبووكردنەوەیەك كە شایستەی خاوەن دامەزراوە و كێڵراوەكان بێت. هەروەها پێڕاگەیاندنی بڕیارەكە بۆ ئەو زەویەی پڕۆژەكە دەیگرێتەوە لە ناوەندی یەكەی ئیداری و نوسینگەی نزیكترین كۆمەڵەی هاوكاری كشتوكاڵی بڵاودەكرێتەوە و وێنەیەك لە پێڕاگەیاندنەكە بۆ فەرمانگەی ئاودێری تایبەتمەند بەرزدەكرێتەوە.

٦. فەرمانگەكانی ئاودێری تایبەتمەند، و لایەنە پەیوەندیدارەكان مافی ڕەتكردنەوەی بڕیاری لیژنەكەی هەیە لەلای ئەنجومەنی كشتوكاڵی لە پارێزگا لە ماوەی پانزە ڕۆژ لە ڕێكەوتی پێڕاگەیاندن یان بڵاوكردنەوەی. ئەگەر دەركەوت ڕەتكردنەوەكە بە فەرمی پەسەندە، ئەوا پێویستە لیژنەكە چارەسەری بكات، یان بینێرێت بۆ

لیژنەیەکی پێکهێنراو بە سەرۆکایەتی یەکێك لە ئەندامەکانی بۆ دوبارە سەردانکردن و هەڵسەنگاندنەوە. لیژنەی ئامازەپێکراو مافی خۆیەتی پەنابەرێتەبەر کەسانی شارەزا، و کۆنوسی ئامادەکراو لەلایەن خۆیەوە بخاتەبەردەم ئەنجومەنی کشتوکاڵی لە پارێزگا، و بڕیارەکەش لەم بارەیەوە کۆتایی دەبێت.

لە حاڵەتی ڕەتنەکردنەوەی بڕیاری هەڵسەنگاندن، ئەوا لیژنەکە پێویستە پێکەوە لەگەڵ کۆنوسەکە پێشەکەشی ئەنجومەنی کشتوکاڵی پارێزگای بکات کە مافی ڕاستاندن یان گەڕاندنەوەی بڕیارەکەی هەیە بۆ بەردەم لیژنەکە بۆ تەواوکردنی کەموکورتییەکانی و ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی تێیدا هاتوون.

٧. لە حاڵەتی جیادا فەرمانگەکانی ئاو دەشێ داوا لە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکەن بارودۆخی ئێستا بەخێرایی بچەسپێنن لەسەر زەوییە کشتوکاڵییەکان کە پڕۆژەکە یان کارێك لە کارەکانی ئاودێری دەیگرێتەوە. هەروەها پێویستە لەسەر لیژنەی هەڵسەنگاندن دەستبەجێ خاسیەتەکانی زەوییەکە و پاشکۆکان لە دامەزراوەکانی جێگیرکراو لەسەری و کێڵڕاو و چێنراوەکان بەشێوەیەکی وورد بچەسپێنێ لەگەڵ ئاشکراکردنی هۆکارەکانی پاساوهێنانەوە بۆ پەنابردنەبەر ئەم ڕێوشوێنە بە پەلەیە لە کۆنۆسی سەردان و بڕیارەکەدا. هەروەها فەرمانگەکانی ئاودێری دەتوانن دەستبکەن بە لابردنی هەمووی یان بەشێکی بەربەستەکانی ڕێگر لەبەردەم جێبەجێکردنی پڕۆژەکە لە دوای چەسپاندنی بارودۆخی ئێستاوە، بەو مەرجەی بڕیارەکە پێڕابگەیەندرێت بەپێی برگەی (٥) لەم مادەیە.

٨. ئەنجومەنی کشتوکاڵی لە پارێزگا چەند کۆپیەکی بڕیاری هەڵسەنگاندنی ڕاستێنراو بۆ فەرمانگەی ئاودێری تایبەتمەند دابیندەکات، و بەپێی ڕێنماییەکانی ئەنجومەنی بالآی کشتوکاڵی قەرەبووی خاوەن شایستەکان دەکرێتەوە.

لە حاڵەتی ناکۆکی لە نێوان خاوەن شایستەکاندا، بڕی جێناکۆك بە ئەمانەتەوە لەناو خەزێنە هەڵدەگیرێت تاکو چارەسەرکردنی ناکۆکیی لەلایەن دادگا یان لایەنی تایبەتمەند، و وەرگرتنی پلەی کۆتایی بڕیارەکە.

**مادەی ٤**

١. بەگوێرەی ئەم یاسایە لیژنەکانی هەڵسەنگاندن پشتدەبەستن بەوەی لە ناو کۆنوسەکانی سەردان و هەڵسەنگاندنی چەسپێنراوە وەکو ئەوەی لە خوارەوە ڕونکراوەتەوە لە ڕوداوی مادی و ئەوەی لە ناو سەنەد و تۆمار و بەڵگەنامە ڕەسمیەکاندا نوسراوەتەوە و بڕیاری خۆی دەدات بەگوێرەی بنەما و بنچینەکانی ناو ئەم یاسایە دەدات دەربارەی قەرەبووکردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار و بە ڕاستاندنی بڕیارەکە لەلایەن ئەنجومەنی کشتوکاڵییەوە لە پارێزگا بڕیارەکە پلەی کۆتاییان وەرگرتوە:

أ) کۆنوسەکانی هەڵسەنگاندن کە لیژنەکانی دەستبەسەرداگرتن ڕێکیاندەخات کە لەبەر ڕۆشنایی یاسای ژمارە (١٨٩) بۆ ساڵی ١٩٦٨ی هەموارکراو، پلەی کۆتایی وەرنەگرتوە.

ب) کۆنوسەکانی هەڵسەنگاندن کە لەلایەن لیژنە فەرمیەکانەوە ڕێکخراون و لە لایەنە ئیداریەکان پێکهاتون لەسایەی یاسای ژمارە (١٨٩) بۆ ساڵی ١٩٦٨، هەموارکراو.

ت) کۆنوسەکانی سەردان کە لایەنە دادوەریەکان ڕێکیدەخەن لە کاتی نەبوونی کۆنوسە فەرمیەکانی لەلایەن لیژنە تایبەتمەندەکانەوە ڕێکخرابن.

٢. کۆنوسە فەرمیەکان کە لەلایەن لیژنەکانی هەڵسەنگاندنەوە ئامادەکراون بەگوێرەی یاسا و سیستەم و ڕێنماییە کارپێکراوەکان ڕێکخراون، لە پێش بەسەرچونی یاسای ژمارە (١٨٩) بۆ ساڵی ١٩٦٨ ڕەچاودەکرێن، ئەگەر ئەنجومەنە ئیداریەکان ڕاستاندنی بۆ کردبون و پێویستە لەسەر فەرمانگەکانی ئاودێری بڕی چەسپێنراو تێیاندا بۆ خاوەنە پەیوەندیدارەکان هەر کەسەو بەپێی شایستەبونی بەگوێرەی پارێزگاکانی تایبەتمەند بڕی پارەکانیان بۆ خەرج بکرێت.

٣. ئەگەر سیمای زەوی یان چێنراو یان کێڵراو یان دامەزاوەکان بەهۆی جێبەجێکردنی یان بەگەڕختنی پرۆژەی ئاودێرییەوە فەوتابوو، و کۆنوسێکی ڕەسمی بۆ ڕێکنەخرابوو ئەوا پێویستە لەسەر لیژنەی هەڵسەنگاندنی پێکهێنراو بەگوێرەی ئەم یاسایە کۆنوسێك لەبارەیانەوە ڕێکبخات و لەبەر ڕۆشنایی زانیاری ڕەسمی کە دەستی دەکەوێت یان بەڵگەنامە و بەیاننامەی ڕەچاوکراو کە خاوەنی پەیوەندیدار بەرزی دەکاتەوە بڕیاری لەسەر بدات. بڕیارەکە ڕێوشوێنەکانی ئاماژەپێکراوی ناو ئەم یاسایە لەسەر جێبەجێ دەکرێت سەبارەت بە ڕتکردنەوە و ڕاستاندن و قەرەبوو کردنەوە بۆ نوێکراوەکان و زەویەکان.

**مادەی ٥**

بڕگەی (١) لەم مادەیە هەموارکراوەتەوە بەگوێرەی مادەی (٣) لە یاسای هەموارکردنەوەی یەکەم لە یاسای جێبەجێکردنی پرۆژەی ئاودێری ژمارە (١٣٨) بۆ

ساڵی ١٩٧١، بە ژمارە (١٣٨)ی دەرچوو لە ڕێكەوتی ١٩٧٥/١١/١٥، و بەم شێوەیەی لێهاتوە:

١. لایەنە هونەریەكان سەر بە فەرمانگەكانی ئاودێری نەخشەی جێبەجێكردنی پرۆژەكان بۆ لیژنەكانی هەڵسەنگاندنی پێكهێنراو بەگوێرەی بڕگەی (٢) لە مادەی سێ لەم یاسایە دابین دەكەن كە بە پێوەری گونجاو جێبەجێ دەكرێن كە سنوری ئیستملاكی ئەو زەوییانەی پڕۆژەكە دەیانگرێتەوە لەسەریان دیاریكراوە لەگەڵ لیستێك بە ڕوبەری ئەو زەوییانەی ناو پرۆژەكە لایەنی تایبەتمەند پشتگیری كردبێتن كە ڕوبەری زەوییەكان و سەر بە كێن و چەشن و ڕونكردنەوەیان و شێوازی ئاودانی زەوییەكان ناو پرۆژەكەوە دەگرێتەو ئەو مافە ڕاستەقینانەی لەسەرێتی و ناوی ئەو خاوەنانەی ملكەچن بە ئەحكامی دیاریكردنی خاوەندارێتی كشتوكاڵی و زانیاری پێویستی تر.

٢. لیژنەكانی هەڵسەنگاندن دەبێ وێنەیەك لە بڕیار و كۆنوسەكانی خۆیان و ئەوەی پەیوەندی بە پەڕاو و هێڵكاریەكانیەوە هەیە بنێرێت بۆ بەڕێوبەرێتی چاكسازی كشتوكاڵی لە پارێزگا بۆ ناردنی بۆ لیژنەی زەویوزوار و دەستبەسەرداگرتنی تایبەتمەند بۆ جێبەجێكردنی ئەحكامی هەردوو بڕگەی (٢ – ٣) لە مادەی نۆ لە یاسای چاكسازی كشتوكاڵی ژمارە (١١٧) بۆ ساڵی ١٩٧٠ و قەرەبوكردنەوەی خاوەنی زەوییە ئیستملاككراوەكان.

٣. ئەگەر لیژنەی زەویوزار و دەستبەسەرداگرتن بۆی دەركەوت كە ڕوبەری ئیستملاككراو كەمترە لە سنوری دیاریكراو بۆ دابەشكردن بەپێی یاسا ئەوا خاوەن زەوی بە نەقدی قەرەبوو دەكرێتەوە.

٤. ئەگەر ئیستملاککردن بوە هۆی جیاکردنەوەی ئەو بەشەی لە زەوییەکە دەمێنێتەوە کە نەتوانرێت بەشێوەیەکی تەواو سودی لێوەربگیرێت ئەوا لیژنەکە دەتوانێ بڕیار بدات ئەو ڕووبەرانەی دەمێننەوە بە ئیستملاککراو ئەژماربکرێن و قەرەبوی خاوەن زەوییەکە بەرامبەر هەموو زەوییەکەی بکرێتەوە.

٥. پێوەرەکانی ناو بڕگەی سێ لە مادەی نۆ لە یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ژمارە (١١٧) بۆ ساڵی ١٩٧٠ پەیڕەو دەکرێت لە کاتی هەڵسەنگاندنی زەویوزاری کشتوکاڵی ئیستملاککراو بەگوێرەی ئەحکامی ئەم یاسایە و بەوپێیەش زەوی ڕاگیراو بە ڕاگرتنی ڕاست مامەڵەی زەوی موڵکداری لەگەڵدا دەکرێت و زەوی ڕاگیراو بە ڕاگرتنی ناڕاست مامەڵەی زەوی ڕێپێدراو بۆ تاپۆکردنی لەگەڵدا دەکرێت بۆ ئەم مەبەستە.

٦. بەڕێوبەرێتی گشتی زەویوزار و دەستبەسەرداگرتن بڕیارەکانی لیژنەکانی زەویوزار و دەستبەسەرداگرتن دەرچوێنراوو بەگوێرەی ئەم مادەیە دەخاتە بەردەم ئەنجومەنی باڵای کشتوکاڵی و داوا دەکات بەگوێرەی مادەی (٢٧) لە یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ژمارە (١١٧) بۆ ساڵی ١٩٧٠خوێندنەوە و پێداچونەوەیان بۆ بکات.

٧. فەرمانگەکانی ئاو بەگوێرەی ئەحکامی یاسای جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی ئاودێری ژمارە (١٨٩) بۆ ساڵی ١٩٦٨ و هەموارکردنەوەکەی کە پلەی کۆتایی وەرگرتوە، بەها و نرخی زەوی ئیستملاککراو بەگوێرەی ئەحکامی ئەم یاسایە دادەنێت لەلای فەرمانگەکانی تاپۆی تایبەتمەند بۆ خەرجکردنیان بۆ ئەو کەسانەی شایستەن و بۆ مەبەستی ڕاییکردنی مامەڵەی تۆمارکردن بەگوێرەی ئەحکامی ئەم یاسایە.

٨. ئەنجومەنی باڵای كشتوكاڵی بۆ مەبەستی كارئاسانكردنی جێبەجێكردنی ئەحكامی ئەم مادەیە ڕێنمایی تایبەت بە بارودۆخەكان و گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست دەردەكات.

**مادەی ٦**

**ئەم مادەیە هەمواركراوەتەوە بەگوێرەی مادەی (٣) لە یاسای هەمواركردنەوەی یەكەم بۆ یاسای جێبەجێكردنی پڕۆژەی ئاودێری ژمارە (١٣٨) بۆ ساڵی ١٩٧١، ژمارەكە (١٣٨)ە لە ڕێكەوتی ١٩٧٥/١١/١٥ دەرچوە، و بەم شێوەیەی خوارەوەی لێهاتوە:**

١. ئەگەر ئەو زەوییەی كەوتبوە ناو پڕۆژەیەكی ئاودێرییەوە هی كەسێكی ملكەچ بوو بە ئەحكامی دیاریكردنی خاوەندارێتی كشتوكاڵی – یان پشكی ئاشكرای تێدا هەبوو ئەوا لیژنەی هەڵسەنگاندن هەڵدەستێ بە سەردانكردنی و لە كۆنوسی سەردانەكەدا باسی ئەو زەوییە بە ووردی دەكات و ڕونیدەكاتەوە كە كەوتۆتە ناو پڕۆژەكەوە و شێوازی ئاودانی و چەشن و جۆری كشتوكاڵ تێیدا و ئاستی بەپیتی و چی دامەزراوەیەك و چاندراوێك – كێڵراوێكی تێدایە و سەر بە كێیە و ڕێكخستنەوەی هێڵكاریی بەو زەوییەی چۆتە ناو پڕۆژەكەوە و بەڕێوبەرێتی چاكسازی كشتوكاڵی پڕدەكات بە وێنەیەك لە كۆنوسەكە و هێڵكارییەكەی بۆ ناردنی بۆ سەرۆكایەتی ناوچەی كشتوكاڵی لە پارێزگا بۆ ناردنی بۆ بەردەم لیژنەی زەویوزار و دەستبەسەرداگرتنی تایبەتمەند بۆ ئەوەی لە كاتی دەرچواندنی بڕیارەكەی دەربارەی زەوی بارەگای ئاماژەپێكراو تێبینی لەسەر بكات.

٢. ڕوبەری زیادەی زەوییەکانی ئەو کەسانەی ملکەچی ئەحکامی سنوردارکردنی خاوەندارێتی کشتوکاڵین لە ئەوپەڕی سنوری دیاریکراودا کە کەوتونەتە ناو پڕۆژەکەوە بە دەستبەسەرداگیراو ڕەچاو دەکرێن لەو ڕێکەوتەی ئەو ئەحکامە دەیانگرێتەوە یان لە ڕێکەوتی دەستکردن بە کارەکانی جێبەجێکردنی پڕۆژەکە هەر کامێکیان پێشتر بێت و خاوەنە کۆنەکانیان قەرەبوو ناکرێنەوە تەنها بۆ چێنراو و کێڵراو و دامەزراوە بنیادنراوەکانی سەر زەوییەکە و قەربووش لە دوای وەرگرتنی پلەی کۆتایی بۆ بڕیارەکە دەدرێت بەگوێرەی ئەو ڕێنماییانەی ئەنجومەنی باڵای کشتوکاڵی دەریدەکات.

٣. ئەگەر پڕۆژەیەکی کشتوکاڵی هەموو زەوییە کشتوکاڵیەکانی کەسێکی ملکەچ بە ئەحکامی سنوردارکردنی خاوەندارێتی کشتوکاڵی گرتەوە یان بەشێك لەو زەوییانەی مافی خۆیەتی هەڵیبگرێتەوە، ئەوا قەرەبووی ئەو ڕوبەرەی ناو پڕۆژەکە دەکرێتەوە لەسەر ئەوپەڕی سنوری دیاریکراو بە زەوییەك لە زەوییەکانی چاکسازی کشتوکاڵی لە ناوچەکە بەگوێرەی ڕێژەی دانراو لە یاسای تایبەت بە سنوردارکردنی خاوەندارێتی کشتوکاڵی دەیگرێتەوە و ئەگەر زەوییەك بە هاوتای زەویە ئیستملاککراوەکەی خۆی لە هەمان ناوچەدا پەیدانەبوو ئەوا خاوەنەکەی دەتوانێ داوای شوێنێکی تر بکات بۆ قەربوو کردنەوە یان قەرەبووی نەقدی بکرێتەوە بەگوێرەی یاسا ئاماژەپێکراوەکان لەم یاسایەدا.

٤. لە کاتی دیاریکردنی جنسی زەوی و شێوازی ئاودان و ڕادەی بەپیتی و جۆری کێڵانی زەوی ملکەچ بە سنوردارکردنی خاوەندارێتی کشتوکاڵی لە کاتی لەناوبردنی یان نوقمکردنی بە ئاو بەشێوەیەکی هەمیشەیی بەهۆی پڕۆژەیەکی

ئاودێریەوە پشت دەبەسترێت بەوەی چەسپێنراوە لە ناو سەنەد و تۆمار و کۆنوسە ڕەسمیەکاندا کە لایەنی تایبەتمەند ڕێکیخستون و لە کاتی نەشیاوبونی ئەمەشدا لیژنەکە لێکۆڵینەوە لە ناوچەکە دەکات و بڕیار لەسەر ئەوە دەدات کە لەو بارەیەوە بۆی دەردەکەوێت.

**مادەی ٧**

١. ئەگەر جێبەجێکردنی یان بەگەڕخستنی پڕۆژەیەکی ئاو ببێتە هۆکاری بڕینی ئاو لە زەوییەکی کشتوکاڵی و نەتوانرا ئاو بگەیەنرێت یان زەرەرمەندبوونیان بە ئاوی ئاودێری و ئاودان و ژێرئاوکەتنی یان لە کاتی بردنی یان هێنانی خاك لێی یان کەمکردنی بەرهەمی یان سود لێوەرگرتنی بە هەر شێوازێك بوبێت زیانی بەربکەوێت کە نەتوانرێ وەکو پێشتر کشتوکاڵی تێدابکرێت ئەوا خاوەنەکەی قەرەبوو دەکرێتەوە بەبڕی پێنج سەد فلس لە هەر دۆنمێك تێیدا کەوتبێتە دەرەوەی ئەو ڕوبەرانەی پڕۆژەکە و ڕێگاکانی و بینا تایبەتیەکانی داگیری دەکەن لە هەر وەرزێکی کشتوکاڵی دوای ئەو وەرزەی نەتوانراوە زەوییەکە کشتوکاڵی تێدا بکرێت تاکو ڕێکەوتی دورخستنەوەی زیانەکە لە زەوییەکە، هەروەها یەکەم ڕۆژ لە مانگی تشرینی یەکەمی هەموو ساڵێك بە دەستپێکی وەرزی چاندنی زستانە دادەنرێ و یەکەم ڕۆژ لە نیسانی هەموو ساڵێك بە دەستپێکی وەرزی چاندنی هاوینە دادەنرێ بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی حوکمی ئەم بڕگەیە، بە مەرجێك بەهای ئەم قەرەبووە لە بەهای زەوی ئیستملاککراو بەگوێرەی ئەحکامی ئەم یاسایە تێپەڕنەکات.

٢. ئەگەر لە ئەنجامی کارەکانی ئاودێری ئاماژەپێکراو لە بڕگەی (١)ی ئەم مادەیە بەبێ ئاگایی بوو بە هۆی زیان گەیاندن یان فەوتانی چێنراو یان کشتوکاڵ یان دامەزراوەکانی سەر زەویەکە ئەوا خاوەنەکەی بەگوێرەی ئەحکامی ئەم یاسایە قەرەبوو دەکرێتەوە بەرامبەر ئەوەی فەوتاوە یان زیانپێگەیشتوە.

٣. لیژنەی پێکهێنراو بەگوێرەی بڕگەی (٢) لە مادەی (سێ) لەم یاسایە لەسەر داوای خاوەنی پەیوەندیدار هەڵدەستێ بە سەردانکردنی زەوییەکان و نوێکراوەکان و چێنراوە زیانپێگەیشتوەکان ئەگەر زیانەکە سەلمێنرا ئەوا قەرەبووی خاوەن زەویەکە دیاری دەکرێت و بەگوێرەی ئەحکامی ئەم یاسایە بۆ جێبەجێکردنی حوکمی هەردوو بڕگەی (١ و ٢) لەم مادەیە، بەهای زەوی و نوێکراوەی ئیستملاککراوی زیانپێگەیشتوو دیاریدەکرێت.

٤. کۆنوسەکانی دەرخستنی زیانەکان بۆ مەبەستی ڕاستاندن بەرز دەکرێنەوە بۆ بەردەم ئەنجومەنی کشتوکاڵی لە پارێزگا و بەو پێیەش ئەحکامی هەردوو بڕگەی (٦ و ٨) لە مادەی (سێ) لەم یاسایە جێبەجێ دەکرێت.

**مادەی ٨**

ئەم مادەیە هەموارکراوەتەوە بەگوێرەی مادەی (٣) لە یاسای هەموارکردنەوەی یەکەم لە یاسای جێبەجێکردنی پرۆژەی ئاودێری ژمارە (١٣٨) بۆ ساڵی ١٩٧١، ژمارەکەی (١٣٨)ە لە ڕێکەوتی ١٩٧٥/١١/١٥ دەرچووە، و بەم شێوەیەی خوارەوەی لێهاتووە:

١. ئەحکامی ئەم یاسایە لەسەر هەموو زەویەکانی کشتوکاڵی جێبەجێ دەکرێت کە کەوتبنە ناو یان دەرەوەی سنوری ئەمانەتی پایتەخت و شارەوانیەکانەوە. هەروەها زەویەکان بۆ ئەم مەبەستە بە زەوی کشتوکاڵی دادەنرێن ئەگەر بەم

شێوەیە لە فەرمانگەکانی تۆمارکردنی عەقاری تایبەتمەند تۆمارکرابن. و لەوەش زەوییە کشتوکاڵیەکان بەدەردەکرێن کە جیاکراونەتەوە بۆ زەوی نیشتەجێبون و لایەنەکانی تایبەتمەند ڕاستاندنی بۆ نەخشەکانی جیاکردنەوەیان کردوە لە پێش بەسەرچونی ئەم یاسایەدا بۆ ئەو کەسانەی ملکەچنین بە ئەحکامی دیاریکردنی خاوەندارێتی کشتوکاڵی، و لە پێش بەسەرچونیش بۆ ئەو کەسانەی ملکەچن بەو ئەحکامە.

٢. فەرمانگەکانی ئاودێری دەتوانن لە کاتی پێویستیدا باری ئێستای ئەو زەوییانەی کە کشتوکاڵی نین و پڕۆژەی ئاودێری دەیانگرێتەوە بە پەلە بچەسپێنن لەلایەن لیژنەکانی پێکهاتوو بەگوێرەی بڕگەی (٢) لە مادەی (٣) و بەپێی پێویستی دەستبکەن بە لابردنی نوێکراوەکان و بەربەستەکان بەو مەرجەی مامەڵەی ئیستملاککردنیان بەگوێرەی ئەحکامی یاسای ئیستملاك بێت.

**مادەی ٩**

١. دادگاکان گوێ لە هیچ کام لەو داوایانە ناگرن لە ئەنجامی جێبەجێکردنی ئەحکامی ئەم یاسایەوە بەرزدەکرێنە تەنها ئەو داوایانەی لەلایەن داواکارانی شایستەی قەرەبووەوە بەرزدەکرێنەوە بڕیارەکانیان پلەی کۆتایی بەدەستهێناوە بۆ قەرەبوکردنەوەیان بەگوێرەی ئەحکامەکانی.

٢. گوێ ناگیرێت لە داواکانی کرێی هاوتا لەسەر زەوییە ئیستملاککراوەکان بۆ مەبەستەکانی ئاودێری کە بڕیارەکانی ئیستملاککردنیان پلەی کۆتایی وەرگرتوە لە پێش بەسەرچونی ئەم یاسایە لە ماوەی پێش ئیستملاککردن.

٣. کار بە ئەحکامی ئەم یاسایە دەکرێ لەسەر ئەو کەیسانەی پلەی کۆتاییان وەرنەگرتوە.

٤. نە خاوەن زەویەکان نە هیچ کەس بۆی نیە دەستکاری زەوی بکات یان کشتوکاڵ لەو ڕوبەرانەدا بکات کە پڕۆژەکانی ئاودێری دەیانگرێتەوە لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی دەستکردن بە کارەکانی جێبەجێکردن لەلایەن فەرمانگەکانی ئاودێرییەوە و سەرپێچیکار شایستەی هیچ قەرەبوویەك نابێت.

**مادەی ١٠**

هەر کەسێك هەوڵبدات بە ڕاگرتنی یان ببێتە هۆکارێك بۆ ڕاگرتنی هەر کارێك لە کارەکانی جێبەجێکردنی پڕۆژەی ئاودێری سزا دەدرێت بە بەندکردن بۆ ماوەی زۆرتر نەبێ لە یەك ساڵ یان غەرامەکردن بە بڕی زۆرتر نەبێ لە سەد دینار یان بە هەردوو سزاکە.

**مادەی ١١**

١. یاسای ژمارە (١٨٩) بۆ ساڵی ١٩٦٨ و هەموارکردنەوەکەی ژمارە (٥٠) بۆ ساڵی ١٩٧٠پوچەڵ دەکرێتەوە.

٢. یاسای ژمارە (١٢١) بۆ ساڵی ١٩٦٧ و هەموارکردنەوەکەی ژمارە (١٢٨) بۆ ساڵی ١٩٦٩پوچەڵ دەکرێتەوە و ئەو زەوییانەی ئەحکامی یاساکە دەیانگرێتەوە لە ڕێکەتی ژێرئاوکەوتنیان کە فەرمەنگەکانی ئاودێری تایبەتمەند دیاریدەکات بە ئیستملاککراو ئەژمار دەکرێن و ئەحکامی ئەم یاسایەیان بەسەردا جێبەجێ دەکرێ.

**مادەی ١٢**

ئەنجومەنی باڵای کشتوکاڵی دەتوانێ ڕێنماییەکانی کارئاسانکردنی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دەربکات.

**مادەی ١٣**

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمیدا کاری پێدەکرێت.

**مادەی ١٤**

پێویستە لەسەر وەزیرەکان دەستبەکاربن بە جێبەجێکردنی ئەم یاسایە.

**احمد حسن بكر**

**سەرۆکی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی شۆڕش**

لەڕۆژنامەکانی وەقائیعی عیراقی ژمارە ٢٠٥٣، لەڕێکەوتی ١٩٧١/١٠/١٠ بڵاوکراوەتەوە.

## ٥. ڕێنمایی ژمارە ( ١ ) ساڵی ٢٠١٥

## ڕێنمایی تایبەت بە هەڵكەندنی بیری ئاو لە هەرێمی كوردستان – عێراق

پاڵپشت بەو دەسەلاَتەی پێماندراوە لە ماددەی (٥) بڕگە (٣)ی یاسای وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٠ بڕیارماندا بە دەركردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

## ڕێنمایی ژمارە ( ١ ) ساڵی ٢٠١٥

## ڕێنمایی تایبەت بە هەڵكەندنی بیری ئاو لە هەرێمی كوردستان – عێراق

**ماددەی ( یەكەم ):-**

ئەو زاراوانەی دادێن , ئەو مانایانە دەگەیەنن كە بەرامبەریان دیاری كراوە .

**یەكەم – وەزارەت** : وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو.

**دووەم – وەزیر:** وەزیری كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو.

**سێیەم – بەڕێوەبەرایەتی گشتی** : بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرچاوەكانی ئاو .

**چوارەم – بیر هەڵكەن:** بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان و نووسینگەو كۆمپانیاكانی كەرتی تایبەت كە تایبەتمەندن بە كاری هەڵكەندن و تێست .

**پێنجەم – لایەنی سوودمەند** : هاووڵاتی یان جووتیار یان كەسی (مەعنەوی ) كە بیری ئاوی بۆ هەڵدەكەندرێت .

**شەشەم – بیری ئاو:** ئەو بیرەیە كە بڕ و جۆرێك ئاو بەرهەم دەهێنێت .

**حەوتەم – جۆرەكانی بیر:**

أ- **بیری ڕووکەش:** ئەو بیرانەن کە بە ئامێری هەڵکەندنی بیر هەڵناکەندرێن .

ب- **بیری قووڵ:** ئەو بیرانەن کە بە ئامێری بیر هەلکەندن هەڵدەکەندرێن .

**پێناسەی بیر:-**

أ- **بیر ی هەڵقووڵاو ( ئیرتیوازی ):** ئەو بیرانە دەگرێتەوە کە ئاوەکانیان بە شێوەیەکی ئاسایی هەڵدەقولێت .

ب- **بیری گشتی** : ئەو بیرانە دەگرێتەوە کە لەسەر داوای لایەنی فەرمی بۆ پڕۆژە گشتیەکان بە مەبەستی سوودی گشتی هەڵدەکەندرێن .

ج- **بیری کەرتی تایبەت:** ئەو بیرانە دەگرێتەوە کە لەسەر داوای کەرتی تایبەت هەڵدەکەندرێن بۆ سوودی پرۆژەکانی ئەم کەرتە.

د-بیری ئەزموونی: ئەو بیرانەن کە بۆ مەبەستی زانستی و توێژینەوە هەڵدەکەندرێن .

هـ- **بیری سەرکەوتوو** : ئەو بیرانە دەگرێتەوە کە بەرهەم و جۆری ئاوەکەیان لەگەڵ مەبەست و ئامانجی هەڵکەندنەکەی و پێوەری زانستی و ستاندەرەکاندا دەگونجێت .

**و-بیری سەرنەکەوتوو:**

١- لە ڕووی هایدرۆجیۆلۆجی و هایدرۆکیمیاوییەوە ئەو بیرانە دەگرێتەوە کە بەرهەم و جۆری ئاوەکەیان لەگەڵ پێداویستی پڕۆژە و مەبەست و ئامانجی هەڵکەندنەکەیان و پێوەری زانستی و ستاندەرەکاندا ناگونجێت .

٢- لە ڕووی تەکنیکییەوە ئەو بیرانە دەگرێتەوە کە بە هۆی گرفتێکی تەکنیکی سەرکەوتوو نابن وەك (خواری بیر, پچڕانی بۆڕی ناوپۆش ,پچڕانی بۆڕی هەڵکەندن ....هتد) .

٣- بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاوی ژێر زەوی ڕێژەی بیری سەرنەکەوتوو لە ڕووی هایدرۆجیۆلۆجی و هایدرۆکیمیاوییەوە ڕێگەپێدراوە تا (١٠٪) وە لە ڕووی تەکنیکییەوە تا (٣٪) زیاتر نەبێت .

**ماددەی ( دووهەم ):-**

**دووری نێوان دوو بیر :**

دووری نێوان دوو بیر دیاری دەکرێت بە ڕەچاو کردنی جۆری چینی ئاو هەڵگر و ڕاپۆرتی جیۆلۆجی ئەوشوێنەی کە بیرەکەی تێدا هەڵدەکەندرێت بەم شێوەیە:

- دووری نێوان بیرەکان لە ناوچەی شاخاوی پێویستە لە (٢٥٠) مەتر کەمتر نەبێ بۆ پارێزگاکانی هەرێم و ئیدارە سەربەخۆکان.
- دووری نێوان بیرەکان لە پێکهاتەی دەنکۆڵەییدا .

**أ- پارێزگای هەولێر :**

حەوزی سەروو (باکوور) :- پێویستە دووری نێوان دوو بیر (٤٥٠) مەتر بێت .

حەوزی ناوەراست :- پێویستە لە (٦٠٠) مەتر کەمتر نەبێت .

حەوزی خواروو (باشوور) : پێویستە دووری نێوان دوو بیر (٥٥٠) مەتر بێت .

حەوزی دیبەگە و مەخمور : پێویستە دووری نێوان دوو بیر (٤٠٠) مەتر بێت .

**ب-پارێزگای سلێمانی :**

پێویستە لە (٤٥٠) مەتر کەمتر نەبێت .

**ج-پارێزگای دهۆك :**

١. لە دەشتی سێمێل و زاخۆ و شێخاندا پێویستە لە (٥٠٠) مەتر کەمتر نەبێت.

٢. لەدەشتی ئاکرێ پێویستە لە (٦٠٠) مەتر کەمتر نەبێت .

د- ئیدارە سەربەخۆکانی گەرمیان و ڕاپەڕین :
پێویستە لە (٤٥٠) مەتر کەمتر نەبێت .

هـ- بیرەکانی سوودی گشتی (نفع عام) کە بۆ شارو شارۆچکەو گوندەکان بە مەبەستی دابین کردنی ئاوی خواردنەوە هەڵدەکەندرێن یان بۆ پڕۆژەی ستراتیجی مادەی (٢) نایانگرێتەوە بەمەرجێك کاریگەری نەرێنی نەبێت لەسەر برو ئاستی ئاوی ژێر زەوی .

سوودی گشتی (نفع عام) : واتە لایەنی پەیوەنداری فەرمی (حکومی) .

و- ئەو زەویانەی کە ڕووبەریان بە پێ ی مادەی (٧)ی خاڵی (٢) ە بەڵام مادەی (٢) ی دووری نایانگرێتەوە لەگەڵ بیرەکانی دەوروبەر لە لایەن لیژنەیەکی پسپۆر کەشفی بۆدەکرێت پاش دڵنیا بوون لەوەی کە پرۆژەیەکی کشتوکالی گرنگی لەسەر ئەنجام دەدرێت موڵەتی بیری پێ دەدرێت .

**ماددەی ( سێیەم ):-**

**دووری شوێنی بیرەکان لە کانی و کارێزەکان :**

بە هیچ جۆرێك ڕێگە بە هەڵکەندنی بیر لە نزیك کانی و کارێزەکان نادرێت ,پێویستە شوێنی بیرەکە بە لایەنی کەمەوە (٥٠٠) مەتر لەو سەرچاوانەی ئاو دوور بخرێتەوە , وە لەکاتی هەبوونی کانی ووشك بوو دەبێت شوێنی بیر هەمان دووری (٥٠٠) م بێت .

**ماددەی ( چوارەم ):-**

مۆڵەتی هەڵکەندنی بیر ی کشتوکاڵی کاتێك دەدرێت کە هیچ بوارێك بۆ سوود وەرگرتن لە بەکارهێنانی ئاوی سەر زەوی نەبێت , ئەمەش لە ڕێگای وەرگرتنی پشتگیرییەك لە بەڕێوبەرایەتی ئاودێری.

**ماددەی ( پێنجەم ):-**

**ڕێنمایی هەڵکەندنی بیری گشتی ( ئاوی خواردنەوە , کشتوکاڵ ,پیشەسازی .......هیتر) :**

١. داواکاری لایەنی سوودمەند لە ڕێگای یەکەی کارگێڕی ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی دەکرێت .
٢. کەشف کردنی شوێنی بیرەکە لە لایەن لیژنەیەك لە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی و لایەنی سوودمەند و یەکەی ئیداری بۆ دیاری کردنی ژمارەی کەسانی سوودمەند و ئامادە کردنی ڕاپۆرتێکی جیۆلۆجی .
٣. ناردنی ڕاپۆرتی ئەو لیژنەیە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بە مەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی.
٤. دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی و مۆڵەت لە بەڕێوبەرایەتی گشتی, ڕێگە بەلایەنی داواکار دەدرێت بۆ هەڵکەندنی بیرەکەی .
٥. لە سنووری (محرمات) ی گوند و دێهاتەکان بیر هەڵکەندن تەنها بۆ ئاوی خواردنەوە و سوودی گشتی دەبێت بەڕەچاوکردنی حوکمەکانی مادەی (٣).

**ماددەی ( شەشەم ):-**

**ڕێنمایی هەڵکەندنی بیر بۆ کەرتی تایبەت :**

١. داواکاری سوودمەند لە ڕێگای یەکەی کارگێڕی ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی دەکرێت .

٢. کەشف کردنی شوێنی بیرەکە لە لایەن لیژنەیەك لە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی و ئامادە کردنی ڕاپۆرتێکی جیۆلۆجی

٣. ناردنی ڕاپۆرتی ئەو لیژنەیە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بە مەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندنی .

٤. دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی و مۆڵەت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێ دەدرێت بە لایەنی داواکار بۆ هەڵکەندنی بیرەکەی .

٥. مۆڵەتی بیر هەڵکەندن نادرێت بە وێستگەی سووتەمەنی و غەسل و کارگەی بچوك و بینای بازرگانی و کۆگای کەرتی تایبەت و کارگەکانی چەو و لم و پرۆژەکانی ئاوی کانزایی و هاوشێوەکانیان .

٦. بە هیچ جۆرێك ڕێگە بە فرۆشتنی ئاوی ژێر زەوی و دانانی ( شەمعە ) لەسەر بیری کەرتی تایبەت نادرێت بەڵێننامەش لەلای دادنووس لە خاوەن بیر وەردەگیرێت , بە پێچەوانەوە مۆڵەتی بیرەکەی لێ وەردەگیرێتەوە و بیرەکەی پڕ دەکرێتەوە

**ماددەی ( حەوتەم ):-**

**ڕێنمایی هەڵکەندنی بیری کشتوکاڵی :**

١. جووتیار داواکارییەك لە ڕێگای یەکەی کارگێڕی پێشکەش دەکات و لە ڕێگەی لقی کشتوکاڵی ناوچەکە بەرزدەکرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگا و دوای وردبینی لە هەبوونی مەرجی یاسایی لە زەوییەکە بە پێی یاسا کارپێکراوەکانی زەوی کشتوکاڵی ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی دەکرێت .

٢. ڕووبەری زەوییەکەی لە (١٠) دۆنم کەمتر نەبێت لە ناوچەی شاخاوی لە پارێزگای هەولێر, دهۆك و ئیدارە سەربەخۆکان وە (٥) دۆنم لە پارێزگای سلێمانی هەروەها (٢٠) دۆنم لە ناوچەی دەشتایی هەر سێ پارێزگاکە و ئیدارە سەربەخۆکان .

٣. بۆ زەوی کشتوکاڵی مۆڵەتی بیرێك دەدرێت بە چەند پارچە زەوییەك کە بەسەریەکەوە بن وە پێکەوە ڕووبەرییان بەپێی خاڵی (٢) ی ئەم ماددەیە بێت وە دووری لە گەڵ بیرەکانی دەوروبەری بەپێی ماددەی (٢) ی ڕێنماییەکان بێ .

٤. بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی نووسراو بۆ چەند فەرمانگەیەکی پەیوەندی دار دەکات بە مەبەستی وەرگرتنی لاری نەبوونیان , پێویستە لەلایەن ئەوفەرمانگانەوە بە نووسراو وەڵام بدرێتەوە ,کە ئەم فەرمانگانە دەگرێتەوە .

أ- بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاو بان .

ب- بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار .

ت- بەڕوەبەرایەتی ژینگە .

پ- بەڕێوەبەرایەتی دارستان و پاوان.

٥. دابین کردنی سیستەمی ئاودانی گونجاو لەلایەن سوودمەندەکە (خاوەن زەوییەکەوە) لەگەڵ هێنانی بەڵێن نامەیەك بۆ بەکارهێنانی لەدوای هەڵکەندنی بیرەکە, شێوازی سیستەمەکەش لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاودێری دیاری دەکرێت.

٦. بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی لیژنەیەك دەنێرێتە سەر زەوییەکە بە مەبەستی کەشف کردن و دیاری کردنی شوێنێکی گونجاو بۆ هەڵکەندی بیرەکە بە ئامێری (G.P.S) و سەبارەت بە دیاری کردنی قووڵی بیر بە پێی تایبەتمەندیی پێکهاتە و عەمباری ئاوی ژێر زەوی و ڕاپۆرتی لیژنەی کەشف دەبێت .

٧. لیژنەی ناوبراو ڕاپۆرتێك ئامادە دەكات و بە نووسراوێك بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەینێرێت بە مەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی بۆ پێدانی مۆڵەتی بیر هەڵكەندن بۆ جوتیاری داواكار .

٨. دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی لەسەر پێدانی مۆڵەتی هەڵكەندنی بیر بۆ جوتیارەكە , بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی مۆڵەتی هەڵكەندنی بیر بە جوتیارەكە دەدات پاش واژوو كردنی گرێ بەستێك لەگەڵ ئەو نووسینگە و كۆمپانیایانەی كە مۆڵەتی هەڵكەندنی بیریان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرگرتووە .

٩. پێویستە بیری مۆڵەت پێدراو لە ماوەی (٦) مانگدا هەڵبكەندرێت , ئەگەر لەو ماوەیە زیاتر دواكەوت پێویستە لە لایەن لیژنەیەك لە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی كەشفی نوێ بكرێت بەكۆنوس و نوسراوی نوێ .

١٠. دەبێت پێوەر ( گێچ ) ئامێری ئاودێری نوێ لەسەر بیرەكە لە لایەن خاوەن بیرەوە دابنرێت وە تەنیا ئەو بڕە ئاوە دەربهێنێت كە بەپێی جۆری بەروبومی چێندراو كە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی كشتوكاڵ و بەڕێوەبەرایەتی ئاودێری پارێزگا بۆی دیاری دەكرێت .

١١. لە كاتی هەڵكەندنی بیر لە حەوزی ئیرتیوازی وەك دەشتی ( هەولێری سەروو , شارەزوور , ئاكرێ–بەردەڕەش) دا پێویستە بیر هەڵكەن ڕەچاوی ئەوە بكات كە چینە ئیرتوازییەكان هەڵنەكەنێت و ڕێنمایی فەرمانگە و جیۆلۆجی پسپۆر وەربگرێت بۆ بەربەست (حجز) كردنی چینەكانی سەرەوەو دانانی قوفل بۆ كۆنترۆڵ كردنی ئەو بیرەی كە ئیرتیوازی دەردەچێت ,ئەگەر لە ماوەی (١) یەك مانگ جێبەجێ نەكرێت مۆلەتەكەی هەڵدەوەشێندرێتەوە و بیرەكەشی پڕدەكرێتەوە.

١٢. دوای کەشف کردن ئەگەر داواکار لە ماوەی (٣) سێ مانگ بە بێ هۆ مۆلەتەکەی تەواو نەکرد پێویستە مامەڵەی نوێ دەست پێبکاتەوە.

١٣. پاش هەڵکەندنی بیرەکە ئەگەر جووتیار بەپێی ڕێنماییەکانی پێدانی مۆڵەتی بیر پرۆژەکەی ئەنجام نەدا ئەوا بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگاکان و ئیدارەکانی سەربەخۆ هەڵدەستن بە پڕکردنەوە و داخستنی بیرەکە .

١٤. پێش دەست بەکاربوونی هەڵکەندنی بیرەکە پێویستە جوتیار یان لایەنی سوودمەند بەڵێن نامە بدات دوای تەواوبوونی هەڵکەندنی بیرەکەی پێویستە کاری پشکنینی بیرەکە بکات ئینجا داوای مۆڵەتی کۆتایی بیر بکات وە پێچەوانەوە خۆی بەرپرسیاردەبێت .

**ماددەی ( هەشتەم ):-**

هەر داواکارییەك بۆ مۆڵەتی هەڵکەندنی بیری قوولّ یان هەر کێشەیەکی هونەری بیری هەڵکەندراوی کۆن کە لە ماددەکانی ڕێنماییدا نەهاتبێت لیژنەی تایبەتی بۆ پێکبهێنرێت بە مەبەستی هەڵسەنگاندن و دراسە کردنی پاشان بڕیاری لەسەر بدرێت .

**ماددەی ( نۆهەم ):-**

مۆڵەت بە بیرێك نادرێت کە پێشتر بەبێ مۆڵەت هەڵکەندراوە .

**ماددەی ( دەهەم ):-**

بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرپشکە لەوەی کە مۆڵەت پێدانی بیر لە هەر حەوزێك یان بەشە حەوزێك ڕابگرێت ئەگەر ئاستی ئاوی ژێر زەوی دابەزیبو یان جۆر و بڕەکەی گۆڕابوو .

**ماددەی ( یازدەهەم ):-**

١. ئاو سامانێکی نەتەوەییە بۆیە بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرچاوەکانی ئاو سەرپشکە لەوەی مۆڵەتی هەر بیرێك نەدات وە یان مۆڵەتی بیرەکە هەڵبوەشێنێتەوە و بیرەکەش پڕ بکاتەوە لە پێناو بەرژەوەندی گشتی .

٢. ئاو موڵکی تایبەت نیە و خاوەن بیر بۆی نیە وەك خۆی ئارەزووی دەکات بەکاری بهێنێ بەڵکو بەکارهینانی بە پێی بەرژەوەندی گشتی دەبێت وە بەدەر نەبێت لە ڕێنماییەکان .

٣. ئەو پارچە زەویانەی کە موڵکن و هاوبەشن پێویستە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان یەکلا بکرێنەوە بە وەرگرتنی بەڵێن نامەی ڕەزامەند بوونی هاوبەشەکان لەسەر هەڵکەندنی بیرەکە

٤. فرۆشتنەوەی ئاوی بیری ئیرتوازی قەدەغەیە وە بە پێچەوانەوە خاوەن بیر لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێت بە داخستنی بیرەکە و هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکەی.

**ماددەی ( دوازدەهەم ):-**

**مۆڵەتی نووسینگە و کۆمپانیای ئامێری بیر هەڵکەندن و تێستی بیر :**

**یەکەم: مۆڵەتی نووسینگە و کۆمپانیای ئامێری بیر هەڵکەندن**

**١.** پێشکەش کردنی داواکارییەك لە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی .

**٢.** پێویستە داواکار شارەزایی لە کاری بیر هەڵکەندن هەبێت یان ئەندازیارێکی پسپۆر یان تەکنیکارێکی شارەزا لەکاری هەڵکەندن کاری لە لا بکات .

**٣.** پێویستە داواکار جگە لە ئامێری بیر هەڵکەندن ئەم ئامێرانەشی هەبێت :

أ. ساوندەر ( Sounder) .

ب. ئامێری ( G.P.S) بۆ دیاری کردنی شوێنی بیر به پێی هێڵەکانی پانی و درێژی کە پێشتر شوێنی بیرەکەی بۆ دیاری کراوە لەلایەن لیژنەی تایبەت بە دانانی شوێنی بیر , هەروەها بەرزی شوێنی بیر لە ئاستی ڕووی دەریاوە .

ج. سندووقێك بۆ دانانی نموونەی پێکهاتەی جۆر بە جۆری جیۆلۆجی لەکاتی هەڵکەندنی بیرەکە دا .

ح. ئۆتۆمبیلی تانکەر بۆ دابین کردنی ئاو .

خ. کەرەڤانەی گەڕۆك .

٤. کەشف کردنی ئامێرەکانی داواکار لە لایەن لیژنەیەکی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی و وردبین کردنی هەموو ئامێر و کەل و پەلەکانی .

٥. نووسینی ڕاپۆرتێك لە لایەن لیژنەکەوە و ناردنی بۆ بەرێوەبەرایەتی گشتی بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی، پاش دیراسە کردن و ڕاپۆرت نوسین لە لایەن لیژنەی تایبەت بە مۆلەت پێدانی نووسینگەکانی بیر هەڵکەندن و نووسینگەکانی تێستی بیر کە لە بەڕێوەبرایەتی گشتی و نوێنەرایەتی هەر سێ بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی (هەولێر،سلێمانی،دهۆك) دیاری کراوە , وە پەسەندکردنی لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی .

٦. دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی بەڕێوەبەری گشتی , مۆڵەتی نووسینگە بە لایەنی داواکار دەدرێت .

٧. پێویستە خاوەن نووسینگە سەرپەرشتیاری جیۆلۆجی هەبێت کە شارەزایی لە بواری بیر هەڵکەندن هەبێت کە کۆمەڵە یان سەندیکای جیۆلۆجییانی کوردستان پشتگیری بکات , لەکاتی جیا جیای بیر هەڵکەندندا سەردانی شوێنی بیرەکە بکات بە مەبەستی وەرگرتنی نموونەی پێکهاتەی جیۆلۆجی و دیاری کردنی قووڵی بیرەکە و دواتر دروست کردنی سکێچی بیرەکە.

٨. پێویستە نووسینگە کە هەموو ئەو مەرجە تەکنیکییانەی لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی دەردەچێت سەبارەت بە هەڵکەندنی بیر جێ بەجێ بکات.

٩. پێویستە نووسینگە لە دوای (١) مانگ لە تەواو بوونی کاری بیر هەڵکەندن و پشکنین , هەموو زانیاریی جیۆلۆجی و هایدرۆجیۆلۆجی و شی کردنەوەی کیمیایی لەسەر بیرەکە پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی بکات .

١٠.بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی پارێزگاکان سەرپشکە لەوەی هەر کاتێك بیەوێت کەشف و پشکنینی ئامێرەکانی بیر هەڵکەندن بکات بۆ دڵنیابوون لە توانا و کاری ئامێرەکان .

**دووەم: مۆڵەتی نووسینگەی تێست بە کۆمپرێسەر :**

١. پێشکەش کردنی داواکارییەك بە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی .

٢. پێویستە داواکار شارەزایی لە کاری پشکنین و تێست کردندا هەبێت یان ئەندازیارێکی پسپۆر یان تەکنیکارێکی شارەزا کاری لە لا بکات .

٣. پێویستە داواکار جگە لە کۆمپرێسەر , ئەم ئامێرانەشی هەبێت :

أ- ساوندەر ( Sounder) .

ب- ئامێری ( G.P.S) بۆ دیاری کردنی شوێنی بیرکە .

٤. کەشف کردنی ئامێرەکانی داواکار لە لایەن لیژنەیەکی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی و وردبین کردنی هەموو ئامێر و کەل و پەلەکانی .

٥. نووسینی ڕاپۆرتێك لە لایەن لیژنەکەوە و ناردنی بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی , پاش دیراسە کردن و ڕاپۆرت نووسین لەلایەن لیژنەی تایبەت بە مۆلەت پێدانی نووسینگەکانی بیر هەڵکەندن و نووسینگە کانی تێستی بیر , کە لە بەڕێوەبرایەتی گشتی و نوێنەرایەتی هەر سێ بەڕێوەبەرایەتی ئاوی

ژێر زەوی (هەولێر,سلێمانی,دهۆك) پێك هاتووە , وە پەسەندكردنی لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی .

٦. دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی بەڕێوەبەری گشتی , مۆڵەتی نووسینگە بە لایەنی داواكار دەدرێت.

٧. پێویستە خاوەن نووسینگە سەرپەرشتیاری جیۆلۆجی هەبێت كە شارەزایی لە بواری تێست كردن هەبێت و پشتگیری كۆمەڵە یان سەندیكای جیۆلۆجی هەبێت وە سەردانی شوێنی بیرەكە بكات بە مەبەستی تێستی بیرەكە پاشان ئامادە كردنی فۆرمی تێستی بیرەكە .

٨. پێویستە نووسینگە هەموو ئەو مەرجە تەكنیكییانەی لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی دەردەچێت سەبارەت بە تێستی بیر جێبەجێی بكات .

٩. پێویستە نووسینگە دوای یەك مانگ لە تێست كردنی بیرەكە فۆرمی تێست پێشكەش بە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی بكات .

١٠. بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی سەرپشكە هەر كاتێك بیەوێت كەشف و پشكنینی ئامێرەكانی تێست و پەرەپێدانی نووسینگە بكات بۆ دڵنیابوون لە توانا و كاری ئامێرەكان .

**سێیەم: مۆڵەتی نووسینگەی تێست بە ترومپا :**

١. پێشكەش كردنی داواكارییەك بە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی .

٢. پێویستە داواكار شارەزایی لە كاری پشكنین و تێست كردندا هەبێت یان ئەندازیارێكی پسپۆر یان تەكنیكارێكی شارەزا كاری لە لا بكات .

٣. پێویستە داواكار جگە لە ترومپا ئەم ئامێرانەشی هەبێت :

أ- ساوندەر ( Sounder) .

ب- ئامێری ( G.P.S) بۆ دیاری کردنی شوێنی بیرەکە

٤. کەشف کردنی ئامێرەکانی داواکار لە لایەن لیژنەیەکی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی و وردبین کردنی هەموو ئامێر و کەل و پەلەکانی .

٥. نووسینی ڕاپۆرتێك لە لایەن لیژنەکەوە و ناردنی بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی ,پاش دیراسە کردن و ڕاپۆرت نووسین لە لایەن لیژنەی تایبەت بە مۆڵەت دانی نووسینگەکانی بیر هەلکەندن و نووسینگەکانی تێستی بیر کە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی و نوێنەرایەتی هەر سێ بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی (هەولێر,سلێمانی,دهۆك) دیاری کراوە , وە پەسەندکردنی لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی .

٦. دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی بەڕێوەبەری گشتی مۆڵەتی نووسینگە بە لایەنی داواکار دەدرێت.

٧. پێویستە خاوەن نووسینگە سەرپەرشتیاری جیۆلۆجی هەبێت کە شارەزایی لە بواری تێست کردن هەبێت و پشتگیری کۆمەڵە یان سەندیکای جیۆلۆجی هەبێت , سەردانی شوێنی بیرەکە بکات بە مەبەستی تێستی بیرەکە پاشان ئامادە کردنی فۆرمی تێستی بیرەکە .

٨. پێویستە نووسینگە کە هەموو ئەو مەرجە تەکنیکییانەی لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی دەردەچێت سەبارەت بە تێستی بیر جێبەجێی بکات .

٩. پێویستە نووسینگە دوای یەك مانگ لە تێست کردنی بیرەکە فۆرمی تێست پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی بکات .

١٠. بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی سەرپشکە هەر کاتێك بیەوێت کەشف و پشکنینی ئامێرەکانی تێستی نووسینگە بکات بۆ دڵنیابوون لە توانا و کاری ئامێرەکان .

**ماددەی ( سێزدەهەم ):-**

**كرێی ڕەسم بە پێی ڕێنمایی وەزارەتی دارایی و ئابووری :**

**أ-** كەشف و مۆڵەتی بیر بۆ دام و دەزگاكانی حكومەت و بیری گشتی بەم جۆرەیە .

١. بڕی (١٥,٠٠٠) دینار بۆ كەشفی شوێنی بیر.

٢. بڕی (٥٠,٠٠٠) دینار بۆ ڕەسمی مۆڵەتی بیر .

**ب-** كەشف و مۆڵەتی بیر بۆ كەرتی تایبەت .

١. بڕی (١٥,٠٠٠) دینار بۆ كەشفی شوێنی بیر.

٢. بڕی (١٠٠,٠٠٠) دینار بۆ ڕەسمی مۆڵەتی بیر .

**ج-** كەشفی ئامێری بیر هەڵكەندن و كۆمپرێسەر و ترومپا .

١.بڕی (١٥,٠٠٠) دینار بۆ كەشفی ئامێر .

٢.بڕی (١٠٠,٠٠٠) دینار بۆ بەخشینی مۆڵەتی بیرلێدەر .

**ماددەی ( چواردەهەم ):-**

**سزاكان:**

١. هەڵكەندنی بیری بێ مۆڵەت بە ئامێری نووسینگەی مۆڵەت پێدراو بۆ یەكەم جار بە بڕی (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دیناری عێراقی سزادەدرێت بە پێی ڕێنمایی وەزارەتی دارایی وئابوری لەگەڵ ڕاگرتنی كاركردنی ئامێرەكە بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ وە لە گەراجی بەڕێوەبەرایەتییەكانی ئاوی ژێر زەوی دەست بەسەردەكرێت و مۆڵەتەكەشی لێوەردەگیرێتەوە تا تەواوبوونی ماوەی سزاكەی .

٢. لە كاتی دووبارە كردنەوەی سەرپێچییەكە بە بڕی (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن دیناری عێراقی سزا دەدرێت بە پێی ڕێنمایی وەزارەتی دارایی و ئابووری لەگەڵ ڕاگرتنی كاركردنی ئامێرەكە بۆ ماوەی (١) یەك ساڵ وە لە گەراجی بەڕێوەبەرایەتییەكانی ئاوی ژێر زەوی دەست بەسەردەكرێت و مۆڵەتەكەشی لێوەردەگیرێتەوە تا تەواوبوونی ماوەی سزاكەی .

٣. لە جاری سێیەمدا مۆڵەتی چاڵلێدەرو ئامێرەكە هەڵدەوەشێتەوە .

٤. بە سەرپێچی كردنی نووسینگە یان چاڵ لێدەر لە بڕگە (١١) ی مادده (٧) ی ئەم ڕێنماییە , بۆ ماوەی (١) یەك ساڵ ئامێرەكەی ڕادەگیرێت وەخاوەن بیریش مۆلەتی بیرەكەی هەڵدەوەشێندرێتەوە و بیرەكەش پڕدەكرێتەوە .

٥. بە سەرپێچی كردنی نووسینگە لە بڕگە (٩,٨,٧) ی هەر سێ بەشەكانی مادده (١٢) ی ئەم ڕێنماییە بە سێ مانگ ڕاگرتنی ئامێر و چاڵێدەر بۆ یەكەم جار سزا دەدرێت . لە كاتی دووبارە كردنەوەیدا بۆ ماوەی شەش مانگ ئامێرەكەی ڕادەگیرێت . ئەگەر بۆ جاری سێیەم سەرپێچیی كرد ئەوا مۆڵەتەكەی هەڵدەوەشێنرێتەوە .

٦. لە كاتی درەنگ نوێ كردنەوەی مۆڵەتی نووسینگە بۆ هەر مانگێك ئامێرەكەی بۆ ماوەی سێ مانگ ڕادەگیرێت .

٧. بۆ هەر سەرپێچییەك ڕاپۆرتێكی تایبەت بە سەرپێچییەكە لە لایەن لیژنەیەك لە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی بەرز دەكرێتەوە بۆ بەڕێوەبەری گشتی سەرچاوەكانی ئاو بۆ ڕاستاندن و ڕازی بوون لەسەر سزا دانەكە.

**ماددەی ( پازدەهەم ):-**

هەڵکەندنی بیری ئاو بە پایل قەدەغە دەکرێت و لەکاتی بەکارهێنانی ئەم ئامێرە دەستی بەسەردا دەگیرێت و دەبێتە موڵکی حکومەت .

**ماددەی ( شازدەهەم ):-**

کار بە حوکمەکانی هیچ ڕێنماییەك ناکرێت کە دژ بە حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە بێت .

**ماددەی ( حەڤدەهەم ):-**

کار بەم ڕێنماییە دەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان.

**عبدالستار مجید**

**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

بڵاوکراوەتەوە لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان ژمارە (١٨٣) لە ٢٠١٥/٢/٢٤.

## سێیەم: یاساکانی تایبەت بە هەوا

### ١. ڕێنمایی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١١

### سنوردارکردنی ژاوەژاو لە هەرێمی کوردستانی عیراق

پشتبەست بە حوکمەکانی مادەی دەیەم لە یاسای دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠١٠ و مادەی بیستوحەوتەم/دووەم لە یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستانی عیراق ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠٠٨، ئەم ڕێنماییانەی خوارەوەمان دەرکرد:

**ماددەی یەکەم:-**

بۆ مەبەستی لێکدانەوەی ئەم ڕێنماییانە، زاراوەکان و دەربڕینەکانی خوارەوە واتاکانیان لەلایانەوە دانراون:

١. هەرێم: هەرێمی کوردستانی عیراق.

٢. دەستە: دەستەی پاراستن و چاککردن ژینگە لە هەرێمی کوردستان.

٣. سەرۆك: سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستانی عیراق.

٤. ژاوەژاو: ئەو دەنگانەی لە کاتی بیستنیان دەبنە مایەی بێزارکردن و پەستکردن (بۆ مرۆڤ و ئاژەڵ)، چونکە بە دەنگی لەرینەوەی بەرز و ناجێگیر دەردەپەڕن،

دەنگەکانیش سێ جۆرن (ژاوەژاوی دەرەکی، ژاوەژاوی ناوخۆیی و ژاوەژاوی پشتەوە)

٥. ئاستەکانی نیشتمانی تایبەت بە هەرێم: بەرزترین ئاستی ڕێگەپێدراو بۆ بەرکەوتنی گوێێ هاولاتی بە ژاوەژاوی ناپەسەند.

٦. ژاوەژاوی ناپەسەند: دەنگی نەخوازراو تێکدەری باری هزر یان دەرون یان بزوێنەری مێشك و زۆرتر لە ٨٥ دیسپڵ لە ڕۆژدا و ٧٠ دیسپل لە شەودا.

٧. دیسپڵ: پێوەری لوگاریتمی بۆ پێوانەکردنی پلەی فشاری دەنگ و مەودای بەرگەگرتنی مرۆڤی سروشتی بۆ ژاوەژاو.

٨. هێزی دەنگ: پێوەری گشتگیرتر بۆ پێوانەکردنی پلەی ژاوەژاو و دەربڕینی کۆی هێزی وزەی دەنگی دەرچوو لە سەرچاوەیەکەوە، بە بێڵ (یەکسان بە ١٠ دیسپڵ) دەپێورێ.

٩. ئاستی پێوەریی: ژاوەژاوی جێگیر (بەردەوامبوو)ی ڕێگەپێدراو لە ناو پێگەی کار بە ٨٥ دیسپڵ پێوانەکراو.

١٠. ڕێژەی گۆڕین: لە کاتێکدا چڕی ژاوەژاو ئاستی پێوەریی تێدەپەڕێنێ ئەوا پێویستە ماوەی بەرکەوتن بە هۆکاری پێکهێنەر کەمبکرێتەوە (خشتەی ژمارە ١) پاشکۆی ئەم ڕێنماییانە.

١١. بڵندگۆکانی دەنگی دەرەکی: بڵندگۆکانی بەکارهێنراو لە دەرەوەی باڵەخانەکاندا.

١٢. بڵندگۆکانی دەنگی ناوەکی: بڵندگۆکانی تایبەت بە ناوەوەی باڵەخانەکان.

١٣. کاتەکانی حەوانەوە: هاوین لە ١١ی شەو بۆ ٦ی بەیانی و لە ٣ی پاشنیوەڕۆ بۆ ٦ی ئێوارە، و زستان لە ١٠ی شەو بۆ ٧ی بەیانی لە ٢ی پاشنیوەڕۆ بۆ ٥ی ئێوارە.

**ماددەی دووەم:-**

فەرمانگەکانی ژینگەیی سکاڵاکانی هاوڵاتیان دەربارەی ژاوەژاو (دەرچوو لە باڵەخانەکان یان ئوتۆمۆبێلەکان یان ئامێرەکان و کەلوپەلەکان لەسەر ڕێگە یان لە کەسەکانەوە یان لە هەر سەرچاوەیەکی ترەوە ببنە مایەی بێزارکردن) وەردەگرن و لە دوای چەسپاندنیان کە ژاوەژاوەکە لە سنوری پشێوی ناپەسەنددایە سکاڵاکان بەرزدەکرێنەوە بۆ ئەنجومەنی پارێزگا بۆ ئەوەی بیروڕای خۆی لەسەر بدات.

**ماددەی سێهەم:-**

بەپێی ئەم ڕێنماییانە (ڕوانگەی ژاوەژاو) لە شارە گەورەکانی هەرێم دادەمەزرێنرێ و هەڵدەستێ بە:

١. لێکۆڵینەوەکانی پەیوەندیدار بە ژاوەژاو (باری ئێستا و ئایندە).
٢. ئامادەکردنی نەخشەی ژینگەیی لەسەر ژاوەژاو و ساڵانە نوێکردنەوەی نەخشەکە.
٣. ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەکان لەسەر کاریگەرێتی ژاوەژاو لەسەر تەندروستی.
٤. هەڵسەنگاندنی سیستەمەکان و ڕێنماییەکانی نیشتمانی تایبەتی هەرێم لەسەر ژینگەی دەنگی لە ناو شار و مەودای کاردانەوەی هاوڵاتی لەگەڵیدا.

٥. ڕوانگە لە ناو پێکهاتەی پارێزگادا دەبێت.

٦. پەیوەندی ڕاگەیاندن لەگەڵ جەماوەردا — بە پەیڕەوێکی ڕون و ئاشکرا بە مەبەستی وشیارکردنەوە لە مەترسییەکانی ژاوەژاو لەسەر تەندروستی گشتی و خۆشگوزەرانی و ئامادەگی بۆ جێبەجێکردنی ئەم سیستەمە.

٧. چاودێریکردنی ئاستەکانی ژاوەژاوی پڕۆژەکان بە هاوکاری لەگەڵ لایەنەکانی پەیوەندیدار.

٨. ئاگادارکردنەوەی هاوڵاتی لە نەخشەی ژاوەژاو و لەسەر داتا و زانیاری تایبەت بە ژاوەژاو.

## ماددەی چوارەم:-

ڕوانگەی ژاوەژاو و بە هاوکاری لەگەڵ دەستە و لایەنەکانی تری پەیوەندیدار و بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنەکانی پەیوەندیدار بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیشەوە هەڵدەستێ بە ئامادەکردنی بەرنامەی نیشتمانی بۆ سنوردارکردنی سەرچاوەکانی ژاوەژاو بە:

١. ڕوپێویی گشتگیر لە پارێزگاکانی هەرێم و پشتبەستن بە شارەزایان بۆ ئەوەی سنور بۆ ژاوەژاو لە ئاستی پەسەنددا دابنێن لە ناو ژینگەکانی ئیش و گەڕەکەکانی نیشتەجێبوندا.

٢. راستاندن بە نەخشەیەکی نیشتمانی ژاوەژاو بۆ ناوەندەکانی پارێزگاکان و قەزاکان.

٣. دانانی پێوەرەکانی ژاوەژاوی کە لە بارهەڵگرەکان و پاسەکانەوە پەیدادەبن.

٤. دانانی پێوەرەکانی ژاوەژاو کە لە مەکینەکان و ئامێرە جیاوازەکانەوە پەیدادەبن.

٥. پەیڕەوکردنی بەرنامەی نیشتمانی بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی ژاوەژاو لە:

أ- شەقامە سەرەکییەکان.

ب- بازەڕاکان و کۆمەڵگاکانی بازرگانی و بۆرسەکان و مەزادخانەکان و کۆمەڵگاکانی تر.

ت- ناوچەکانی پیشەسازی و پیشەییەکان.

پ- ناوچەکانی نیشتەجێبون.

ج- دەوروبەری قوتابخانەکان و باخچەکانی ساوایان و خانەی بەساڵاچوانی پەککەوتوو.

ح- نەخۆشخانەکان.

خ- فەرمانگەکانی فەرمی.

د- فڕۆکەخانەکان.

٦. ئامادەکردنی کادێری تایبەتمەند بۆ ئیشکردن لە بواری ژاوەژاودا.

٧. دانانی داتای نوێکراوە لەسەر بنیادنانی پرۆژەی نوێ.

٨. چالاککردنی یاسای ژینگەیی بەهۆی وشیاری و تێبینی و چاودێری ناوبەناو و سزادانی سەرپێچیکارانەوە.

٩. هاوکاری کردن لەگەڵ لایەنەکانی عێراقی پەیوەندیدار بە مەبەستی ئامادەکردنی تایبەتمەندێتیەکانی عێراقی سەبارەت بە دەنگییەکان و ژاوەژاو بە تایبەتی کۆنترۆڵی جۆری.

١٠. دەستخستنی ئامێری پێویست بۆ کرێکاران بۆ وەرگرتنی تێبینی و چاودێری.

**ماددەی پێنجەم:-**

١. ئەو دەنگانەی چڕییان لە ٧٠ دیسپڵ زۆرترە بە ژاوەژاوی زیانبەخش لەسەر تەندروستی مرۆڤ دادەنرێ و ئامۆژگاری دەدرێت بۆ خۆبەدورگرتن لێیان.

٢. بەرکەوتنی بیستنی مرۆڤ بە چڕی سەروو ٦٥ دیسپڵ بە ژاوەژاوی زیانبەخش دادەنرێ کە کاریگەری لابەلای لەسەر جۆرێتی ژیان هەیە.

٣. دەنگەکانی چڕی زۆرتر لە ٦٥ دیسپڵ بە ژاوەژاو دادەنرێن.

**ماددەی شەشەم:-**

ژاوەژاو لە ناو ژینگەی کاردا بە بابەتی سەلامەتی پیشەیی هەژماردەکرێ بۆیە پێویستە:

١. پیشەکان لە ناو دامەزراوەکانی حکومی و کەرتەکانی تێکەڵ و تایبەت بەپێی پلەی بەرکەوتنی کرێکاران تێیاندا پۆلێن بکرێن بە پیسبونی دەنگی لەگەڵ ڕەچاوکردنی مافەکانیان کە لە ئەنجامی بەرکەوتنیان بەم جۆرە پیسبونە دێنەکایەوە.

٢. کرێکاران لە ناو هەموو کەرتەکاندا بەدوربگیرێن لە بەرکەوتنیان بە ئاستەکانی تێپەڕبوو لەوەی لە خشتەی (٢)ی هاوپێچکراو لەم ڕێنماییانەدا هاتوون.

٣. هەموو دامەزراوەکان (کارگەکان، وەرشەکان، هتد) تۆپەوانەی گوێ بۆ کرێکارانی بەرکەوتوو بە ئاستەکانی پشێوی ناپەسەند دەستبخرێ و ناوبەناو پشکنینی گوێ بکەن.

**مادده حەوتەم:-**

ئەوپەڕی سنوری بەرکەوتنی دانیشتوانی ناوچەکانی دەوروبەر بە ژاوەژاوی هەموو پڕۆژەکان بریتیە لە ٦٠ دیسپڵ بە ڕۆژ و ٥٥ دیسپڵ بە شەو.

**ماددەی هەشتەم :-**

١. بەڕێوبەرەکانی پڕۆژەکان بەرپرسیارێتی بەرامبەر ڕاگرتنی ئاستی دەنگی لە کاتی هەموو قۆناغەکانی جێبەجێکردن دەگرنەئەستۆ، و لە حاڵەتی تێپەڕاندنی ئاستەکانی ڕێپێدراودا بەڕێوەبەری پڕۆژە دەکەوێتەبەر لێپرسینەوە و داوالێکردنی بۆ ئەستورکردنی هۆکارەکانی دابڕینی دەنگی.

٢. داوا لە بەڕێوەبەرەکانی پڕۆژەکان دەکرێت دەستە بە هەموو زانیارییەکانی دەنگیی تایبەت بە پڕۆژەکانیان و ئەو ڕێکارانەی دەگیرێنەبەر بۆ سنوردارکردنی ژاوەژاو (لە کاتی جێبەجێکردن و دواتردا) ئاگاداربکەنەوە.

٣. کارگێڕی پڕۆژەکان ناچارن لێکۆڵینەوەکان لەسەر چڕی هاتوچون و دروستبونی ژاوەژاو لە ئەنجامی جێبەجێکردنی پڕۆژەکاندا پێشکەش بە دەستە بکەن.

## ماددەی نۆهەم:-

لایەنی کۆمەککاری پڕۆژەکان خەرجییەکانی بەستنی هۆکارەکانی دابڕینی دەنگیی گونجاو و تێنەپەڕاندنی ئاستەکانی دەنگیی ڕێپێدراو دەگرنەئەستۆ.

## ماددەی دەهەم:-

١. پێویستە لەسەر هەموو خاوەن یانەکان و هۆڵەکانی بۆنەکان و زەماوەندەکان و باخچەکان و گازینۆکان و باخچەکانی بەکارهێنراو بۆ هەموو بۆنەکان ئامرازەکانی پێوانەکردنی ژاوەژاو بە بەستراوی بە ئامرازێکی ئاگادارکردنەوە دابنێن بۆ ئەوەی دواتر کایەی وزەی کارەبایی لە ئامرازەکانی دەنگ بڵندکردن بەگوێرەی پێوەری ٧٠ دیسپڵ لە مەودای بیستنی دانیشتوان ببڕێ.

٢. پێویستە لەسەر لایەنەکانی پەیوەندیدار دانانی ئامرازەکانی لەو جۆرە بکەن بە مەرج بۆ پێدانی مۆڵەت و نوێکردنەوەی گرێبەستەکان.

٣. ماوەی ٣ مانگ دەدرێ بە خاوەنی پڕۆژە یان ڕاسپێرراوی کارگێڕی بۆ تەواوکردنی دانانی پێوەرەکان بە شێوەی هونەری.

## ماددەی یازدەهەم:-

کرێکارانی ئیشکردوو لە ناو شوێنی کاری قەرەباڵغیدا، ماف خۆیانە داوای پشکنینی هەفتانە بکەن بۆ ئاگاداربون لە مەودای بەرکەوتنیان بە ژاوەژاو.

**ماددەی دوازدەهەم:-**

نابێ پشت بە هەستی گوێ ببەسترێ لە پشتگیریکردنی سکاڵاکار بەڵکو بە:

١. خوێندنەوەی ئامێری پێوەری ژاوەژاو.

٢ . پۆلێنکردنی شوێنی ژاوەژاو.

٣. کاتی ڕودانی ژاوەژاو.

٤. ئاستی ڕێپێدراو لەو کاتەدا.

**ماددەی سێزدەهەم:-**

دەنگی ئامرازەکانی ئاگادارکردنەوەی بەستراو لە ئۆتۆمبیلی پۆلیس و فریاکەوتن و ئاگرکوژێنەوە بە سەرپێچی دادەنرێ ئەگەر هیچ پاساوێك بۆ حاڵەتی فریاکەوتنەکە نەبێ و لایەنی سەرپێچیکار بەگوێرەی ئەحکامی ئەم ڕێنماییانە سزا دەدرێ.

**ماددەی چواردەهەم:-**

ئەنجومەن لایەنی بەرپرسیاری تایبەتییە لە دیاریکردنی نیشانەکان و ڕێگاکانی پێوانەکردنی ژاوەژاو و سنورەکانی ڕێپێدانیان.

**ماددەی پازدەهەم:-**

١. هەموو لایەنەکان و تاکەکان پابەنددەبن لەکاتی دەستکردن بە چالاکییەکانی بەرهەمهێنان یان خزمەتگوزاری یان هی تر و بە تایبەتی لە کاتی ئیشپێکردنی ئامرازەکان

و کەلوپەلەکان و بەکارهێنانی ئامێرەکانی ئاگادارکردنەوە و بڵندگۆکان بەوەی سنوری ڕێپێدراو بۆ بەرزی دەنگیی لە ناو شوێنەکانی کارکردن و شوێنەکانی گشتی داخراوی تێپەڕنەکەن هەروەکو لە خشتەی (١)ی هاوپێچکراو لەم ڕێنماییانەدا ڕونکراوەتەوە.

٢. پێویستە لەسەر ئەو لایەنەی دەسەڵاتی مۆڵەت بەخشینی بەدەستە ڕەچاوی کۆی دەنگەکانی دەرچوو لە سەرچاوەی جێگیری یەك ناوچەوە لە سنوری دیاریکراودابن، و دڵنیابێت لە زامنکردنی پابەندبونی دامەزراوەکە بە دانانی ئامرازەکان و کەلوپەلەکانی گونجاو، ئەویش بەگوێرەی خشتەی (٢)ی هاوپێچکراو لەم ڕێنماییانەدا لە ڕوی سنوری ڕێپێدراو بەرامبەر چڕی دەنگ و ماوەی بەرکەوتنی.

**ماددەی شازدەهەم:-**

خاوەنەکانی پڕۆژەکانی تایبەتی بەڵێن دەدەن کە کارمەندان و بەکارهێنەرانی خۆیان نەکەونە ئاستەکانی ژاوەژاوی زۆرتر لە سنوری ڕێپێدراو وەکو ئەوەی لە ناو خشتەکانی (٣) و (٤) هاتووە و ڕەچاوی ئاستەکانی ژاوەژاوی فێرکاری لە خشتەی (٥)ی هاوپێچکراو لەم ڕێنماییانەدا بکەن.

**ماددەی حەڤدەهەم:-**

ئەم ڕێنمایە لەدوای بڵاوکردنەوەی لەڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان کاری پێدەکرێ.

**ریزان حسن مولود**

**سەرۆکی ئەنجومەن**

## خشتەی ژمارە (١)

## کەمکردنەوەی ماوەی بەرکەوتن بۆ نیوە لەگەڵ هەموو زۆربونێکی سیانی ڕوندەکاتەوە

| ماوەی ئەو پەڕی سنوری بەرکەوتنی ڕێپێدراو بە کاتژمێر | ڕێژەی گۆڕینی ٣ دیسپڵ<br>ئاستی ڕێپێدراو |
|---|---|
| ٨ | ٨٥ |
| ٤ | ٨٨ |
| ٢ | ٩١ |
| ١ | ٩٤ |
| ٠,٥ | ٩٧ |
| ٠,٢٥ | ١٠٠ |

## خشتەی ژمارە (٢): سنوری ژاوەژاوی ڕێپێدراو بۆ چالاکیەکانی بیناکردن

| ناوچەکانی پیشەسازی | ناوچەکانی بازرگانی | ناوچەکانی نیشتەجێبون | |
|---|---|---|---|

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڕۆژانە: ٧ی بەیانی بۆ ٧ی شەو | 75 dBA | 80 dBA | 85 dBA |
| ڕۆژانە: ٧ی شەو بۆ ٧ی بەیانی | 60 dBA | 65 dBA | 70 dBA |

**خشتەی ژمارە (٣): چڕی دەنگ لە ناو شوێنەکانی کار و لە ناو شوێنی داخراودا ئاستی ڕێپێدراو بۆ مانەوەی چڕی ژاوەژاو لە ناو شوێنەکانی چالاکی بەرهەمهێناندا:**

| ئەوپەڕی سنوری ڕێپێدراو بۆ چڕی ژاوەژاوی گونجاو دیسپلێ (أ) | دیاریکردنی جۆری شوێن و چالاکی |
|---|---|
| ٨٥ | ١. شوێنەکانی ئیشکردن تاکو ٨ کاتژێر و ئامانجی سنورداركردنی مەترسییەکانی ژاوەژاوە لەسەر هەستی بیستن. |
| ٨٠ | ٢. شوێنەکانی ئیشکردن کە پێویستی بە ئامازەکانی بیستنی دەنگیی و باش گوێلێبونی ئاخاوتنە. |
| ٦٥ | ٣. ژورەکانی ئیشکردن بۆ بەدواداچون و پێوانەکردن و ڕێکخستنی بەگەڕخستن بە |

| | |
|---|---|
| پێداویستی بەرز. | |
| ٤. ژورەکانی ئیشکردن بۆ یەکەکانی ژماردنی خۆیی یان ئامرازەکانی نوسین یان هاوشێوە. | ٧٠ |
| ٥. ژورەکانی ئیشکردن بۆ چالاکییەکان کە پێویستیان بە تەرکیزی هزری ئاساییە. | ٦٠ |

ئەوپەڕی ماوەی بەرکەوتن بە ژاوەژاوی ڕێپێدراو لە شوێنەکانی کارکردن لە (کارگەکان و وەرشەکان)دا:

بەهای دەرکراوی دواتر لەسەر بنەمای کارنەکردنەسەر هەستی بیستن دەردەکەوێت.

- نابێ چڕی ژاوەژاو زۆرتربێ لە هاوتاکەی بە ٨٥ دیسپڵ (أ) لە ماوەی ٨ کاتژێر شەفتی کاری ڕۆژانە.
- نابێ مانەوەی چڕی ژاوەژاوی ساتیی لە ماوەی کارکردندا بگاتە ١٣٥ دیسپڵ.
- لە حاڵەتی بەرکەوتن بە ئاستەکانی جیاواز لە چڕی ژاوەژاو زۆرتر لە ٨٥ دیسپڵ.

(أ)لە مەودای پچڕپچڕ لە ماوەی شەفتی کارکردندا، نابێ زۆرتربێ لە ئەنجامی:

أ١ أ٢

\+ \+ لە یەکی ڕاست تێیدا:

ب١ ب٢

أ: ماوەی بەرکەوتن بە ئاستی دیاریکراو لە ژاوەژاو (یەك کاژێر).

ب: ماوەی بەرکەوتنی ڕێپێدراو لە هەمان ئاستی ژاوەژاو (یەك کاژێر).

(لە کاتی بەرکەوتن بە ژاوەژاوی پچڕپچڕی دەرچوو لە لێدانی چەکوشی قورس).

لەسەر ماوەی بەرکەوتن دەوەستێ (ژمارەی چەکوش لێدان لە ماوەی شەفتی ڕۆژانە) بەپێی چڕی ژاوەژاو هاوشێوەی خشتەکەی خوارەوە:

| چڕی دەنگ (دیسپڵ) | ژمارەی چەکوش لێدانی ڕێگەپێدراو لە ماوەی کارکردنی ڕۆژانە |
|---|---|
| ١٣٥ | ٣٠٠ |
| ١٣٠ | ١٠٠٠ |
| ١٢٥ | ٣٠٠٠ |
| ١٢٠ | ١٠٠٠٠ |
| ١١٥ | ٣٠٠٠٠ |

ژاوەژاوی دەرچوو لە پێداکێشانی چەکوشی قورس بە پچڕپچڕ دادەنرێ ئەگەر ماوەی نێوان هەر پێداکێشانێك و ئەوەی دواتری ١ چرکە یان زۆرتر بێ. بەڵام ئەگەر ماوەکە

لەوە کەمتر بێت ئەوا بە ژاوەژاوی بەردەوام هەژماردەکرێ و ئەوەی لە چوار بەندەکەی پێشتردا هاتوو جێبەجێ دەکرێن.

**خشتەی ژمارە (٤): ئەوپەڕی مەودای ڕێگە پێدراو بۆ چڕی ژاوەژاو لە ناوچە جیاوازەکان**

| جۆری ناوچە | سنوری ڕێگەپێدراو بەرامبەر چڕی دەنگ دیسپلێ | | |
|---|---|---|---|
| | بە ڕۆژ لەبۆ | بەئێوارە لەبۆ | شەوانە لەبۆ |
| ناوچەکانی بازرگانی و کارگێڕی و ناوەڕاستی شار | ٥٥—٦٥ | ٥٥—٦٠ | ٤٥—٥٥ |
| ناوچەکانی نیشتەجێبون چەند وەرشەیەك یان کاری بازرگانی تێدابێ یان لەسەر شەقامی گشتی بێ | ٥٠—٦٠ | ٤٥—٥٥ | ٤٠—٥٠ |
| ناوچەکانی نیشتەجێبونی ناو شار | ٤٥—٥٥ | ٤٠—٥٠ | ٣٥—٤٥ |
| گەڕەکەکانی نیشتەجێبون لەگەڵ هاتوچونێکی کەم | ٤٠—٥٠ | ٣٥—٤٥ | ٣٠—٤٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| گەڕەکەکانی نیشتەجێبونی گوندی، نەخۆشخانەکان و باخچەکان | ٣٥–٤٥ | ٣٠–٤٠ | ٢٥–٣٥ |
| ناوچەکانی پیشەسازی (پیشەسازی قورس) | ٦٠–٧٠ | ٥٥–٦٥ | ٥٠–٦٠ |

بە ڕۆژ: لە کاژێر (٧)ی بەیانی تاکو کاژێر (٦) ئێوارە.

بە ئێوارە: لە کاژێر (٦)ی ئێوارە تاکو کاژێر (١٠) شەو.

بە شەو: لە کاژێر (١٠)ی شەو تاکو کاژێر (٧) بەیانی.

## خشتەی (٥): بەهاکانی ڕێنماییکردن بۆ ژاوەژاو لە ناو ژینگە دیاریکراوەکاندا

| ژینگەی پەیوەندیدار | کاریگەریی سەخت لەسەر تەندروستی | ئاستی ژاوەژاوی هاوتا Laeq dB(A) | کات (کاتژمێر) | ئەوپەڕی ئاست LA max dB |
|---|---|---|---|---|
| ناوچەکانی هەوای کراوە | بێزاربونی زۆر بەیانی و ئێوارە، | ٥٥ | ١٦ | – |
| | بێزاربونی کەم | ٣٠ | ٨ | – |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | بەیانی و ئێوارە | | | |
| لە ناو ماڵەکان یان لە ناو شوێنی داخراو لە ناو ژوری نوستن | ڕونی ئاخاوتن و بێزاربونی کەم بەیانی و ئێوارە خەو زڕاندن، کاتی شەو | ٣٥<br>٣٠ | ١٦<br>٨ | ٤٥ |
| لە دەرەوەی ژوری نوستن | خەو زڕاندن، پەنجەرە کردنەوە (سودی هەوای کراوە) | ٤٥ | ٨ | ٦٠ |
| لە ناو پۆلەکانی قوتابخانە و باخچەی ساوایان | ڕونی ئاخاوتن، گرانی حاڵی بون لە زانیاری، و گەیاندنی پەیامی خوازراو | ٣٥ | لە کاتی وانەکاندا | – |
| شوێنەکانی خەوتن لە ناو باخچەکانی ساوایان | خەو زڕاندن | ٣٠ | لە کاتەکانی خەوتندا | ٤٥ |
| قوتابخانەکان، گۆڕەپانی | بێزاربون (سەرچاوەکانی | ٥٥ | لە کاتی | – |

| کراوەی یاری | دەرەکی) | | یاریکردن | |
|---|---|---|---|---|
| نەخۆشخانەکان ، دالانی قاوشەکان لە ناوەوە | خەو زڕاندن لە کاتی شەو، خەو زڕاندن لە کاتی ڕۆژ و شەوانە | ٣٠<br>٣٠ | ٨<br>١٦ | ٤٠<br>— |
| نەخۆشخانەکان ، ژورەکانی چارەسەر لە ناوەوە | تێکەڵبونی حەوانەوە و باشتربون | ١# | | |
| ناوچەکانی پیشەسازی، بازرگانی، بازاڕەکان، ناوچەکانی هاتوچون (لە ناو و دەرەوە) | گرانی بیستن | ٧٠ | ٢٤ | ١١٠ |
| بۆنەکان، ئاهەنگەکان، ڕابواردنەکان | گرانی بیستن (ڕێکخراوی: کەمتر لە ٥ جار لە ساڵێکدا) | ١٠٠ | ٤ | ١١٠ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ناونیشانەکانی گشتی (لە ناو و دەرەوە) | گرانی بیستن | ٨٥ | ١ | ١١٠ |
| ئاواز و دەنگی تر بە هێدفۆن | گرانی بیستن | ٤#٨٥ | ١ | ١١٠ |
| دەنگی دەرچوو لە یارییەکان، یاری و گڕەچەك | گرانی بیستن (باڵخبووەکان) گرانی بیستن (منداڵان) | –<br>– | –<br>– | ٢#١٤٠<br>٢#١٤٠ |
| شوێنەکانی دەرەوە لە ناو پارکەکان و ناوچە پارێزراوەکان | بەربەستی بێدەنگی | ٣# | | |

١. ئەوەندەی بتوانرێ کەمترین ئاست.

٢. لوتکەی فشاری دەنگی (LA max نەبێ) لە دوری ١٠سم لە گوێوە دەپێورێ.

٣. پێویستە پارێزگاری بکرێ و ڕێژەی ژاوەژاوی تێکەڵبوو بە دەنگەکانی سروشتی لە ناوچەکانی دەرەکی بێدەنگدا کەمبکرێتەوە.

٤. لە ژێر سەماعەکاندا ڕێککردنەوەی بەهاکانی ئازادی.

ئەم ڕێنمایە بڵاوکراوەتەوە لە وەقائعی کوردستان ژمارە (١٤٠) لە ڕێکەوتی ٢٠١١/١٢/٢٩.

## ٢. ڕێنمای ژمارە ( ٢ ) ی ساڵی ٢٠١١

## پاراستنی جۆرێتی هەوای چواردەور لە مادە بەربڵاو و ترسناکەکانی پیسکردنی هەوا

پشتبەست بە حوکمەکان مادەی (١٠) لە یاسای دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستانی عیراق ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠١٠، وحوکمەکانی هەردوو مادەی ژمارە (٢٦ و ١/٢٧) لە یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠٠٨، بڕیارماندا بە دەرکردنی ڕێنماییەکانی ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠١١.

**ماددەی یەکەم :-**

بۆ مەبەستی لێکدانەوەی ئەم ڕێنمایە، زاراوەکان و دەربڕینەکانی خوارەوە واتاکانیان لەلایانەوە دانراون:

١. **دەستە:** دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان.

٢. **سەرۆك:** سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان.

٣. **ڕێنماییەکان:** ڕێنماییەکانی پاراستنی جۆرێتی هەوای چواردەور لە مادە بەربڵاو و ترسناکەکانی پیسکردنی ژینگە.

٤. **هەوا:** ئەو بەرگە گازییەی لە چواردەوری گۆی زەوییدایە.

٥. **پیسبونی هەوا:** بونی یەك مادەی پیسکەری هەوا یان زۆرتر یان تێکەڵەیەك لێی بە چڕبونەوە و مەودای کاتی کاتە شیاوی زیانبن بە مرۆڤ و ڕووەك یان ئاژەڵ یان خاك یان موڵکەکان بگەیەنن.

٦. **مادەکانی پیسکرەکانی هەوا:** خڵتەی ڕەقن یان گازی یان شل لە هەوادا کە بە چڕبونەوە لەسەرو سنوری ڕێپێدراو دەتوانێ ببێتەهۆکاری مەترسی دروستکردن لەسەر تەندروستی گشتی یان زیانگەیاندن بە ژینگە یان گیانلەبەران.

٧. **هۆکارەکانی پیسبونی هەوای چواردەور:** خستنەسەری تەنی نامۆیە بۆ ناو پێکهاتەکانیی یان گۆڕینی ڕێژەی سروشتی چڕبونەوەکانی پێکهاتەکانی یان هەردووکیان.

٨. **سەرچاوەکانی پیسکردنی هەوا:** پیسکەری هەوا پۆلێن دەکرێ – بەگوێرەی سەرچاوەکانیان – بۆ دوو بەش:

- **مادەی پیسکەری سەرچاوە سروشتی:** ئەو مادە پیسکەرانە دەگرێتەوە لە سروشتدا دۆزراونەتەوە.
- **مادەی پیسکەری سەرچاوە مرۆیی:** ئەو مادە پیسکەرانە دەگرێتەوە کە هەمیشە لە ناو سروشتدا نین و لە ئەنجامی چالاکیەکانی مرۆڤەوە تێکەڵ بە هەوا دەبن یان لە سروشتدا هەن و بەهۆی چالاکییەکانی مرۆڤەوە زۆر دەبن.

٩. **جۆرەکانی پیسکەری هەوا:** دوکەڵەکان و هەڵمەکان، تۆز و تەم و بۆن و وردە تەن و ماددەی تیشکەوەر و ماددەی ژەهراوی کە بەهۆی چالاکیەکانی مرۆییەوە زۆر دەبن.

١٠. **تۆزی هەوایی:** دەنکۆڵەی ڕەقی گازی هەڵواسراون لە ناو هەوادا.

١١. **پێوەرەکانی نیشتمانی:** ئەوپەڕی سنوری ڕێپێدراون لە چڕبوەوەکانی هەموو مادەکانی پیسکەری هەوا کە ڕێپێدراون فڕێبدرێنە ناو ژینگە.

١٢. **مادەکانی پیسکەری باو:** مەبەستەکە ئەم مادە پیسکرانە دەگرێتەوە: ئۆزۆنی زەوی، دەنکۆڵەی هەڵواسراو، یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن، دووەم ئۆکسیدی کاربۆن، دووەم ئۆکسیدی کبریت و قوڕقشم.

١٣. **مادەکانی پیسکەری ترسناك:** مەبەست لە هەموو مادەکانی پیسکردنی ترسناکی هەوایە لە ناویاندا پێکهاتەکانی لەناوبردنی ئۆزۆن و کە دەستە دواتر دیاریدەکات و لە کاتی پێویستیدا نوێی دەکاتەوە.

١٤. **ئۆزۆنی زەوی:** گازی ترسناکی مەترسیدارە لەسەر تەندروستی لە دەرەنجامی کارلێکی ئۆکسیدی نایترۆجین لەگەڵ پێکهاتەکانی ئەندامی ناو هەوا بە بونی تیشکی خۆر و گەرمی هەوایی دروستدەبن.

١٥. **دەنکۆڵەی هەڵواسراو:** ئەویش دوو جۆرە:

- **دەنکۆڵەی زبر:** ئەو دەنکۆلانەن کە تیرەکانیان زۆرترە لە (٢,٥) مایکرۆمەترە و کەمترە لە (١٠) مایکرۆمەتر.

- **دەنکۆڵەی نەرم:** ئەو دەنکۆڵانەن کە تیرەکانیان کەمترە لە (٢,٥) مایکرۆمەتر.

**١٦. شەش پێوەرە نیشتمانییەکە:** بریتین لە پێوەرەکانی تایبەت بە هەوای چواردەور (دەرەوەی بیناکان) لە هەرێمی کوردستانی عێراق و ئەوانیش دوو جۆرن.

- **پێوەرەکانی سەرەتایی:** ئەو پێوەرانەن بۆ پاراستنی تەندروستی مرۆڤ لەگەڵ سنوری گونجاو دانراون بۆ سەلامەتی و بەتایبەتیش لە ناو چینە هەستیارەکانی وەکو منداڵان و بەساڵاچوان، ئەو کەسانەی نەخۆشییەکانی سینگیان هەیە و دەستە بە ڕێنمایی دیاریاندەکات و لە کاتی پێویستیدا نوێیان دەکاتەوە.
- **پێوەرکانی لاوەکی:** ئەو پێوەرانەن بۆ پاراستنی تەندروستی گشتی دانراون لە مەترسییەکانی هەر مادەیەکی پیسکردنی ناسراو یان پەرچە–کاریگەری شیاو بەرامبەر هەر مادەیەکی پیسکەر (وەکو ئاژەڵ یان ڕووەك یان مادەکان یان هی تر) و دەستە بە ڕێنمایی دیاریاندەکات و لە کاتی پێویستیدا نوێیان دەکاتەوە.

**١٧. دامەزراوەی دەرهاوشتنی سەرەکی:** مەبەست لەمە سەرچاوە جێگیرەکانی پیسکەری هەوان کە دەرهاوێژراون یان توانای دەرهاویشتنی ١٠٠ تەن یان زۆرترییان لە هەر مادەیەکی پیسکەر لە جۆرەکانی سەرچاوەکانی جێگیر هەیە لە ساڵێکدا کە لەم ڕێنماییەدا باسیان لەسەرکراوە.

**١٨. بەکارهێنان:** بە واتای هەر کەرەستەیەك یان شێوازێك دێت یەکێك لە مادەکانی پیسکەری باو یان ترسناکی تێدابێ یان بەکاربێنێ.

**١٩. پرۆتۆکۆڵ:** بە واتای پرۆتۆکۆڵی مۆنتریال دێت کە پاشکۆکراوە بە ڕێککەوتنامەی ڤییێناوە بۆ پاراستنی چینی ئۆزۆن بەو هەموارکردنەوانەی تێیداکراون و ئەوانەی جێبەجێشکراون.

**٢٠. کەلوپەلی پزیشکی:** بە واتای (دەرمان و بەرهەمەکانی دۆزینەوەی نەخۆشی و سیستەمەکانی دابەشکردن) دێت کە مادەکانی پیسکەری باو و ترسناك تێیاندا بەکاردەهێنرێ بە مەرجی:

- بەدەستهێنانی ڕەزامەندی هەریەك لە دەزگای کۆنترۆڵی جۆری و دەستە لەسەر هاوردەکردن یان دروستکردن.
- جەختکردنی وەزارەتی تەندروستی کە ئەوە پێداویستییەکی بەپەلەیە بۆ هاوردەکردن.
- بەڵگەکان و سەلماندنەکانی زانستی نوێکراوە لەسەر سەلامەتی بەکارهێنان.

**٢١. پێکهاتەکانی نەهێشتنی چینی ئۆزۆن:** بریتین لە پێکهاتەکانی کلۆراین و فلۆراین و هی تر کە سەلمێنراون چینی سەرەوەی ئۆزۆنیان لەناوبردوە و لە ڕێکەوتنامەکەدا باسکراون و بە ڕێنمایی دیاریدەکرێن.

**ماددەی دووەم :-**

دامەزراوەکانی فێرکاری و توێژینەوە و تەندروستی بەدەردەکرێن لە بەکارهێنانی مادەکانی پیسکەری ترسناك.

**ماددەی سێیەم:-**

یەکەم: سەرچاوەکانی مادە باوەکانی پیسکەری هەوای باو خۆی دەبینێتەوە لە:

أ. وێزگەکانی دروستکردنی وزەی هەڵمین کە بە وزەی بەردینە ئیشدەکەن کە توانای بەرهەمی ٢٥٠ ملیۆن یەکەی گەرمی بەریتانی/BUT هەیە لە کاتژمێرێکدا.

ب. بۆیلەری زەبەلاحی ئیشکردوو بە وزەی بەردینە (BUT/٢٥٠ لە کاتژمێرێك و زیاتر).

ت. وێزگەکانی پاڵاوتنی خەڵوزی بەردین COAL CLEANING PLANTS، وشککەرەوەی گەرم Thermal Dryers.

پ. کارگەکانی چیمەنتۆ.

ج. کارگەکانی کاغەز.

ح. فڕنی تواندنەوەی خارسین (زینك).

خ. کارگەکانی ئاسن و پۆڵا.

د. ئاشەکان.

ژ. کارگەکانی کەمکردنەوەی سەرەتایی ئەلومنیۆم.

ر. فڕنەکانی تواندنەوەی سەرەتایی مس.

ز. فڕنەکانی تواندنەوەی سەرەتایی قورقوشم.

س. سوتێنەرەکانی شارەوانی بە توانای ٥٠ تەن/لە ڕۆژێکدا.

ش. کارگەکانی ترشەڵۆکەکان (هایدرۆکلۆریك، کبریتیك، هایدرۆفلۆریك و نایتریك).

ص.	پالاوگەکانی نەوت.

چ.	کارگەکانی کلس (گەچ).

گ.	کارگەکانی چارەسەرکردنی بەردی فۆسفاتی.

ڤ.	فرِنی زەبەلاحی خەڵوزی بەردی.

ع.	کارگەکانی پالاوتنی کبریت.

غ.	کارگەکانی کەربونی ڕەش.

ف.	کارگەکانی گۆڕینی سوتەمەنی.

ق.	کارگەکانی بۆیاخ.

ك.	دەزگای دروستکردنی کانزاکانی سەرەتایی.

ل.	کارگەکانی دەزگای چارەسەرکردنی کیمیاوی .

م.	عەمبارەکانی نەوت بە توانای هەڵگرتن٣٠٠ هەزار بەرمیل .

ن.	کەسارەکانی بەردی خاوی گرانیت.

هـ.	کارگەکانی ڕیشاڵی شوشەیی (فایبەر گلاس).

و.	کارگەکانی بەرهەمهێنانی خەڵوزی ڕووەکی.

ی.	کارگەکانی دارتاشی (دەنکۆڵەکانی و هەڵواسراو وتۆزەکان )

أ.	بنیادنانی تەلار و باڵەخانەکان بە شێوازی نازانستی وەکو فڕێدانی پاشەڕۆ و دەرهاویشتنی بڕی زۆر لە تۆز و دەنکۆڵە و هتد.

ب.	شوێنەکانی فڕێدانی پاشەڕۆی قورس و ئاوەڕۆ (بونی دەنکۆڵە و تۆزەکان و بۆنی ناخۆشی زۆرترین جۆرەکانی وردە بونەوەرەکانی وەکو کەڕوەکان،

بەكتریاكان، ڤایرۆسی بەربڵاو لە ناو هەوای چواردەور كە دەگوازرێنەوە بۆ مرۆڤەكان و گیانلەبەرە زیندوەكان و زیان دەگەیەنن بە تەندروستیان.

ت. هەر سەرچاوەیەك یان خزمەتگوزارییەكی تر ٢٥٠ تەن و زۆرتر لە مادەكانی پیسكردن – هەر چییەك بێ – دەخاتە ناو هەوادا/ لە ساڵێكدا.

دووەم: لایەنەكانی پەیوەندیدار هەڵدەستن بە پێدانی دەستە بە چڕكراوەكان لە هەموو مادەكانی پیسكردنی سەرەوە لەگەڵ دەرهاویشتنەكانی ساڵانەدا.

## ماددەی چوارەم:-

خشتەكەی خوارەوە ئاستەكانی ڕێپێدراو لە مادەكانی پیسكەری باو لەخۆدەگرێت دەستە ئاڕاستەی نیشتمانی لە هەر شەش مادە پیسكەرە باوەكەی دواتر بە ڕێنمایی دەردەكات.

| مادەی پیسكەر | جۆرەكەی | پێوەرەكان | تێكڕای كات |
|---|---|---|---|
| SO2 | سەرەتایی | 0.14 PPM $356\mu g\backslash m^3$ | ٢٤ كاژێر |
| SO2 | سەرەتایی | 0.030 ppm $80\mu g\backslash m^3$ | ساڵانە |
| SO2 | لاوەكی | 0.3 ppm $1300\ \mu g\backslash m^3$ | ٣ كاژێر |
| PM10 | سەرەتایی و لاوەكی | $150\ \mu g\backslash m^3$ | ٢٤ كاژێر |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٤ کاژێر | 35 µg\m$^3$ | سەرەتایی و لاوەکی | PM2.5 |
| ساڵانە | 15 µg\m$^3$ | سەرەتایی و لاوەکی | PM2.5 |
| ١ کاژێر | 35 ppm<br>40 mg\m$^3$ | سەرەتایی | CO |
| ٨ کاژێر | 9 ppm<br>10 mg\m$^3$ | سەرەتایی | CO |
| ٨ کاژێر | 0.075 ppm<br>235 µg\m$^3$ | سەرەتایی و لاوەکی | O3 |
| ساڵانە | 0.053 ppm<br>100 µg\m$^3$ | سەرەتایی و لاوەکی | NO2 |
| وەرزی | 1.5 µg\m$^3$ | سەرەتایی و لاوەکی | PB |

تێبینی: بۆ هەموو پێوەرەکانی ناو خشتەکەی سەرەوە پێوەری تایبەتی هەیە لە ڕوی ژمارەی ئەو کاتانەی تێیاندا زۆردەبن و لە هەندێ حاڵەتداتێکڕای ڕێژەکە پشتیبەستوە بە هەموو ٣ ساڵ جارێك.

**ماددەی پێنجەم :-**

یەکەم: دەستە هەڵدەستێ بە:

أ. دیاریکردنی ناوچەکان و سەرچاوەی پیسبونی هەوایی و جێگیرکردنی چاودێری دەوری لەسەریان.

ب. گرتنەبەری ڕێکارەکانی ڕوپێویی و شیکردنەوەی پێویست بۆ کۆکردنەوە دیاریکردنی ئاستەکانی پیسبونی هەوایی لەو ناوچانەی خراونەتە ژێر کۆنترۆڵەوە و دیاریکردنی هۆکارەکان بۆ ڕێگرتن لە تەشەنە نەکردنیان لە ئاستی ڕێپێدراودا ئەویش بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنەکانی پەیوەندیدار.

ت. گرتنەبەری ڕێکارەکانی ڕوپێویی پێویست بۆکۆکردنەوەی داتا و زانیاری پێویست کۆکردنەوە لەسەر سەرچاوەکانی پیسکردنی هەوا لە ڕوی جۆر و ژمارە و قەبارە و پۆلێنکردنی چالاکیەکانی پیسکردنی هەوا لە هەرێم بەگوێرەی جۆرێتی و چەندێتی و کاریگەری مادەکانی پیسکەری دەرهاوێژراو لێیان و دیاریکردنی ناوچەکانی بەرکەوتوو و جێگیرکردنی چاودێری دەوری بۆ سنوردارکردنی کاریگەری نەرێنی لەسەر ژینگەی مرۆڤ.

پ. هەماهەنگی لەگەڵ لایەنەکانی پەیوەندیدار بۆ دانانی پێوەرەکانی نیشتمانی جۆرێتی هەوا.

ج. دەستکردن بە چاودێری و پشکنین لەسەر هەموو دامەزراوەکانی کەرتی گشتی و تێکەڵ و تایبەتی کە دەبنەهۆکاری پیسکردنی ژینگە.

ح. بنیادنانی بنکەی زانیاری و درێژەپێدان بە هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ لایەنەکانی پەیوەندیدار.

دووەم:

خ. پێویستە ڕای دەسەڵاتدارانی ژینگەیی لەسەر هەموو پرۆژەکان و چالاکیەکانی ئایندەیی کاریگەر لەسەر جۆرێتی هەوا وەربگیرێ.

د. دانانی وێزگەکانی ڕوانگەی جێگیر لە ناوچە جیاوازەکانی هەرێم و بەستنەوەیان لە ناو تۆڕێکی زانیاری ئەلیکترۆنی لە کاتی دابینکردنی داهاتی دارایی بۆییان.

ژ. تەنیا دەستە کاری بۆ بەدواداچونی مادەکانی پیسکەری هەوا لە هەرێمی کوردستان و بەپێی ئەو دەسەڵاتەی بەپێی یاسا پێیدراوەدەکات .

**ماددەی شەشەم:-**

قەدەغەیە بەکارهێنانی ئامێرەکان یان مەکینەکان یان بارهەڵگرەکان یان بزوێنەرەکان یان موەلیدەکان کە دەبنەهۆکار بۆ دەرهاویشتنی مادەی پیسکەری هەوای تێپەڕبوو لەوەی لە پاشکۆی (١) و (٢)دا باسکراوە.

**ماددەی حەوتەم:-**

دەستە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی پەیوەندیدار تایبەتمەند بە دانانی سیستەمی زانیاری تایبەت بە جۆرێتی هەوا لە هەرێمی کوردستان و پێویستە لەسەر هەموو کەسەکانی واتایی تایبەتی و گشتی هەستن بە:

ر. هەموو داتایەك و زانیارییەکی دەستخراو لە ناو تۆمارەکان یان ئەوەی ڕەنگدانەوەی چالاکیەکانی خۆیەتی لە پرۆژەکانی پیشەسازی-کشتوکاڵی-خزمەتگوزاری-بەو پیشەوەریانەی تێیاندایە و بۆ مەبەستەکانی ئەم ڕێنماییانە پرۆژەکانی وەبەرهێنان بە هەموو جۆرەکانی و ئەوانەی کەوتونەتە ناو ناوچەکانی پیشەسازی یان ناوچەکانی ئازاد یان ئەوەی دواتر بنیاد دەنرێن بداتە دەستە .

ز. ناردنی داتاکان و زانیارییەکان لەسەر ژمارەکان و سروشتی ئەو عەمبارانەی مادەکانی پیسکەر و کیمیاوییان تێدایە کە زۆرترین مەترسین لەسەر ژینگەی هەوایی و تەندروستی گشتی.

**ماددەی هەشتەم:-**

ئەو لایەنانەی چالاکییەکانیان دەبنەهۆکاری پیسکردنی هەوا پابەندن بەمانەی خوارەوە:

یەکەم: پێشکەشکردنی ڕاپۆرت لەسەر کاریگەری ژینگەیی لە پێش دەستکردن بە دروستکردن بە گرتنەبەری ڕێکارەکان بۆ پاراستنی جۆرێتی هەوای چواردەور.

دووەم: دەستخستنی هۆکارەکان و سیستەمەکانی چارەسەرکردنی پیسبونی هەوا و دڵنیابون لە توانایان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان ئەگەر دروستبون و ئاگادارکردنەوەی دەستەدەربارەییان.

سێیەم: لایەنەکانی ئاماژەپێکراو هەوڵبدەن بۆ پەیداکردنی ئامێرەکانی پێوانەکردن و چاودێریکردنی مادەکانی پیسکەری هەوای سەرەکی، وئەنجامی پێوانەکان بدەنە دەستە و ئەگەر ئەمە نەکرا ئەوا پێویستە ڕێکارەکانی پشکنینەکان لەلای نوسینگەکانی لایەنەکانی ڕاوێژکاری و تاقیگەکان بگرنەبەر کە وەزارەت پشتیان پێدەبەستێ.

چوارەم: بنیادنانی بنکەی زانیاری لە بواری پاراستنی هەواو و باشڕاگرتنی.

**ماددەی نۆیەم:-**

یەکەم: خاوەنی هەموو پرۆژەیەك لە پێش دەستبەکاربون لە بنیادنانی پرۆژەکەی پابەند دەبێ بە پێشکەشکردنی ڕاپۆرتێك دەربارەی هەڵسەنگاندنی کاریگەرێتی پرۆژەکەی لەسەر ژینگە و پاراستنی هەوا وەکو لە خوارەوە هاتوە:

أ. هەڵسەنگاندنی کاریگەرێتی ئەرێنی و نەرێنی پرۆژەکە لەسەر جۆرێتی هەوا.

ب. پێشنیازکردنی ڕێگاکانی سنوردارکردن و چارەسەرکردنی هۆکارەکانی پیسبونی هەوا بە شێوەیەك ملکەچی ڕێنماییەکانی کارپێکراوبن.

ت. حاڵەتەکانی پیسبونی هەوایی، کتوپڕ و شیاو، و گرتنەبەری ڕێکاری پێویست.

پ. بەکارهێنانی هۆکاری هونەری پاکترین لە ڕوی ژینگەوە بۆ کەمکردنەوەی پیسبونی هەوا.

دووەم: چالاکی دامەزراوەکانی بنیادنراو و فراوانبونیان و نوێکردنەوەیان ملکەچن بۆ حوکمەکانی ئەم مادەیە.

**ماددەی دەیەم:-**

کار بە حوکمەکانی ئەم ڕێنماییانە دەکرێ لە دوای تێپەڕبونی (٦٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان).

**د. ڕێزان حسن مەولود**

**سەرۆکی دەستە**

## خشتەی ژمارە ( ١ ) ئەوپەڕی سنوری مادەكانی پیسكەری هەوای دەرەكی

| ڕیزبەند | ناوی مادەی پیسكەر | ماوەی بەركەوتن | سنوری سەرەتایی | سنوری لاوەكی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | دووەم ئۆكسیدی كبریت $SO_2$ | ٣ كاژێر<br>٢٤ كاژێر<br>یەك ساڵ | 0.5ppm<br>0.40ppm<br>0.03ppm | 350 $\mu g/m^3$<br>125-150 $\mu g/m^3$<br>20-60 $\mu g/m^3$ |
| ٢ | یەكەم ئۆكسیدی كاربۆن SO | یەك كاژێر<br>٨ كاژێر | 30 $\mu g/m^3$<br>10 $\mu g/m^3$ | 30 $\mu g/m^3$<br>10 $\mu g/m^3$ |
| ٣ | دووەم ئۆكسیدی نایترۆجین $NO_2$ | یەك كاژێر<br>٢٤ كاژێر<br>یەك ساڵ | 200 $\mu g/m^3$<br>150 $\mu g/m^3$<br>100 $\mu g/m^3$ | 200-400 $\mu g/m^3$<br>150 $\mu g/m^3$<br>100 $\mu g/m^3$ |
| ٤ | ئۆزۆن $O_3$ | یەك كاژێر<br>٨ كاژێر | 0.12 $\mu g/m^3$<br>120 $\mu g/m^3$ | 200-60 $\mu g/m^3$<br>120 $\mu g/m^3$ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٥ | وورده تەنە هەڵواسراوەکان وەکو دوکەڵی ڕەش | ٢٤ کاژێر<br>یەک ساڵ | 260 µg/m$^3$<br>75 µg/m$^3$ | 150-100 µg/m$^3$<br>60 µg/m$^3$ |
| ٦ | وورده تەنە ڕەقە هەڵواسراوەکان | ٢٤ کاژێر<br>یەک ساڵ | | 230 µg/m$^3$<br>90 µg/m$^3$ |
| ٧ | وورده تەنەکانی $PM_{10}$ | ٢٤ کاژێر<br>یەک ساڵ | | 150 µg/m$^3$<br>50 µg/m$^3$ |
| ٨ | وورده تەنەکانی $PM_{2.5}$ | ٢٤ کاژێر<br>یەک ساڵ | | 35 µg/m$^3$<br>15 µg/m$^3$ |
| ٩ | قورقوشم pb | سێ مانگ<br>یەک ساڵ | 1.5 mg/m$^3$<br>0.5 mg/m$^3$ | -<br>0.5 µg/m$^3$ |

تێبینی:

سنوری سەرەتایی: مەبەست لەمە کاریگەرییە لەسەر تەندروستی مرۆڤ.

سنوری لاوەکی: مەبەست لەمە کاریگەرییە لەسەر ڕووەك و بونەوەرانی تر.

$mg/m^3$: مایکرۆگرام/مەتر سێجا.

**خشتەی ژمارە (٢) ئەوپەڕی سنورەکانی دەرهاوێژراوەکانی هەموو ووردە تەنی ڕەق لە دوکەڵکێشی دامەزراوەکانی پیشەسازی**

| ڕیزبەند | جۆری چالاکی | ئەوپەڕی سنوری دەرهاویشتن لە دوکەڵکێشەوە ملیگرام/مەتر سێجا |
|---|---|---|
| ١ | پیشەسازی کاربۆن | ٥٠ |
| ٢ | پیشەسازی خەڵوز (کوك) | ٥٠ |
| ٣ | پیشەسازی فۆسفات | ٥٠ |
| ٤ | پیشەسازی و دەرهێنانی قورقوشم | ٢٠ |
| ٥ | پیشەسازی قاڵب و دەرهێنانی زینك، | ١٠٠ |

| | | |
|---|---|---|
| | مس و هی تر لە پیشەسازییەکانی کانزایی و ناکازایی | |
| ٦ | پیشەسازییەکانی ئاسن<br><br>دامەزراوەکانی بنیادنراو و ئەوانەی لە دوای دەرچونی ڕێنماییەکان بنیاد دەدرێن | ١٠٠ |
| ٧ | پیشەسازی چیمەنتۆ<br><br>کارگەکانی بنیادنراو لە پێش دەرچونی ڕێنماییەکان<br><br>کارگەکانی بنیاد دەدرێن لە دوای دەرچونی ڕێنماییەکان | ٢٠٠<br><br>١٥٠ |
| ٨ | تەختەی دروستکرد و ڕیشاڵەکان | ١٥٠ |
| ٩ | پیشەسازیەکانی نەوتی و پاڵاوتنی نەوت | ١٠٠ |
| ١٠ | سەرچاوەکانی تر | ١٥٠ |

تەنە ڕەقەکان: مەبەست لەمە هەموو مادە ڕەقە دەرکراوەکانە لە دوکەڵکێشی دامەزراوەکانی پیشەسازیەوە.

## خشتەی (٣) ئەوپەڕی سنوری دەرهاویشتنکانی گازی و هەڵم لە دوکەڵکێشی دامەزراوەکانی پیشەسازیەوە

| ڕیزبەند | ناوی مادەی پیسکەر | ئەوپەڕی سنوری دەرهاویشتن لە دوکەڵکێشەوە ملیگرام/مەتر سێجا |
| --- | --- | --- |
| ١ | دیهایدات (وەکو فۆرمالدیهاد دەپێورێ) | ٢٠ |
| ٢ | ئەنتیمۆن | ٢٠ |
| ٣ | یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن CO<br>دامەزراوەکانی بنیادنراو و ئەوانەی لە دوای دەرچونی ڕێنماییەکان بنیاد دەدرێن | ٢٥٠ |
| ٤ | دووەم ئۆکسیدی کاربۆن $CO_2$<br>پیشەسازییەکانی نەوت و خەڵوز | |

| | | |
|---|---|---|
| | دامەزراوەکانی بنیادنراو و ئەوانەی لە دوای دەرچونی ڕێنماییەکان بنیاد دەدرێن<br><br>پیشەسازییەکانی غەیری ئاسن<br><br>پیشەسازییەکانی ترشی کبریتیک و سەرچاوەکانی تر | ٤٠٠٠<br><br>٢٥٠٠<br><br>٣٠٠٠<br><br>١٥٠٠ |
| ٥ | سێیەم ئۆکسیدی کبریت لەگەڵ ترشی کبریتیک | ١٥٠ |
| ٦ | ترشی نیتریک بۆ پیشەسازی ترشی نیتریک | ٢٠٠ |
| ٧ | ترشی هایدرۆکرۆلیک (کلۆراید هایدرۆجین) | ١٠٠ |
| ٨ | ترشی هایدرفلۆرید (فلۆرید هایدرۆجین) | ١٥ |

| | | |
|---|---|---|
| ٩ | قورقوشم و پێکهاتەکان Pb | ٢٠ |
| ١٠ | جیوه و پێکهاتەکان Hg | ٣ |
| ١١ | زرنیخ و پێکهاتەکانی As | ١٠ |
| ١٢ | توخمی قورس (کۆی گشتی) | ٢٠ |
| ١٣ | فلۆرید سلیکۆن | ١٠ |
| ١٤ | فلۆر F | ٢٠ |
| ١٥ | قەتران:<br><br>پیشەسازی جەمسەرەکانی<br>کرافیت (پاتری) | ٥٠ |
| ١٦ | کادمیۆم Cd | ٥ |
| ١٧ | کبریتیك هایدرۆجین $H_2S$ | ١٠ |
| ١٨ | کلۆر $Cl_2$ | ٢٠ |
| ١٩ | کاربۆن: | |

| | | |
|---|---|---|
| | سوتاندنی خۆڵ و خاشاک<br><br>دروستکردنی جەمسەر | ٥٠<br><br>٥٠ |
| ٢٠ | <u>پێکهاتەی ئەندامی:</u><br><br>سوتاندنی شلەی ئەندامی | ٥٠(٠,٠٤٪) لە پاڵاوتنی خاوی نەوت |
| ٢١ | مس و پێکهاتەکان Cu | ٢٠ |
| ٢٢ | نیکل و پێکهاتەکان Ni | ٢٠ |
| ٢٣ | <u>ئۆکسیدەکانی نایترۆجین:</u><br><br>پیشەسازی ترشی نیتریک<br><br>دامەزراوەکانی بنیادنراو و ئەوانەی لە دوای ڕێنماییەکان بنیاد دەدرێن<br><br>سەرچاوەکانی تر<br><br>چالاکیەکانی سوتاندنی کە لە پلەی کەمتر لە 1200 0م ئەنجام دەدریَ | ٤٠٠<br><br>٣٠٠<br><br><br><br>٢٠٠ |

| | | |
|---|---|---|
| | چالاکیەکانی سوتاندنی کە لە پلەی زۆرتر لە 1200 0م ئەنجام دەدرێ | ١٨٠ |

**خشتەی ( ٣ب ) ئەو پەڕی سنوری مادەکان پیسکەری هەوای ناو شوێنی کار**

| ژ | ماددەی پیسکەر | هەوای ژوری کارگە بەرکەوتن ٨کاتژێر | هەوای ژوری کارگە بەرکەوتن ١٥خولەك |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەکرۆلین | 0.02 ppm | 0.25 ppm |
| ٢ | ئەسید ئەلدیهاید | 5 ppm | 100 ppm |
| ٣ | فۆرمالّدیهاید | 0.016 ppm | 0.1 ppm |
| ٤ | یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن | 8.6 ppm | 86 ppm |
| ٥ | دووەم ئۆکسیدی کاربۆن | 3500 ppm | 9000 ppm |
| ٦ | ئۆزۆن | 0.064 ppm | 0.2 ppm |
| ٧ | دووەم ئۆکسیدی نایترۆجین | 0.05 ppm | 5 ppm |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٨ | دەنکۆڵەی سینەیی (کەمتر لە ٢,٥ مایکرۆمەتر) | 0.015 mg/m$^3$ | 0.04 mg/m$^3$ (١ کاژێر) |
| ٩ | دووەم ئۆکسیدی کبریت | 0.019 ppm | 0.38 ppm |
| ١٠ | شێ | هاوین30-80% زستان 30-50% | – |
| ١١ | دوکەڵی ئەسفەلت | 5 mg/m$^3$ | – |
| ١٢ | دوکەڵی لەحیم | 5 mg/m$^3$ | – |
| ١٣ | کادمیۆم و پێکهاتەکانی (دوکەڵ) | 0.05 ppm | 0.02 ppm |
| ١٤ | مس و پێکهاتەکانی (دوکەڵ) | 0.2 mg/m$^3$ | 2 mg/m$^3$ |
| ١٥ | قەسدیر و پێکهاتەکانی (دوکەڵ) نائەندامی | 2 mg/m$^3$ | 4 mg/m$^3$ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | ئەندامی | 0.1 mg/m$^3$ | 0.2 mg/m$^3$ |
| ١٦ | زرنیخ و پێکهاتەکانی (دوکەڵ) | 0.2 mg/m$^3$ | – |
| ١٧ | زنك و پێکهاتەکانی (دوکەڵ) | 5 mg/m$^3$ | 10 mg/m$^3$ |
| ١٨ | چوارەم ئەسیلی قورقوشم | 0.001 mg/m$^3$ | 0.003 mg/m$^3$ |
| ١٩ | کرۆمی قورقشم | 0.005 mg/m$^3$ | – |
| ٢٠ | زرنیخی قورقوشم | $15*10^{-4}$mg/m$^3$ | $40*10^{-4}$mg/m$^3$ |
| ٢١ | تولوین | 375 mg/m$^3$ | 560 mg/m$^3$ |
| ٢٢ | ئەنتیمون و پێکهاتەکانی (دوکەڵ) | 0.5 mg/m$^3$ | – |
| ٢٣ | د.د.ت. | 1 mg/m$^3$ | 3 mg/m$^3$ |
| ٢٤ | خوێی سیانید | 5 mg/m$^3$ | – |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٥ | ئاسن و پێکهاتەکانی (دوکەڵ) | 5 $mg/m^3$ | 10 $mg/m^3$ |
| ٢٦ | قورقوشم (دوکەڵ) نائەندامی | $15*10^{-4}mg/m^3$ | $40*10^{-4}mg/m^3$ |
| ٢٧ | مەگنیسیۆم و پێکهاتەکانی (دوکەڵ) | 10 $mg/m^3$ | – |
| ٢٨ | جیوە Hg | - | – |
| ٢٩ | فۆسفۆر P | 0.1 $mg/m^3$ | 0.3 $mg/m^3$ |
| ٣٠ | سیلینیۆم و پێکهاتەکانی (دوکەڵ) Se | 0.2 $mg/m^3$ | – |
| ٣١ | باریۆم و پێکهاتەکانی (دوکەڵ) Ba | 0.5 $mg/m^3$ | – |
| ٣٢ | کلۆرونەفتالینی شەشی | 0.2 $mg/m^3$ | 0.6 $mg/m^3$ |
| ٣٣ | بروم و پێکهاتەکانی (دوکەڵ) | 0.7 $mg/m^3$ | 2 $mg/m^3$ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٤ | کرۆم و پێکهاتەکانی (دوکەڵ) | 0.5 mg/m$^3$ | - |
| ٣٥ | فلۆر F | 2 mg/m$^3$ | 4 mg/m$^3$ |
| ٣٦ | نیکڵ و پێکهاتەکانی (دوکەڵ) | 0.1 mg/m$^3$ | 0.3 mg/m$^3$ |
| ٣٧ | پێکهاتەکانی ئەلکیل (هەڵمەکان) | 0.01 mg/m$^3$ | 0.03 mg/m$^3$ |
| ٣٨ | فنادیۆم و پێکهاتەکانی (دوکەڵ) | 0.5 mg/m$^3$ | - |
| ٣٩ | وارفارین | 0.1 mg/m$^3$ | 0.3 mg/m$^3$ |
| ٤٠ | تالیۆم و پێکهاتەکانی (دوکەڵ) | 0.1 mg/m$^3$ | - |
| ٤١ | فوسیجین | 0.4 mg/m$^3$ | - |
| ٤٢ | فوسفین | 0.4 mg/m$^3$ | 1 mg/m$^3$ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٣ | کلۆری فینۆڵی پێنجی | $0.5\ mg/m^3$ | $1.5\ mg/m^3$ |
| ٤٤ | نەفتالین | $50\ mg/m^3$ | $75\ mg/m^3$ |
| ٤٥ | نیکۆتین | $0.5\ mg/m^3$ | $1.5\ mg/m^3$ |
| ٤٦ | نیترۆگلیسرین | $0.2\ mg/m^3$ | $0.5\ mg/m^3$ |
| ٤٧ | یۆد | $1\ mg/m^3$ | - |
| ٤٨ | پێنجەم کەربۆنی ئاسن | $0.8\ mg/m^3$ | $1.6\ mg/m^3$ |
| ٤٩ | ئەندوسلفان | $0.1\ mg/m^3$ | $1.3\ mg/m^3$ |
| ٥٠ | ئەندرین | $0.1\ mg/m^3$ | $0.3\ mg/m^3$ |
| ٥١ | تۆزی ڕیشاڵی شوشەی (فایبەر گلاس) | $10\ mg/m^3$ | - |
| ٥٢ | کلۆرۆنەفتالینی شەشی | $0.2\ mg/m^3$ | $0.6\ mg/m^3$ |
| ٥٣ | کوباڵت و پێکهاتەکانی (دوکەڵ) | $0.1\ mg/m^3$ | - |
| ٥٤ | کلۆرید سیانوجین | $0.6\ mg/m^3$ | - |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٥٥ | دووانی کلۆرۆئەستیلین | 0.4 mg/m$^3$ | - |
| ٥٦ | دووانی کلۆرۆفوس | 1 mg/m$^3$ | 3 mg/m$^3$ |
| ٥٧ | ئەلدرین | 0.25 mg/m$^3$ | 0.75 mg/m$^3$ |
| ٥٨ | نترۆتۆکریسول دووانی | 1 mg/m$^3$ | 3 mg/m$^3$ |
| ٥٩ | دیوکسان | 90 mg/m$^3$ | 350 mg/m$^3$ |
| ٦٠ | کربوفیوران | 0.1 mg/m$^3$ | - |
| ٦١ | چوارەم کلۆریدی کاربۆن | 30 mg/m$^3$ | 125 mg/m$^3$ |
| ٦٢ | کلوردان | 0.5 mg/m$^3$ | 2 mg/m$^3$ |
| ٦٣ | کلۆر | 3 mg/m$^3$ | 9 mg/m$^3$ |
| ٦٤ | کلوراسیتالدیهاید | 3 mg/m$^3$ | - |
| ٦٥ | کلور دایفیتایل (٪٤٥ کلۆر) | 0.5 mg/m$^3$ | 1 mg/m$^3$ |
| ٦٦ | کلوروفۆرم | 50 mg/m$^3$ | 255 mg/m$^3$ |
| ٦٧ | کلوروبیرفوس | 0.2 mg/m$^3$ | 0.6 mg/m$^3$ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٦٨ | پێکهاتەکانی کرۆمی شەشی هاوتا | 0.05 $mg/m^3$ | - |
| ٦٩ | هایدراتی پێنجی | 1 $mg/m^3$ | - |
| ٧٠ | برۆمۆفۆرم | 5 $mg/m^3$ | - |
| ٧١ | بریلیۆم | 0.002 $mg/m^3$ | - |
| ٧٢ | ئینزیمی شیکەرەوەی بڕۆتین | $60*10^{-6}$ $mg/m^3$ | - |
| ٧٣ | کلۆرید ئەمۆنیا (دوکەڵ) | 10 $mg/m^3$ | - |
| ٧٤ | نیتروتۆلوین سیانی | 1.5 $mg/m^3$ | 2.5 $mg/m^3$ |
| ٧٥ | فلۆروئەسیتاتی سۆدیۆم | 0.05 $mg/m^3$ | 1.5 $mg/m^3$ |
| ٧٦ | ئەلکحولی متیلی | 260 $mg/m^3$ | 310 $mg/m^3$ |

تێبینی:

١. مەبەست لە پێکهاتەکان بەشێوەکی گشتی ئەو خوێیانە دەگرنەوە شایەنی توانەوەبن بۆ ئۆکسیدەکانی فلز و تۆز کە بەشێوەی دوکەڵ دەبن لە ناو کەشی ئیشدا.

٢. نابێ بەرکەوتن بە پێکهاتەی هیچ مادەیەك بۆ ماوەی ١٥ خولەك و ٤ جار لە ڕۆژێکدا دوبارەبێتەوە بە مەرجێك ماوەی نێوان بەرکەوتن و ئەوەی دواتری کەمتر نەبێ لە ٦٠ خولەك.

## خشتەی ( ٤ ) ئەوپەڕی سنوری دەرکردن لە دوکەڵکێشی سوتێنەری نەخۆشخانەکان

| ڕیزبەند | پیسکەرەکان | ئەوپەڕی سنوری مۆڵەدراو بە ملیگرام/مەتر سێجا |
|---|---|---|
| ١ | کۆی ووردە تەنەکان (هەموو تۆزەکە) | 10 |
| ٢ | مەوادی گازی و هەڵاوەکان لە شێوەی کاربۆن ئەندامی کلوی | 10 |
| ٣ | ترشی هایدرۆکریلیك | 10 |
| ٤ | ترشی هایدرفلۆریك | 2 |

| | | |
|---|---|---|
| ٥ | دووەم ئۆکسیدی کبریت | 50 |
| ٦ | ئۆکسیدەکانی نایترۆجین | 200 |
| ٧ | یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن | 100 |
| ٨ | پێکهاتەکانی دیۆکسین و فیوران | $0.1*10^{-6}$ |
| **کانزا قورسەکان** | | |
| ٩ | کادمیۆم و پێکهاتەکانی | 0.1 |
| ١٠ | تالیۆم و پێکهاتەکانی | 0.1 |
| ١١ | جیوە و پێکهاتەکانی | 0.1 |
| ١٢ | ئەنتیمۆن و پێکهاتەکانی | 0.1 |
| ١٣ | زرنیخ و پێکهاتەکانی | 0.1 |
| ١٤ | قورقوشم و پێکهاتەکانی | 0.1 |
| ١٥ | کرۆم و پێکهاتەکانی | 0.1 |
| ١٦ | کۆباڵت و پێکهاتەکانی | 0.1 |

| | | |
|---|---|---|
| ١٧ | مس و پێکهاتەکانی | 0.1 |
| ١٨ | مەنگەنیز و پێکهاتەکانی | 0.1 |
| ١٩ | نیکڵ و پێکهاتەکانی | 0.1 |
| ٢٠ | مەگنیسیۆم و پێکهاتەکانی | 0.1 |
| ٢١ | قەسدیر و پێکهاتەکانی | 0.1 |
| ٢٢ | توانەوەی کانزاکان و پێکهاتەکان | 1 |

## خشتەی ( ٥ ) ئەوپەڕی سنوری دەرهاویشتن لە ئە نجامی سوتـاندنی سوتەمەنی

| سەرچاوە | جۆری سوتەمەنی | ئەوپەڕی سنوری ڕێپێدراو بە ( ملیگرام/مەتر سێجا | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن | دووەم ئۆکسیدی کاربۆن | هەموو ووردە تەنە هەڵواسراوەکان | لەرێژەی ئۆکسجین |
| هەڵچونەکانی هەڵمین | کازۆیل<br>(مازو) | ٥٠٠ | ٣٦٠٠ | ١٥٠ | ٪٣<br>٪٣ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | سولەر<br>(هەتاوی) | ٢٥٠ | ١٦٠٠ | ١٠٠ | |
| فرنی پیشەسازی | کازۆیل<br>(مازوت)<br>سولەر<br>(هەتاوی) | ٦٠٠<br>٣٠٠ | ٣٦٠٠<br>١٦٠٠ | ٢٥٠<br>١٢٥ | ٣٪<br>٣٪ |
| مەبەستەکانی تر:<br>دامەزراوەکانی بنیادنراو<br>دامەزراوەکانی لەدوای دەرچونی ڕێنماییەکان بنیاددەنرێن | خەڵوز<br>یان<br>کازۆیل | ٤٠٠٠<br>٢٥٠٠ | ٤٠٠٠<br>٢٥٠٠ | ٥٠٠<br>٢٥٠ | ناوچەکانی دوور لە ئاوەدانی یان سوتاندنی خۆڵ و خاشاک |

لەگەڵ ڕەچاوکردنی سنوری دەرهاویشتنەکانی تری ئاماژەپێکراو لە پاشکۆی ژمارە (٦) هاوکێشەکەی خوارەوە بۆ هەژمارکردنی بەکاردەهێنرێت: چڕبونەوەی ڕاستەقینەی مادەی پیسکەر – چڕبونەوەی پێوانەکراو 0.03*

**خشتەی ( ٦ ) ئەوپەڕی سنوری دەرهاویشتن لە دوکەڵکێشی کارگەکانی خشتی تفلی و حەراری**

| | سەرچاوە | ئەوپەڕی سنوری دەرهاویشتنی پیسکەر ( مليگرام/مەتر سێجا ) | | | شوێنی وەرگرتنی نمونە |
|---|---|---|---|---|---|
| | | یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن | دووەم ئۆکسیدی کاربۆن | دوکەڵ | |
| ١ | دوکەڵکێشی کارگەی خشتی تفلی | ٨٠٠ | ٣٠٠ | ٥٠ | کاتی ڕاکێشان لە(دوکەڵکێش) |
| ٢ | دوکەڵکێشی کارگەی خشتی حەراری | ٨٠٠ | ٦٠٠ | ٥٠ | کاتی ڕاکێشان لە (دوکەڵکێش) |

## خشتەی ( ٧ ) ئەوپەڕی سنوری پیسکەرە ترسناکەکانی هەوا

| ڕیزبەند | مادە | ماوە | چڕبونەوە | خاڵی کۆتایی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بەنزین | تیژ | 0.5 ppm (1600 µg/m$^3$) | زانستی بەرگری لەش (ئیمیونۆلۆجیکەڵ) |
| ٢ | تۆلوین | تیژ<br>درێژخایەن | 3 ppm (11,500 µg/m$^3$)<br>1 ppm (3800 µg/m$^3$) | زانستی مێشك (نیورۆلۆجیکەڵ)<br>دەمارزانی |
| ٣ | توێنەرەی زیلێن Xylene | تیژ<br> | 1 ppm (4400 µg/m$^3$)<br>0.7 ppm (3100 µg/m$^3$) | دەمارزانی |
| | | مامناوەند | 0.1 Ppm (440 µg/m$^3$) | گەشەسەندن |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | درێژخایەن | 0.2 $\mu g/m^3$ | دەمارزانی |
| ٤ | کادمیۆم (توێنەرەوە) | درێژخایەن | 0.02 $\mu g/m^3$ | گورچیلەیی |
| ٥ | Chromium (111) (پێکهاتەی کانزایی) | مامناوەند | 0.02 $\mu g/m^3$ | هەناسەیی |
| | | درێژخایەن | 0.02 $\mu g/m^3$ | هەناسەیی |
| ٦ | Mercury (جیوە) | تیژ | 0.014 $\mu g/m^3$ | گەشەسەندوو |
| | | درێژخایەن | 0.1 $\mu g/m^3$ | دەمارزانی |
| ٧ | Nickel (نیکڵ) | مامناوەند | 0.2 $\mu g/m^3$ | هەناسەیی |
| ٨ | Vanadium | تیژ | 0.5 ppm (1600 $\mu g/m^3$) | هەناسەیی |

ئەم ڕێنمایە بڵاوکراوەتەوە لە وەقائعی کوردستان ژمارە (١٤٠) لە ڕێکەوتی ٢٠١١/١٢/٢٩.

# دەروازەی دووەم

## یاساکانی ژینگەیی تایبەت بە توخمە زیندووەکان (ڕووەك و ئاژەڵی کێوی)

### ١- یاسای پاراستنی ئاژەڵ و باڵندە کێوییەکان ژمارە ( ٢١ ) ی ساڵی ١٩٧٩

**ماددەی یەکەم**

یەکەم – ئاژەڵە کێوییەکان بە سامانێکی نەتەوەیی دادەنرێن، پێویستە لەسەر هەموو هاوڵاتیان بیانپارێزن و خۆیان بە دووربگرن لە ئازاردانیان یان پەلاماردانیان، و نابێ بە هیچ شێوەیەك لە شێوەکان ڕاوبکرێن یان مامەڵەیان پێوەبکرێ، تەنها بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە نەبێ.

دووەم – مەبەست لە ئاژەڵی کێوی هەموو شیردەرەکان و باڵندەی کێویی و دەستەمۆنەکراوەکان دەگرێتەوە کە بەگوێرەی ئەم یاسایە باسکراون.

**ماددەی دووەم**

وەزارەتی کشتوکاڵ و چاکسازی کشتوکاڵی یەکێك لە فەرمانگەکانی تایبەتمەندی خۆی تەرخاندەکات بۆ ئەوەی ئەرکی چاودێری و سەرپەرشتی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە بگرێتەئەستۆ، و لێرە بەدواوە وەکو فەرمانگەی تایبەتمەند دەناسرێ.

## ماددەی سێیەم

فەرمانگەی تایبەتمەند لەپێناو جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا، بۆی هەیە ڕێکارەکانی خوارەوە بگرێتەبەر:

یەکەم – بەخێوکردنی ئاژەڵە کێوییە خۆماڵییەکان لە ناو شوێنی پەرژینکراو یان زەوی پارێزراودا، بۆ مەبەستی باشڕاگرتن و زۆرکردنیان، بۆئەوەی پارسەنگی سروشتی لەم بوارەدا مسۆگەر بکرێ.

دووەم – بەخێوکردنی ئاژەڵە کێوییەکان لە ژینگەکانی تر وماڵیکردنیان و گونجاندنیان بە ژینگەی عیراقی، بۆ مەبەستی زۆرکردن و بەرەڵاکردنیان.

سێیەم – هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ژینگەی سروشتی پێویست بۆ پاراستنی ئاژەڵە کێوییەکان و باشڕاگرتنیان.

چوارەم – سنورکردنی ناوچەکانی ڕاو لە ناو پارێزراوەکەدا و پەرژینکردن و ڕێکخستنی ڕاو تێیدا بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

پێنجەم – چاودێریکردن بۆ جێبەجێکردنی سیستەمەکان و ڕێنماییەکان و بەیانەکانی دەردەچن بەشێوەیەکی باش بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

## ماددەی چوارەم

یەکەم – بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە وولات دابەش دەکرێت بۆ ناوچەکانی خوارەوە:

أ.ناوچەکانی مۆڵەت پێنەدراو کەتێیدا ڕاوکردن بۆ هەمیشە یان کاتی قەدەغەیە تێیاندا.

ب.ناوچەکانی ڕاوی پارێزراو لە ناو زەوییەکانی دەوڵەتدا، کە فەرمانگەی تایبەتمەند ئەرکی ڕێکخستنی ڕاو تێیاندا دەخاتە ژێر چاودێری و سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی خۆیەوە بەگوێرەی ڕێنمایی تایبەت کە دەریدەکات.

ج.ناوچەکانی مۆڵەتدراو بۆ ڕاوکردن بەگوێرەی مەرجی دیاریکراو لەم یاسایە.

دووەم – فەرمانگەی تایبەتمەند بە بڕیاری ئەنجومەنی باڵای کشتوکاڵی بۆی هەیە دەستبگرێت بەسەر زەوییەکانی کەرتی تایبەت کە دەکەونە ناوچەکانی ڕاوی پارێزراوەکانەوە، یان ناوچەکانی مۆڵەت پێنەدراو لە کاتی پێویستی و قەرەبووکردنەوە بەگوێرەی حوکمەکانی یاسا کارپێکراوەکان .

## ماددەی پێنجەم

یەکەم – وەزیری کشتوکاڵ و چاکسازی کشتوکاڵی، لەسەر ڕاسپاردەی فەرمانگەی تایبەتمەند، بەیان دەردەکات لە ڕۆژنامەکانی فەرمی و هۆکارەکانی تری ڕاگەیاندندا، کاروبارەکانی خوارەوە دیاریدەکات:

أ. قەدەغەکردنی ڕاوکردنی جۆرەکانی ئاژەڵی کێوی.

ب. ناوچەکانی مۆڵەت پێنەدراو بە شێوەی هەمیشەیی و کاتی.

ت. وەرزەکانی قەدەغەکردنی ڕاوکردن تێیاندا.

پ. کەمترین ئاست لە قەبارەی ڕاوکردن.

ج. کەلوپەلەکان و ئامرازەکان و پێوانە و جۆرەکانی ڕاو.

دووەم — وەزیر، یان ڕاسپێرراوەکەی لە کاتی پێویستیدا، بۆی هەیە لایەنەکانی زانستی لە حوکمەکانی بەیانەکان یان زۆرتر لە حوکمەکانی بەیانەکانی باسکراو لە بەندی یەکەم لەم مادەیە، بەدەربکات، ئەویش بەگوێرەی بەرنامەیەکی توێژینەوەی زانستی پێشکەشکراو

## ماددەی شەشەم

بە هەموو شێوەیەك قەدەغەیە:

یەکەم — بەکارهێنانی شێوازەکانی گزی یان لەناوبردنی بەکۆمەڵ لە ڕاوکردنی ئاژەڵە کێوییەکاندا، وەکو بەکارهێنانی تۆڕ و تەڵە و فاقی ئاسن و ژەهر.

دووەم — ڕاوەدونانی ئاژەڵی کێوی بە فڕۆکە و ئۆتۆمبیل و هۆکارەکانی گواستنەوەی میکانکی تر.

سێیەم — بەکارهێنانی تفەنگی ئۆتۆماتیکی و دەسرێژ و تفەنگەکانی ڕاوکردنی تاپڕی کە درێژی لولەی کەمترە لە ٤٠٠ ملیمەتر.

چوارەم — ڕاوکردن لە ناوچەکانی یان وەرزەکانی مۆڵەت پێنەدراودا.

پێنجەم — ئازاردانی ئاژەڵی کێوی و زیان پێگەیاندنیان بە هەر شێوەیەك.

شەشەم — کۆکردنەوەی هێلکەی باڵندە کێوییەکان یان تێکدانی لانەکانیان، مەگەر بۆ مەبەستەکانی زانستی، و بە ڕەزامەندی وەزیری کشتوکاڵ و چاکسازی کشتوکاڵی بێ.

## ماددەی حەوتەم

تەنیا فەرمانگەی تایبەتمەند، ماف ڕاوکردنی ئاژەڵی کێوی، بۆ مەبەستی بازرگانی پێوەی یان دروستکردنی بەرهەم لێی هەیە، بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان

## ماددەی هەشتەم

یەکەم —نابێت ڕاوکردنی ئاژەڵی کێوی بکرێتە پیشە ، نابێت پەیڕەو بکرێت ،مەگەر بۆ خۆشی نەبێت ، و بە مۆڵەتی وەزیری کشتوکاڵ و چاکسازی کشتوکاڵی بێ.

دووەم — مۆڵەتی ڕاوکردن مەرجدار دەبێ و ڕێکارەکانی تایبەتی دانراو لەلایەن وەزیرەوە دەدرێ، بە ڕاسپاردنی فەرمانگەی تایبەتمەند بەپێی ڕێنمایی بڵاوکراوە لە ڕۆژنامەی فەرمیەوە.

## ماددەی نۆهەم

یەکەم — مەرجی پێدانی مۆڵەت ئەوەیە، کەسەکە عیراقی یان بیانی نیشتەجێی یاسایی بێ لە عیراق، و بە مەرجی مامەڵەکردنی هاوشێوە.

دووەم – تاکی عەرەبی نیشتەجێی عێراق، مامەڵەی تاکی عێراقی لەگەڵ دەکرێ لە پێدانی مۆڵەتی ڕاوکردن.

**ماددەی دەهەم**

یەکەم – بۆ پێدانی مۆڵەت، بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە، و ڕێنماییەکانی تایبەت لەسەری، بڕی ١٠ دینار ڕەسم وەردەگیرێ، و ساڵانە بەرامبەر بە بڕی ٤ دینار ڕەسم مایەی نوێکردنەوەیە.

دووەم – لایەنەکانی زانستی،حوکمەکانی برگەی یەکەمی ئەم ماددەیە لەم یاسایە بەدەردەکرێن، و بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە مۆڵەتی ڕاوکردنیان بەبێ بەرامبەر پێدەدرێ،.

**ماددەی یازدەهەم**

یەکەم – کەرتی هاوبەش، دەستخستن و فرشتنی کەلوپەلی ڕاو و پێداویستیەکانی بەگوێرەی دیاریکردنی فەرمانگەی تایبەتمەند دەگرێتەئەستۆ.

دووەم – فرۆشتنی کەلوپەلی ڕاو شیاو نیە، تەنها بۆ ئەوانەی هەڵگری مۆڵەتن بۆ یەکەمجار لە ماوەی ساڵی یەکەم لە پێدانی مۆڵەت، و ئەوانەی هەڵگری مۆڵەتی نوێکراوەن لە ماوەی ساڵانی دواتردا.

## ماددەی دوازدەهەم

١. ئەندامانی یانەی ڕاوکردن مۆڵەتی پێیٚ ئەدرێت بەپێیٚ حوکمەکانی ئەم یاسایە ، مۆلەتی راوکردنی سەربەخۆ بۆ هەموویان بەپێیٚ نیوەی ئەو ڕەسمانەی دانراوە .

٢. پێویستە یانەی ڕاوکردن، کۆتایی بەئەندام بوونی ئەندامانی مۆڵەت پێدراو بهێنێت ، بەپێیٚ حوکمەکانی ئەم یاسایە لەکاتی سەلماندنی دووبارە کردنەوەی سەرپێچی بۆ ئەم حوکمانە .

## ماددەی سێزدەهەم

ڕاوچی مۆڵەتدراو نابیٚ لە ناو زەوی مولکداری پەتی خەڵك یان کە لەژێر دەسەڵاتی یاسایی ئەواندایە، ڕاوبکات، تەنها بە ڕەزامەندی خۆیان دەبیٚ و بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

## ماددەی چواردەهەم

فەرمانگەی تایبەتمەند بۆی هەیە مۆڵەتی ڕاوکردن بەشێوەی کاتی یان هەمیشەیی پوچەڵ بکاتەوە، ئەگەر خاوەنەکەی سەرپێچی لە ئەرکەکانی سەرشانی خۆی کرد، بە گوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە، و ڕێنماییەکان و بەیانی دەرچوو بەوپێیە، و پەڵپەگرتن بەرامبەر بڕیارەکە لەلای وەزیری کشتوکاڵ و چاکسازی کشتوکاڵی دەشیٚ لە ماوەی پانزە ڕۆژدا بکریٚ لە ڕێکەوتی پێڕاگەیاندنەوە، و بڕیاری وەزیر لەو بارەیەوە یەکلاکەرەوە دەبیٚ.

## ماددەی پازدەهەم

وزیری داد، لەسەر پێشنیازی وەزیری ناوخۆ، و بە پشتگیری وەزیری کشتوکاڵ و چاکسازی کشتوکاڵی، بۆی هەیە ڕێگەبدات، بە بەڕێوبەری ناحیە لە ناو ئەو ناحیانەی دادگای سزایان تێدایە نیە ، دەسەڵاتی دادوەری سزادان بەکاربێنێ بۆ بڕیار و حوکم دەرکردن، بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە.

## ماددەی شازدەهەم

کارمەندانی فەرمانگەی تایبەتمەند و کەسانی دەسەڵاتپێدراو لەلایەن فەرمانگەی تایبەتمەندەوە، بۆیان هەیە بچنە ناو شوێنەکانەوە ، نەك ماڵەکانی نیشتەجێبون، لەو شوێنانەی هیچ حاکمی لێ نیە، بۆ مەبەستی پشکنین، ئەگەر پێیانوابوو بە هۆکاری پەسەند بەرهەمی ڕاو یان کەلوپەلی ڕاوییان تێدایە، بە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە، بە مەرجێك بە یاوەری پۆلیسێك بن و کۆنوسی گونجاو بە پشکنین پڕبکەنەوە.

## ماددەی حەڤدەهەم

کارمەندانی دەسەڵات پێدراوی فەرمانگەی تایبەتمەند و دەسەڵاتدارانی کارگێڕی و ئاسایش، بۆیان هەیە هەر کەسێك دەستگیربکەن سەرپێچی لە حوکمەکانی ئەم یاسایە بکات، و بەو پێیە بە نزیکترین نوسینگەی پۆلیسی بسپێرن، بۆ گرتنەبەری ڕێکارەکانی یاسایی لە دژیان.

## ماددەی هەژدەهەم

دادگا بۆی هەیە پشتببەستێ بە ڕاپۆرتی پێشکەشکراوی کارمەندی تایبەتمەندی ڕاسپێرراو، لە جێبەجێکردنی فرمانەکان بەگوێرەی پێویستی ئەم یاسایە، وەکو بەڵگە بۆ تۆمەتبارکردن لەگەڵ شایەتەکەی ، مەگەر بەڵگەی بەپێچەوانەوەی هەبێ.

## ماددەی نۆزدەهەم

یەکەم – لایەنی سەرپێچیکار لە حوکمەکانی ئەم یاسایە، سزا دەدرێت بە پێبژاردنێك زۆرتر نەبێ لە پێنج سەد دینار، یان بەندکردن بۆ ماوەی زۆرتر نەبێ لە سێ ساڵ، یان بە هەردوکیان لەگەڵ دەستبەسەرداگرتنی ڕاوەکە، و سەپاندنی هەردوو سزاکە و دەستبەسەرداگرتنی ڕاوەکە و کەلوپەل و ئامرازەکان و هۆکارەکانی گواستنەوەی، لە کاتی دوبارەکردنەوەی سەرپێچیدا.

دووەم – هیچ شتێك نیە لەم یاسایەدا ڕێگر بێ لەگرتنەبەری ڕێکارەکانی تاقیبکردن یاسایەکی تر، ئەگەر تاوانەکە پێویست بە سزای توندتر بکات.

## ماددەی بیستەم

یەکەم – ئاژەڵی کێوی و بەرهەمەکانی و کەلوپەل و هۆکارەکانی گواستنەوەی دەستبەسەرداگیراو بەهۆکاری سەرپێچی لەحوکمەکانی ئەم یاسایە لەلایەن فەرمانگەی تایبەتمەندەوە بەشێوەیەکی گونجاو دەفرۆشرێتەوە، و بەپێ کۆنوسێك دەربارەی بڕ و جۆر و نرخی فرۆشتنیان، لەگەڵ ئاماژەکردن بە سەرپێچییەکە، و

نرخەکەی بە ئەمانەتەوە هەڵدەگیرێ تاکو دەرچونی بڕیاری دادگا لەسەری و وەرگرتنی پلەی کۆتایی.

دووەم –چەکی دەستبەسەرداگیراو دەسپێررێت بە وەزارەتی ناوخۆ بۆ مامەڵە پێ کردنی.

## ماددەی بیست ویەکەم

وەزیری کشتوکاڵ و چاکسازی کشتوکاڵی، یان ڕاسپێرراوەکەی، بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ کارئاسانکردنی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

یاساکە بڵاوکراوەتەوە لە ڕۆژنامەی وەقائیعی عێراقی ژمارە (٢٧٠٢)، لە ڕێکەوتی ١٩٧٩/٠٣/١٩.

## ٢. بڕیاری ژمارە ١٠٤٥ ی ساڵی ١٩٨٠

## دەستبەسەرداگرتنی مەڕومالآت کە لە ناوچەکانی کشتوکاڵی و پەرژینکراو یان مۆڵەتنەدراو بۆ لەوەڕ دەلەوەڕێنرێن

پشتبەست بەحوکمەکان بڕگەی (ا) لە مادەی چل ودوو لە دەستوری کاتی، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە دانیشتنی ڕێکخراو لە ڕێکەوتی ١٩٨٠/٠٧/٠٣، بڕیاریدا لەسەر ئەمانەی خوارەوە:

### ماددەی یەکەم

دەستبەسەرداگرتنی مەڕومالآت کە لە ناوچەکانی کشتوکاڵی پەرژینکراو یان مۆڵەتنەدراو بۆ لەوەڕ دەلەوەڕێنرێن، بەگوێرەی ڕێنماییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و چاکسازی کشتوکاڵی، و دەسەلآتدان بە سەرۆکی یەکەکانی کارگێڕی بە فرۆشتنی ئەم مەڕومالآتە لە زیادکردنی ئاشکرادا، و نرخەکەی بە داهاتی کۆتایی بۆ دەوڵەت تۆماردەکرێ.

### ماددەی دووەم

وزیری کشتوکاڵ و چاکسازی کشتوکاڵی بۆی هەیە ڕێنمایی بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم بریارە دەربکات.

**ماددەی سێیەم**

وەزیرەکانی تایبەتمەند هەڵدەستن بە جێبەجێکردنی ئەم بریارە.

**سەدام حوسەین**

**سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش**

بڕیارەکە لە وەقائیعی عێراقی ژمارە (٢٧٨٦)، لە ڕێکەوتی ١٩٨٠/٠٧/٢٨ بڵاوکراوەتەوە.

## ٣.ڕێنمایی ژمارە ( ٣٥ ) ی ساڵی ١٩٨٠

## سەبارەت بە جێبەجێکردنی بڕیاری ژمارە ( ١٠٤٥ ) لە ڕێکەوتی ١٩٨٠/٠٧/٠٣

پشتبەست بە حوکمەکانی برگەی (٢) لە بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە (١٠٤٥) لە ڕێکەتی ١٩٨٠/٠٧/٠٣، ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:

**ماددەی یەکەم**

١. لەوەڕاندن لە ناوچەکانی پەرژینکراو یان مۆڵەتنەدراو بۆ لەوەڕگا، بەگوێرەی بەیانی وەزیری کشتوکاڵ و چاکسازی کشتوکاڵی، یان ڕاسپێرراوەکەی، قەدەغەیە.

٢. لەوەڕاندن لە ناوچەکانی گردە لمین لە ناوچەی دەرچەی گشتی لە مەودای ٢٧ کیلۆمەتر بۆ ٩٢ کیلۆمەتر و بە قوڵایی ٣ کیلۆمەتر قەدەغەیە.

**ماددەی دووەم**

١.کارمەندان و پاسەوانەکانی وێزگەکانی لەپاوانەکان، بەرپرسیارن لە سەرپەرشتیکردنی جێبەجێکردنی بڕیارەکەی سەرەوە، بەوەی دەسەڵاتدارانی کارگێڕی لە هەموو سەرپێچییەك ئاگاداربکەنەوە، و ئەویش بە هاوکاری لەگەڵ پۆلیسی گومرگ و سنور دەبێ.

٢.لیژنەیەك، لە یەکەکانی کارگێڕی کە لەوەڕگاکان دەکەوێتە ناو سنورەکانیانەوە، پێکدەهێنرێ لە:

أ.سەرۆکی یەکەی کارگێڕی — سەرۆك.

ب.بەڕێوبەری وێزگە یان نوێنەرەکەی — ئەندام.

ج.ئەندامێکی دارایی لە یەکەی کارگێڕی – ئەندام.

٣.لیژنەکە بڕیاردەدات بە دەستبەسەرداگرتنی مەڕومالآت، و بڕیارەکەی یەکلاکەرەوە دەبیّ، و سپاردنی بە وێزگەی لەپاوانەکان، و ئەمەی دواتر بەرپرسارە لە پاسەوانی و بەخێوکردنیان، تاکو تەواوبونی پڕۆسەی فرۆشتن لە زیادکردنی ئاشکرادا، بە مەرجێك ماوەی ڕێکارەکانی دەستبەسەرداگرتن و فرۆشتن لە پانزە ڕۆژ تێپەڕ نەکات.

**ماددەی سێیەم :** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمیدا جێبەجیّ دەکرێن.

**وەزیری کشتوکاڵ و چاکسازی کشتوکاڵی**

ئەم ڕێنماییە لە وەقائیعی عێراقی ژمارە (٢٨١٥) لە ڕێکەوتی ١٩٨١/٠٢/٠٢ بڵاوکراوەتەوە

## ٤.یاسای پاوانی سروشتی ژمارە ( ٢ ) ی ساڵی ١٩٨٣

### بەشی یەکەم

### ئامانجەکانی یاسایەکە

**ماددەی یەکەم :-**

ئامانجەکانی ئەم یاسایە بریتیە لە رێکخستنی کاروباری پاوانی سروشتی و پێشخستنی لە ڕێگای :

یەکەم – دیاریکردنی رووبەری پێویست بۆ مەبەستی پاوانی سروشتی.

دووەم – رێکخستنی لەوەڕاندن بەپێی بنەمای زانستی.

سێیەم – پاراستنی رووەکی سروشتی.

چوارەم – پارێزگاریکردن لە سەرچاوەکانی ئاو لە ناو پاوانی سروشتی و رێکخستنی بەکاربردنی.

پێنجەم – ئەنجامدانی دیراسە و تۆژینەوە بۆ پێشخستن و پاراستنی پاوانی سروشتی.

شەشەم – دابینکردنی خزمەتگوزاری پێویست بۆ پاوانی سروشتی، بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

### بەشی دووەم

### مەودای کارکردنی یاسایەکە

**ماددەی دووهەم :-**

یەکەم – مەبەست لە پاوانی سروشتی هەموو زەوییەك کە رووەکێکی سروشتی تایبەت بە لەوەراندنی هەبێت و مولکی دەوڵەت بێت و تایبەت کرابێت بۆ مەبەستی لەوەراندن و لە ڕووی ئابوورییەوە نەگونجێت بۆ کشتوکاڵ کردن.

دووەم – حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ دەکرێت لەسەر ئەو زەوییانەی مولکی دەوڵەتن و تایبەت کراون بۆ مەبەستی پاوانی سروشتی لەگەڵ ئەو زەوییانەی

شورەکراون یان لەوەڕاندنی بە کاتی تێدا قەدەغەکراوە و جێبەجێش دەکرێت لەسەر ئەو زەوییە کشتوکاڵیانەی پشتاون کە مولکی پەتین یان مولکی دەوڵەتن و مافی رەفتاری لەسەرە کە دەکەونە خوارووی هێڵی راددەیی پاوان.

**ماددەی سێهەم :-**

یەکەم– وەزیری کشتوکاڵ و چاکسازی کشتوکاڵی ئەو زەوییانە دیاری دەکات کە پاوانی سروشتین بە بانگەوازێك کە لە رۆژنامەی فەرمی بلاْودەکرێتەوە لەسەر پێشنیاری فەرمانگەی پاوانی سروشتی.

دووەم – هەموو ئەو زەوییانەی پشتاون کە دەکەونە خوار هێڵی راددەیی پاوان کە بە پێی ئەم یاسایە دیاری کراوە دادەنرێن بە تایبەتکراو بۆ مەبەستی لەوەڕاندن و بوژانەوەی سامانی ئاژەڵ و نابێت بۆ کشتوکاڵکردن یان وەبەرهێنان بەکاربهێنرێن بێجگە لەو بوارە تەنیا ئەوەی بە حوکمەکانی ئەم یاسایە هەلاْوێرکراون.

سێیەم – هێڵی ڕاددەیی پاوان دیاری دەکرێت، بەو زەوییە پشتاوانەی کە تێکرای دابارینی بارانی کەمترە لە (٢٠٠ – ٢٥٠ ) ملیمتر سالاْنە و وەزارەتی کشتوکاڵ و چاکسازی کشتوکاڵی هەڵدەستێت بە دیاری کردنی ڕێڕەوی ئەم هێڵە و دیاریکردن و چەسپاندنی لەسەر زەوی و نەخشە بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی گشتی رووپێو و فەرمانگە پەیوەندیدارەکان و لایەنەکانی دیکەی تایبەتمەند.

**ماددەی چوارەم :-**

ئەو زەوییە پشتاوانەی خوارەوە لە حوکمەکانی برگەی (دووەم) لە ماددەی (٣) هەلاْوێر دەکرێت : –

یەکەم – ئەو زەوییانەی کە ڕێگەی ئاودانی بە کرداری دەوڵەت گۆڕاوە، جا هەر جۆرێك بێت و مولکداری بۆ هەرکێ بگەڕێتەوە.

دووەم – ئەو زەوییانەی مولكی پەتین یان مافی رەفتاریان لەسەرە كە رێگەی ئاودانی بە كرداری خاوەنەكەی گۆڕاوە پێش بەركاری ئەم یاسایە ئەگەر هەڵسابن بە راستكردنەوەی تۆماری خانوبەرەكەی بەپێی واقیعەكە لە ماوەی ساڵێك لە بەركاری ئەم یاسایە.

سێیەم – ئەو زەوییانەی مولكی پەتین یان مافی رەفتاریان لەسەرە كە فەرمانگەی تایبەت رازی دەبێت لەسەر گۆرینی رێگەی ئاودانی بە كرداری خاوەنەكەی پاش بەركاری ئەم یاسایە بەو مەرجەی هەڵبستن بە راستكردنەوەی تۆماری خانوبەرەكەی پاش ساڵێك دوای رەزامەندیدان.

چوارەم – ئەو زەوییانەی وەزیر بریاری هەلاوێری دەدات.

**ماددەی پێنجەم :-**

یەكەم – حوكمی هەڵوەشانەوە جێبەجێ ناكرێت بە هۆی وازهێنان لە كشتوكاڵكردن لەسەر ئەو زەوییانەی مولكی پەتین یان مافی رەفتاریان لەسەرە و دەكەوێتە خوارووی هێڵی ڕاددەیی پاوان و تایبەتكرابێت بە پاوانی سروشتی.

دووەم – لەسەر وەزارەت پێویستە، بە پێی داخوازی خاوەنی زەوی دەست بەسەر ئەو زەوییانە دابگیرێت كە لە برِگەی (یەكەم) لەو ماددەیە دیاریكراوە یان مافی رەفتاری لەسەر بكوژێنیتەوە بۆ مەبەستی پاوانی سروشتی.

**ماددەی شەشەم :-**

یەكەم – ئەو زەوییانەی مولكی دەوڵەتە و بەكاردێت بۆ پاوانی سروشتی و ئەو زەوییانەی دەستی بەسەرداگیراوە یان مافی رەفتاری كوژاوەتەوە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە تۆمار دەكرێت بەمولكی دەوڵەت و بە ناوی وەزارەتی دارایی دەكرێت بۆ تەرخانكردنی بۆ پاوانی سروشتی.

دووەم – بە ڕێنمایی کاری گەمارۆدانی زەوی تایبەت بە پاوانی سروشتی دیاری دەکرێت و تۆمارەکانی ڕێکدەخرێت.

## بەشی سێیەم

## ڕێکخستنی لەوەڕاندن

### ماددەی حەوتەم:-

وەزارەت هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی لەوەڕاندن لە هەموو وڵات و بۆی هەیە:

یەکەم – گواستنەوەی ئاژەڵ ڕێکبخات، و پەیرەوی لەوەراندن بە پێی وەرز و ناوچە جیاجیاکان بکات ، بە هەماهەنگی لەگەڵ کارگێرە خۆجێیەکان بە ڕەچاوکردنی حوکمەکانی پەیماننامە و ڕێککەوتنەکانی ئەنجامدراو لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر.

دووەم – دیاریکردنی سەرەتای وەرزی لەوەڕاندن و کۆتاییەکەی لە ناوچە جیاجیاکانی وڵات.

سێیەم – دامەزراندنی تەلبەند لە ناو پاوانی سروشتی.

چوارەم – سنورردارکردنی لەوەڕاندن لە ناوچەکانی لەوەڕیان تێکچووە و دووبارە تۆوکردنیان بە پێی بنەمای زانستی.

پێنجەم – دامەزراندنی بەربەستی ئاوی بۆ گەمارۆدانی ئاوی باران لە شیوەکان و شوێنی دیکە لە ناوچەکانی لەوەڕاندن.

شەشەم – دەستەبەری گەیاندنی خزمەتگوزاری ڕێنمایی و ڤیتێرنێری و بە بازارکردن و هیدیکە بۆ ناوچەکانی لەوەڕاندن.

### ماددەی هەشتەم:-

وەزیر یان ئەوەی سەرپشکی دەکات بۆی هەیە، قەدەغەی لەوەڕاندن لە ناو پاوانی سروشتی تێکچوو و ناوچەی تەلبەندکراو و ناوچەی پێویست بۆ ئەنجامدانی دیراسەت و

تۆژینەوە و تاقیکردنەوەی زانستی بکات بە بانگەوازێك کە بلاۆ بکرێتەوە لە رۆژنامەی فەرمی، کە ناوچەکان و پێوانەکان و کاتەکانی قەدەغەی لەوەڕاندنی تێدا دیار دەکات.

**ماددەی نۆهەم:-**

یەکەم — نابێت بیری ئێرتوازی لێبدرێت لە ناو پاوانی سروشتی و زەوی دێمەکار کە مولکی پەتی یان مولکی دەوڵەت بێت و مافی رەفتارکردنی لەسەر بێت کە تەرخانکراوە بۆ مەبەستی لەوەڕاندن تەنیا بە رەزامەندی فەرمانگەی تایبەتمەند نەبێت.

دووەم — فەرمانگەی تایبەتمەند بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی حوکمی خۆجۆیی و دەزگای گشتی ئاوی ژێر زەوی هەڵدەستێت بە رێکخستنی کردنەوە و داخستنی بیری ئاو لە ناو پاوانی سروشتی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کە ناکۆك نەبێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی دەهەم:-**

بڕینی دار و دەوەن و دروستکردنی ئالیك بۆ مەبەستی بازرگانی و کێڵانی زەوی بە مەبەستی چاندن لە ناو پاوانی سروشتی قەدەغە دەکرێت.

**ماددەی یازدەم:-**

فەرمانبەرانی فەرمانگەی تایبەتمەند کە بەرپرسن لە بەرێوەبردنی پاوانی سروشتی سەرپشك دەکرێن بۆ وەرگرتنی هەر کاردانەوەکی خێرا کە پێویست بێت بۆ کوژانەوەی ئاگری ناو پاوانی سروشتی بە هاریکاری لەگەڵ فەرمانگە تایبەتمەندەکانی دیکە و کۆمەڵەی هەرەوەزی جووتیاران لە ناوچەکە، و لە کاتی پێویست بۆیان هەیە داوا لە دەسەلاتی کارگێری بکەن بۆ دەستەبەری پێویستیەکانی دوورخستنەوەی مەترسی بە پێی حوکمەکانی یاسای کۆمەککردنی ناچاری ژمارە (٣٧) ساڵی ١٩٦١.

## بەشی چوارەم

## سزاکان

**ماددەی دوازدەهەم:-**

یەکەم – هەر کەسێ هەڵبستێت بە کێڵانی یان چاندنی زەوی پاوانی سروشتی، یان زیانی پێبگەیەنی یان زیان بە کانی ئاو یان بیر یان دامەزراوەی دابەشکردنی ئاو یان هەر سەرچاوەکی ئاو لە ناو پاوانی سروشتی یان شورەکەی یان نیشاندەری یان دەلالەتی سنوری یان بینایەك یان سەرپێچی هەر حوکمێکی ئەم یاسایە و بەیانەکان و رێنماییەکانی بکات، سزا دەدرێت بە بەندکردن بۆ ماوەیەك کە زیاتر نەبێت لە ساڵێك و پێبژارندنێك کە زیاتر نەبێت لە پێنج سەد دینار یان بە یەکێك لەم دوو سزایە.

دووەم – لە حالەتی دووبارە کردنەوەی کارەکە سزایەکە قورس دەکرێت بۆ بەندکردن بۆ ماوەك کە زیاتر نەبێت لە دوو ساڵ و بە بژاردنێك کە زیاتر نەبێت لە هەزار دینار.

**ماددەی سێزدەهەم:-**

ئەگەر کارەکە کە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایەیە تاوان بێت بە یاسایەکی دیکە و سزاکەی قورستر بێت، ئەو کاتە سزا قورسەکە پیادە دەکرێت.

**ماددەی چواردەهەم:-**

سەرۆکی یەکە کارگێرییەکان لەو ناوچانەی پاوانی سروشتی یان ناوچەی شورەکراوی لێیە و لەو ناوچانەی دەکەونە خوارووی هێڵی ڕاددەیی پاوان سەرپشك دەکرێن و دەسەڵاتی دادوەری کەتنییان دەبێت بۆ چەسپاندنی سزاکانی هاتوو لەم یاسایەدا.

## بەشی پێنجەم

## حوکمە کۆتاییەکان

**ماددەی پانزدەهەم:-**

(ئەم ماددەیە لە دوو برگە پێکهاتبوو، برگەی دووەمی هەلوەشاوەتەوە بە پێی ماددەی (١) لە بریاری ژمارە ١٤٦٧ لە ١٩٨٤/٠١/٠١ و دووبارە کار بە بریاری ژمارە ١٠٤٥ دەکرێتەوە و تەنیا برگەی یەکەمی ماوەتەوە).

یەکەم — یاسای پاوان و پاراستنی ژمارە ( ١٠٦ ) ساڵی ١٩٦٥ هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی شانزەهەم** : وەزیر بۆی هەیە رێنمایی دەربکات بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی حەڤدەهەم** : ئەم یاسایە لە ماوەی سێ مانگ لە رێکەوتی بلاْوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی کاری پێدەکرێت.

**صدام حسين**

**سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش**

## هۆکارەکانی دەرچوونی

لەبەر بایەخی زۆری پاوانی سروشتی کە بە سەرچاوەك لە سەرچاوەکانی سامانی نەتەوەیی دادەنرێت، و لەبەر پەیوەندی راستەوخۆی بە بوژانەوەی سامانی ئاژەڵ و دەستەبەری پێداویستی ئاسایشی خۆراك لە ولاْت ، کە پێویست دەکات پاڵپشتی لەو سەرچاوە گرنگە بکرێت و پێشبخرێت بە نوێترین شێوازی زانستی، و پارێزگاری لە رووەکی سروشتی بکرێت و پاوانی سروشتی پارێزراو بێت لە هەر جۆرە زێدەڕۆییەك و لەوەڕاندنی ڕەمەکی، و بۆ ئەم مەبەستانە ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

یاساکە لە وەقایعی عێراقی ژمارە (٢٩٢٢) لە ١٩٨٣/٠١/٣١ بلاْوکراوەتەوە.

## ٥. ڕێنمایی ژمارە ١١٧ی ساڵی ١٩٨٧ سەبارەت بە ڕێکخستنی لەوەڕ لە لەوەڕگا سروشتیەکاندا

پشتبەستوو بە بڕگەکانی ماددەی (١٦) ی یاسای پاوانە سروشتیەکان ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٨٣، ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:

**ماددەی یەکەم:**

بڕگەکانی ئەم ڕێنماییە بەسەر هەموو پاوانە سروشتیەکانی کە موڵکی دەوڵەتن جێبەجێ دەکرێت لەوانەش زەویە شوراکراوەکان یان ئەو زەویانەی کە ئاودێری تێیدا بەشێوەیەکی کاتی قەدەغەکراوە، هەروەها بەسەر ئەو لەپاوانانەدا جێبەجێ دەکرێت کەدەکەونە ناو زەویە کشتوکاڵیە دێمیەکانەوە کە موڵکی راستەقینەن یان موڵکی دەوڵەتن و مافی دەستکاریکردنیان لەسەرەو کەوتونەتە خوار هێڵی جیاکەرەوەی پاوانەکان

**ماددەی دووەم:**

وەزیری کشتوکاڵ مافی دیاریکردنی ئەو زەویانەی هەیە کە بە پاوانی سروشتی ئەژمار دەکرێن لەڕێی بەیاننامەیەك کە لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بلاّو دەکرێتەوە لەسەر پێشنیاری فەرمانگەی تایبەتمەندی ئەنجومەنی باخداری و دراستان و پاوانەکان.

**ماددەی سێیەم:**

پێویستە خاوەنی ئەو زەویانەی موڵکی راستەقینەن یان ئەو زەویانەی موڵکی دەوڵەتن و مافی دەستکاریکردنیان لەسەرە و فەرمانگەی تایبەتمەند ڕەزامەندە لەسەر گۆڕینی شێوازی ئاودێریان بە کاری خۆیان پاش بەکاری یاسای پاوان ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٨٣، سەردانی فەرمانگەکانی تۆماری عەقاری بکەن بۆ ڕاستکردنەوەی تۆماری زەویەکان بەپێی ئەم مادەیە، لەماوەی ساڵێك لە بەرواری ڕەزامەندیەکەوە، تەنها لەکاتێکدا ئەگەر هۆکارێکی ڕەوا هەبێت بۆ سەردان نەکردنیان.

**ماددەی چوارەم:**

**یەکەم:** خاوەنی زەوی دێمی موڵکی ڕاستەقینە یان ئەو زەویانەی موڵکی دەوڵەتن و مافی دەستکاریکردنیان لەسەرە و کەوتونەتە خوار هێڵی جیاکەرەوەی پاوانەکان کە تایبەت کراون بۆ مەبەستی لەوەڕکردن، داواکاری پێشکەش بە وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری بکەن بۆ ئیستیملاککردنی زەویەکەی یان کوژاندنەوەی مافی دەستکاریکردن تێیدا و خەرجکردنی قەرەبوو.

**دووهەم:** پێویستە لەسەر فەرمانگەی تایبەتمەند کۆپیەك لە بڕیاری ئیستیملاکەکە یان کوژاندنەوەکە کە بە پێی برگەی یەکەمی ئەم مادەیە بڕیاری لێدراوە ، بنێرێت بۆ فەرمانگەی تۆماری خانوبەرە بۆ تۆمارکردنی زەویە ئیستیملاککراوەکە یان کوژاوەی مافی دەستکاریەکە بە ناوی وەزارەتی داراییەوە و تایبەتمەندە بۆپاوانی سروشتی.

## ماددەی پێنجەم:

فەرمانگەی تایبەتمەند دەسەڵات پێدراوە بۆ سەرپەرشتیکردنی پاوان لە هەموو ناوچەکانی وڵاتدا و لەو پێناوەشدا هەڵدەستێت بە:

یەکەم: ڕێکخستنی گواستنەوی ماڵات، پەیڕەوکردنی سیستمی لەوەڕکردن بەپێی وەرز و ناوچە جیاوازەکان بە هاوکاری لەکەڵ کارگێڕیە خۆجێیەکاندا بە ڕەچاوگرتنی پەیڕەوی ڕێککەوتننامە و پەیماننامە گرێدراوەکان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا.

دووهەم: دەستنیشانکردنی سەرەتاو کۆتایی وەرزی لەوەڕکردن لە ناوچە جیاوازەکانی وڵاتدا بە بەیاننامەیەك کە وەزیری کشتوکاڵ دەریدەکات بەپێی پێویست، وە لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بڵاو دەکرێتەوەو لە ڕاگەیاندنەوە پەخش دەکرێت.

سێهەم: دامەزراندنی شورا لە پاوانە سروشتیەکاندا.

چوارهەم: سنوردارکردنی لەوەڕکردن لە پاوان تێکچوەکاندا و دووبارە تۆو کردنیان بەپێی بنەما زانستیەکان.

پێنجهەم: دامەزراندنی لەمپەری ئاوی و بەنداوەکان بۆ گل دانەوەی ئاوی باراناو لە دۆڵەکاندا و ڕێکخستنی سوود وەرگرتن لێی بۆ مەبەستی لەوەڕکردن.

شەشەم: دابینکردنی گەیاندنی خزمەتگوزاریە راوێژکاری و ڤێتەنەری و بەبازارکردن و خزمەتگوزاریەکانی تر بۆ لەپاوانەکان .

حەوتەم: قەدەغەکردنی لەوەڕکردن لە لەپاوانە سروشتیە تێکچوەکان و ناوچە شورابەندەکان و ئەو ناوچانەی پێویستن بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوەی زانستی لەڕێی بەیاننامەیەکەوە کە وەزیری کشتوکاڵ دەریدەکات و لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بلاّو دەکرێتەوە و لە ڕاگەیاندن پەخش دەکرێت و بەپێی بەیاننامەکە ئەو ناوچەو پانتایی و ماوەیە دیاریدەکرێت کە لەوەڕ تێیدا قەدەغەیە.

هەشتەم: دروستکردنی ڕێڕەوە سوودمەندەکان و دانانی نیشانەی ڕێبەری بۆ کەمکردنەوەی ڕێڕەوە ئاساییەکان کە کاریگەری نێگەتیڤی هەیە لەسەر ڕوەکەکان.

**ماددەی شەشەم :-**

لیژنەیەك لەهەر پارێزگایەك پێك دەهێنرێت، بە بڕیاری وەزیری کشتوکاڵ، بە نوێنەرایەتی هەریەك لە کارگێڕی خۆجێیەتی و ئاوی ژێر زەوی و خاك و وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ سەیرکردنی داواکاریەکان کە پێشکەشکراون بۆ هەڵکەندنی بیر لەناوچەی لەپاوان سروشتیەکاندا و پێشکەشکردنی بۆ فەرمانگەی تایبەتمەند بۆ بڕیاردانی پێویست لەبارەیەوە.

## ماددەی حەوتەم :-

پێویستە سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوەی لەپاوانە سروشتیەکان هەستن بە ئەنجامدانی لێکلۆڵینەوە و تاقیکردنەوەی تایبەت بە ئامادەکردن و بلأوکردنەوەی نەخشەی ڕوەکی و توانای لەوەڕگایی و بەهای خۆراکی ڕوەکەکان و لێکۆڵینەوەی تایبەت بە سوودوەرگرتن لە ئاوی باراناو بۆ پەرەپێدان و پێشخستنی لەپاوانەکان .

## ماددەی هەشتەم :-

یەکەم: نابێت لەوەڕ لەناوچە سنوریەکاندا بکرێت تەنها بە مۆڵەتێك کە لەلایەن لیژنەی تایبەتمەندەوە لە یەکەی کارگێڕی دەردەچێت بەپێی فۆرمی هاوپێچ، لیژنەکەش پێك دێت لە سەرۆکی یەکەی کارگێڕی و نوێنەرانی دەستەی گشتی گومرك و وەزارەتی کشتوکالˇ و بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گومرك و بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش.

دووهەم: هەرکەسێك دەخوازێت لەوەڕ لە ناوچە سنوریەکاندا بکات، دەبێت داواکاریەك پێشکەش بە لیژنەی تایبەتمەند بکات، لەماوەی یەك مانگدا پێش دەستپێکردنی وەرزی لەوەڕکردن، کە تێیدا ناو و ناونیشان و ژمارەو جۆری ماڵاتەکانی تێدا دیاریدەکات و هەروەها ژمارەی ئەو ماڵاتانەی تر و ئامێرەکان کە لەوەڕەکەی پێ ئەنجام دەدرێت، هەروەها شوێنی لەپاوان و ئەو ڕێگەیەی دەیگرنە بەر و ماوەی لەوەڕەکەی و بەرواری گەڕانەوەی.

سێهەم: ئەو داواکاریەی لە بڕگەی (دووهەم)ی سەرەوە ئاماژەی بۆکراوە هاوپێچ دەکرێت لەگەڵ بڕوانامەیەکی تەندروستی کە لەلایەن فەرمانگەی تەندروستی تایبەتمەندەوە دەرچوە، هەروەها بەڵێننامەیەك کە کەفالەتی کەسێکی دارایی پەسەندکراو لەلایەن دادنوسەوە یان کەفالەتێك کە هاوتایە لەگەڵ ٥٠٪ ی بەهای ماڵاتەکان کەدەستی بەسەردا دەگیرێت ئەگەر سەرپێچی ڕێنماییەکانی کرد.

چوارهەم: ئەو لیژنەیەی لای سەرەوە ئاماژەی پێکراوە پێویستە داواکاری لەوەڕکردن دیراسە بکەن و پاش دڵنیا بوون لە هەبوونی مەرجە یاساییەکان، هەڵدەستێت بە نیشانکردنی ماڵاتەکان بە نیشانەیەکی جیاکەرەوە و مۆڵەتی لەوەڕکردن بە چوار کۆپی دەردەکرێت کە کۆپیەکی لای خۆی هەڵدەگرێت و کۆپیەك رادەستی کەسانی پەیوەندیدار دەکرێت و کۆپیەك دەنێردرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی گومرگی تایبەتمەند و کۆپیەك دەدرێتە پۆلیسی گومرگ.

پێنجەم: شوانەکان پێویستە ڕەچاوی ئەمانەی خوارەوە بکەن :

١. دوورکەوتنەوە لە هێڵی سنوری بە دووری ١٠ کم، لەکاتی تێپەڕاندنی ئەو هێڵە ماڵاتەکە وا ئەژمار دەکرێت کە ئامادەکراوە بۆ ئاودیوکردن.

٢. نەبردنی ماڵاتی نیشانە نەکراو لەگەڵ خۆیان، بەپێچەوانەوە وا ئەژمار دەکرێت کە ئامادەکراوە بۆ ئاودیوکردن.

٣. تێنەپەڕاندنی ناوچە دەستنیشانکراوەکان لە مۆڵەتی لەوەڕکردندا تەنها بە ڕەزامەندی لیژنەی تایبەتمەند.

٤. نەفرۆشتنی ماڵاتەکان تەنها بە ڕەزامەندی لیژنەی تایبەتمەند و بێجگە لە بەروبومەکەی

٥. گەڕانەوە لە لەوەڕکردن هەر کە ماوەی دیاریکراوی سەر مۆڵەتەکە تەواو بوو.

**ماددەی نۆیەم :-**

وێستگەکانی لەوەڕکردن پێویستە ئالیکی پێوست و خزمەتگوزاریەکانی تر نەدەنە ئەو شوانانەی مۆڵەتی لەوەڕکردنیان نیە.

**ماددەی دەهەم :-**

لیژنەی مەیدانی پێك دەهێنرێت بە فەرمانی وەزیری کشتوکاڵ یان ئەو کەسەی دەسەڵاتی پێدەبەخشێت، لە هەریەك لە نوێنەرانی دەستەی گشتی گومرگ و بەڕێوەبەرێتی گومرگ و وەزارەتی کشتوکاڵ ، بۆ بەدواداچوونی شوانەکان و دڵنیا بوون لەوەی کە سەرپێچی ڕێنماییەکان ناکەن و پێشنیارەکانیان پێشکەش بە لیژنەی تایبەتمەند دەکەن کە ئەویش هەڵدەستێت بە رادەستکردنی بۆ لایەنی پەیوەندیدار بۆ ئەوەی کاری پێویستی یاسایی بۆ ئەنجام بدرێت.

**ماددەی یازدەهەم:-**

ئەو یەکە کارگێڕییەی کە شوانەکان لە ناوچەکانیاندان پێویستە تۆمارێك رابگرن بۆ تۆمارکردنی هەموو زانیاریەکانی پەیوەندیان بە لەوەڕکردنەوە هەیە.

**ماددەی دوازدەهەم:-**

ئەم ڕێنمایە لە بەرواری بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەی فەرمیدا جێبەجێ دەکرێت.

**وەزیری کشتوکاڵ**

لە وەقائعی عێراقی ژمارە (٣١٦٩) بڵاوکراوەتەوە لەرێکەوتی ٢٨/٩/١٩٨٧

## ٦. بڕیاری ژمارە (٤٦٣) ی ساڵی ١٩٨٩

## تایبەت بەقەدەغەکردنی ڕاوکردنی ئاسکەکان لە سەرتاسەری عێراق

پشتبەستوو بە حوکمەکانی برگەی (١) لە مادەی چل و دوو لە دەستور، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئەم بریارەی دا:

### ماددەی یەکەم

ڕاوکردنی ئاسکەکان لەسەرتاسەری عێراقدا قەدەغەیە.

### ماددەی دووەم

١. هەر کەسێك هەوڵی ڕاوکردنی ئاسك بدات سزا دەدرێ بە بڕی پێنج هەزار دینار و بەند دەکرێت بۆ ماوەی یەك مانگ لەسەر هەر ئاسکێك کە بیکوژێت، و لە حاڵەتی دووبارەکردنەوەیدا سزاکەی دەبێت بە دوو ئەوەندە.

٢. هەر کەسێك سزا بدرێ دەسبتەجێ لێی دەسەنرێ، لە حاڵەتێکدا بڕی سزاکەی نەدا ئەوا موڵکەکانی دەفرۆشرێتەوە تاکو بڕی سزای سەپێنراو پڕدەبێتەوە.

### ماددەی سێیەم

هەر کەسێك ئاگاداری بدات لەسەر هەر هەوڵێك بۆ ڕاوکردنی ئاسك، ئەوا پاداشت دەکرێ بە بڕی هەزار دینار.

## ماددەی چوارەم

ئەم بریارە لەلایەن پارێزگارەکان یان جێگیرەکانیان، و سەرۆکی یەکەکانی کارگێڕییەوە جێبەجێ دەکرێت و ئەوان دەسەڵاتی دادوەریان هەیە، بۆ جێبەجێکردنی سزاکان، و بڕیارەکانیان یەکلاکەرەوە دەبێت.

## ماددەی پێنجەم

ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بڵاودەکرێتەوە، و جێبەجێکردنی بڕیارەکەش دەکەوێتەئەستۆی وەزیرە تایبەتمەندەکان.

صدام حسین

سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش

بڵاوکراوەتەوە لەرۆژنامەی وقایعی عێراقی ژمارە ( ٣٢٦٦) لە ڕێکەوتی ١٩٨٩\٧\٣١

## ٧. پەیڕەوی ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠١١

## دامەزراندن و بەڕێوەبردنی پاراستەی سروشتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی چل و چوارەمین لە یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٨، و لەسەر رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران لە دانیشتنی ژمارە (١٦) لە ڕێکەوتی ٢٠١١/١٢/٥ ، بریارماندا بە دەرچوواندنی ئەم پێڕەوەی خوارەوە:

## پەیڕەوی ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠١١

## دامەزراندن و بەڕێوەبردنی پاراستەی سروشتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لە پاراستەی سروشتی بریتیە لە هەر پێوانەیەکی زەوی یان ئاو کە دووری جوگرافی دیاریکراوی هەبێت و سیستەمی سروشتی تاقانە یان بونەوەری زیندوو لەخۆ بگرێت کە بە یەکەوە بە پێی ئیکۆسیستەمێکی دیاریکراو بژین و لەوانەیە هەندێکیان هەرەشە یان تێکچوون یان لە ناوچوونیان لەسەر بێت و لەبەر بەهای ئەم سیستەمانە لە بواری رۆشنبیری یان زانستی یان گەشتوگوزار یان جوانی کەوا دەخوازێت لە ڕووی یاساییەوە پارێزراو بن بە مەبەستی پاراستن و بەردەوامیان.

**ماددەی دووەم:**

ئامانج لەم پەیڕەوە ئەمانەی خوارەوەیە:

١- پارێزگاریکردن لە سەرچاوەی ژینگەیی کە خۆی دەبینیتەوە لە هەمەچەشنەی زانستی زیندەگی زەوی لە ناوچەی سروشتی پارێزراو.

٢- پارێزگاریکردن لە جۆرەکانی ڕووەك و ئاژەڵ لە ناو و لە دەرەوەی شوێنی سروشتی ژیانیان و ئیکۆسیستەمیان.

٣- تۆژینەوەی زانستی لە بواری زیندەگی و ئیکۆسیستەم و پێشکەشکردنی ئاسانکاری بۆ تۆژەران.

٤- هاندانی گەشتوگوزاری ژینگەیی و چالاکییە مرۆییەکان بەبێ زیان گەیاندن بە سەرچاوەی سروشتی.

٥- هۆشیارکردنەوەی هاولاتیان بە گرنگی پارێزگاریکردن لە پاراستەی سروشتی و گرنگی سەرچاوەی بۆماوەیی ڕووەکی و ئاژەڵی وەك کەلەپوری نیشتمانی بۆ هەرێم.

٦- پاراستنی وێنەی سروشتی سەرنج ڕاکێش و ئەشکەوتەکان لە چالاکی مرۆیی کاریگەر.

٧- وەدەستهێنانی بوژانەوە بۆ شوێنەکە لە میانەی بەکارهێنانی بەردەوامی ئابووریانەی دەرامەتی شوێنەکە بە شێوەیەك کە کاریگەری لەسەر وێنەی سروشتی شوێنەکە یان لەسەر زیندەی ڕووەکی و ئاژەلی نەبێت.

٨- پارێزگاریکردن لە زانستی ڕۆشنبیری و کەلەپوری و نەریتی کۆمەڵگای خۆماڵی کە پەیوەندی بە شوێنەکە هەبێت.

**لایەنی سەرپەرشتیار لەسەر پاراستە سروشتییەکان و ئەرکەکانی**

**ماددەی سێیەم:**

یەکەم: لیژنەیەکی بالاّ بۆ سەرپەرشتی پاراستە سروشتییەکان لە هەرێمی کوردستان پێکدێت، بە بڕیاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران سەرۆکەکەی دیاری دەکرێت و بە ئەندامیەتی نوێنەری ئەو وەزارەت و لایەنانەی خوارەوە کە پلەی وەزیفیان لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت:

١- وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.

٢- وەزارەتی ناوخۆ.

٣- وەزارەتی دارایی و ئابووری.

٤- دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان.

٥- لەگەڵ ژمارەیەك لە خاوەن شارەزایی و پسپۆر لە بوارە پەیوەندیدارەکان بە پاراستەی سروشتی و بەرێوەبردنیان جا لە ناو حکومەت یان لە دەرەوەیدا بن.

دووەم: لیژنەکە بەو ئەرك و چالاکییانەی خوارەوە هەڵدەستێت:

١- دیراسەتی پالأوتنەکانی تایبەت بە دامەزراندنی ناوچەی پارێزراو و بریاردان لەسەری.

٢- پۆلینکردنی پاراستە سروشتییەکان و دانانی پلانی پێویست بۆ بەرێوەبردنی.

٣- ئامادەکردنی پرۆگرامی هۆشیاری ژینگەیی لەسەر گرنگی پارێزگاریکردن لە پاراستە سروشتییەکان بۆ خەڵکی ناوچەی دەوروبەر و دراوسێی پاراستەکە و سەرجەمی هاولاتییان و پێویستی بەشدارییان لە پارێزگاری و بەرێوەبردن و پێشخستنیان و قەدەغەکردنی زێدەڕۆیی لەسەریان لە رێگای هۆیەکانی هۆشیارکردنەوە و راگەیاندنی بەردەست.

٤- هەماهەنگیکردن لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی شوێنە سروشتییەکە تایبەت بە دامەزراندنی پرۆژەی جێگرەوە بۆ قەرەبووی دانیشتوانی ناوچەکانی دەوروبەری پاراستەکە لە جیاتی ئەو چالاکییانەی کە لە پێشوو ئەنجامیان دەدا کە لەوانەیە کاریگەری نەرێنی لەسەر هەمەچەشنەی زیندەگی هەبووبێت.

٥- هەماهەنگیکردن لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی پاراستەی سروشتی سەبارەت بە هاندان و پێشخستنی زانستی نەریتی دانیشتوانی ناوچەکانی دەوروبەری پاراستەکە کە کاریگەری ئەرێنی لەسەر پێکهاتەی هەمەچەشنەی زیندەگی هەیە.

٦- هەماهەنگیكردن لەگەڵ ڕێكخراوە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەكان و وڵاتانی خاوەن شارەزایی لە بواری پاراستەی سروشتی لە پێناو بوژانەوەی پاراستەی سروشتی.

سێیەم: سەرۆكی لیژنەی باڵای سەرپەرشتیار بۆی هەیە لیژنەی لاوەكی پێكبهێنێت بۆ جێبەجێكردنی بڕیارەكانی لە ژێر ڕۆشنایی حوكمی یاسا و ڕێنماییە پەیوەندیدارەكان..

## مەرجەكانی پاراستە سروشتییەكان

### ماددەی چوارەم:

دەبێت ئەو مەرجانەی خوارەوە بەدیبێت لەو شوێنەی هەڵدەبژێردرێت بۆ ناوچەی پارێزراو لەگەڵ ڕەچاوكردنی تایبەتمەنی ناوچەكە:

١- جیاوكەیی لە دەوڵەمەندی دیار و ڕوون بە پێكهاتەی هەمەچەشنەی زیندەگی.

٢- بوونی ژمارەیەكی گرنگ لە جۆرەكانی تاقانەی نیشتەجێبوو.

٣- بوونی جۆرێك یانزیاتر لە جۆرە دەگمەنەكان یان لە ژێر هەرەشەی مەترسی لە ناوچووندایە.

٤- جیاوكەیی و تاقانەیی نشینگەیی.

٥- شێوەی زەوییەكە شیاو و دیار بێت لە هەبوونی بەهای مێژوویی یان جوانی یان كۆمەڵایەتی یان ڕۆشنبیری كە پەیوەندی بە سروشتی شوێنەكە هەبێت.

٦- دەوڵەمەندی ناوچەكە بە شوێنی بایەخدار بۆ تۆژینەوەی زانستی دوور مەودا.

٧- شوێنەكان بایەخداربن بۆ گەشتوگوزاری ژینگەیی.

## كارە قەدەغەكراوەكانی ناو پاراستەی سروشتی

### ماددەی پێنجەم:

یەكەم: ئەم كارانەی خوارەوە لە ناو پاراستە سروشتییەكان قەدەغەیە:

١- زیانگەیاندن یان گۆرانکاری لە پێکهاتەی سروشتی یان جیۆلۆجی یان مۆرفۆلۆجی و هەموو شێوە سروشتییەکان.

٢- بڕینی یان هەڵکێشانی یان فەوتانی یان لەناوبردنی رووەکەکان یان پارچەی رووەکەکان لە شوێنی پاراستە.

٣- راوکردنی یان گواستنەوەی یان کوشتنی یان کۆچپێکردنی یان ئازاردانی یان هەراسانکردنی یان دەرکردنی یان هەرەشەکردنی ئاسودەیی هەر یەکێك لە بوونەوەرەکانی کێوی و ئاوی کە نیشتەجێن یان کۆچکردوون لەگەڵ جۆرەکانی باڵندە یان هێلکەکانیان یان جوجەڵەکانیان یان هێلانەیان یان پارچەك لەوان وەك ریش و قۆچ و تووك.

٤- هێنانی یان نشینگەکردنی هەر جۆرێکی رووەکی یان ئاژەڵی نابەلەد.

٥- هەر چالاکیەکی کاریگەری نەرێنی لەسەر ناوچەی سروشتی هەبێت وەك ئەو چالاکییانەی پەیوەندییان بە دەرهێنانی نەوت و کانزا هەیە.

٦- هەر شتێك زیان بە ئیکۆسیستەمی سروشتی ناوچەکە بگەیەنی و ببێتە تێکچوونی ژینگەکەی.

٧- هەموو چالاکییەك یان تاقیکردنەوەیەك کە ببێتە پیسبوونی خاك یان هەوا یان ئاوی ناوچە پارێزراوەکە.

٨- بەکارهێنانی دەرامەتی سروشتی بە شێوەك کە ببێتە خراپبوونی خاك و لەدەستدانی بە پیتیەکەی یان خراپبوونی جۆرەکانی زیندەگی و شێوە سروشتییەکان.

٩- هەڵکێشان و گواستنەوەی بەرد و خاك ئاوی سەر زەوی یان ژێر زەوی بۆ دەرەوەی ناوچەی پارێزراو.

١٠- چوونەژوورەوەی ئۆتۆمۆبیل بە هەموو جۆرەکانی بێجگە لە ئۆتۆمۆبیلی تایبەت بە بەرێوەبردنی ناوچەکە.

١١- دانانی خیوەتگە بە بێ مۆڵەت، و لە حالەتی وەرگرتنی مۆڵەت پێویستە خیوەتەکان لە شوێنی دیاریکراو دابنرێت لە ناو پاراستە سروشتییەکە.

١٢-ئەنجامدانی هەر چالاکییەکی کشتوکاڵی یان ئابووری یان بازرگانی.

١٣- دامەزراندنی پرۆژە یان رێگەوبان یان هێڵی ئاسنین یان فرۆکەخانە.

١٤- ئەنجامدانی مناوەرەو چالاکی سەربازی جۆراوجۆر.

١٥- گۆڕینی ئاکاری بەکارهێنانی زەویەکە کە ناکۆك بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە و پەیرە و و رێنماییەکانی دیکەی پەیوەندیدار.

دووەم: لیژنەی سەرپەرشتیاری سەر پاراستە سروشتییەکان مافی دانی مۆڵەتی ئەنجامدانی هەندێك چالاکی پێویستی هەیە لە ناو پاراستە سروشتییەکان بە شێوەیەك کە ناکۆك نەبێت لەگەڵ سروشتی پاراستەکە.

**ماددەی شەشەم:**

لەسەر وەزارەت و لایەنەکانی دیکەی پەیوەندیدار پێویستە حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە لە ڕۆژی بلاَوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی جێبەجێ بکەن.

**د.بەرهەم ئەحمەد صالح**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

بلاّو کراوەتەوە لە رۆژنامەی وەقائعی کوردستان ژمارە ( ١٤٠) لە رێکەوتی ٢٠١١\١٢\٢٩

## ٨. یاسای ژمارە (١٠) ی ساڵی ٢٠١٢
## یاسای دارستان لە هەرێمی کوردستان- عێراق
## دەروازەی یەکەم
## پێناسەو ئامانج و کارپێکردن
## بەشی یەکەم
## پێناسەکان

**ماددەی یەکەم :**

مەبەست لەم دەستەواژەو زاراوانەی خوارەوە واتا دیاریکراوەکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

یەکەم : وەزارەت : وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان — عێراق.

دووەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی: بەرێوەبەرایەتی گشتی باخداری و دارستان و پاوان.

سێیەم: بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پاراستنی دارستان و ژینگە لە هەرێمدا: بەرێوەبەرایەتی پۆلیس کە راسپێدراوە بە پاراستنی دارستان وبەروبوومەکانی و پێکهاتەکانی.

چوارەم : دارستان: پێکهاتەیەکی ژینەوەری تەواوکەرە کە پێکدێت لە دارو درەخت و پووش و پاوان و رووەکەکان، گیانلەبەرو باڵندە کێویەکان و زیندەوەری بە چاو نەبیندراو جا سروشتی بن یان نا سروشتی.

پێنجەم: دارستانی میری: بریتیە لە دارستانی سروشتی و دەستکرد و زەوی و زاری دارستان کە خاوەندارێتی ئەگەڕێتەوە بۆ هەرێم جا مافی سوود وەرگرتنیان بۆ کەسی تر بێت یان نا.

شەشەم: دارستانی تایبەت: ئەو دارستانانەی لە لایەن كەسانی سروشتی یا مەعنەوی دروستكرابن و خاوەندارێتی یا مافی بەكارهێنانیان بۆ ئەو كەسانە دەگەرێتەوە .

حەوتەم: بەری دارستان: هەر ماددەیەك لە دارستان جێگیر بێت یان گوازراوە. وەك تەختەی پیشەسازی و داری سووتەمەنی و خەڵوز و ڕاتینج و مازوو و كەتیرە و كەرەستەی پیشەسازی و بەڕوو و تۆو, ڕەگ و ڕیشاڵ و توێكڵ و هەنگوین و گەزۆ، گلْ و گیاو قارچك و گۆشت و پێستی ئاژەڵی كێوی و باڵندەو ماسی و هێلكەو گولْ و پیازی جوانی و بەروبوومی دیكە.

هەشتەم :درەخت: هەموو روەكێك كە قەدێكی دارینی هەبێ لە هەموو قۆناغەكانی گەشەكردنەوە.

نۆیەم : نەمامگە: زەوی تەرخانكراو بۆ بەرهەمهێنان و پەروەردەكردنی دارو درەختی خۆڕسك و دەستكرد.

دەیەم : ماڵات : سەرجەم ئاژەڵەماڵیەكان كە لە سەر گژو گیا دەلەوەڕێن.

## بەشی دووەم

## ئامانجەكان

**ماددەی دووەم :** ئامانجەكانی ئەم یاسایە برتین لە :

یەكەم : پاراستنی سەقامگیری هاوسەنگی سروشتی بۆ بەڕێوەبردن و رێكخستنی دارستان و برەودان بە زیاد كردنی رووبەرەكان.

دووەم: چاكردنی ژینگە و كەمكردنەوەی كاریگەری گۆڕانكاریەكانی كەش و هەوا و پاراستنی هەمەچەشنی ژینگەیی.

سێیەم : فەراهەمكردنی هەندێ كەرەستەی سەرەتایی كە پیشەسازی پێویستیەتی.

چوارەم : هاندانی وەبەرهێنانی كشتوكاڵ لە بواری دارستاندا.

شەشەم : دەستەبەركردنی ناوچە گەشت و گوزاریەكان.

## بەشی سێیەم
## کارپێکردن

**ماددەی سێیەم :**

یەکەم: حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ دەبێت لە سەر :

١- دارستانەکانی هەرێم و ئەو زەویانەی بۆ سوودی گشتی کراون بە دارستان ,سەرباری ئەو زەویانەی کە دارستانیان تیا نییە لە ناوچە دارستانیەکان یان ئەتوانرێت دارستانی لە سەر دروست بکرێت.

٢- دارستانە تایبەتیەکان لە رووی هوونەری و کارگێڕیەوە.

٣-پارێزراوە خۆرسکەکان.

دووەم : ئەو زەویانەی کە لە برگەی (یەکەم ) ی ئەم ماددەیەدا هاتوون بە بڕیاری وەزارەت تەرخان دەکرێن.

## دەروازەی دووەم
## ڕێوشوێنی پاراستنی دارستان و ڕێکخستنی لایەنەکانی سوود لێوەرگرتنی
## بەشی یەکەم
## ڕێوشوێنی پاراستنی دارستان

**ماددەی چوارەم :**

یەکەم: ڕێگە نادرێت رەفتار بە دارستانەوە بکرێت چ بە ناوی وەزارەت بێ یان نا تەنها بە پێی یاسا نەبێت.

دووەم : رێگە نادرێت خاوەندارێتی زەوی دارستانە میرییەکان بگوازرێتەوە بۆ هیچ کەس یا لایەنێك ئەگەر بۆ پرۆژەی ستراتیژی نەبێت کە نەتوانرا شوێنی گونجاوی بۆ

دابین بکرێت بۆ جێبەجێکردنی و ئەمەش بە بڕیارێکی پێشوەختەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەبێت.

سێیەم : ڕێگە نادرێت هیچ لەم کارپێکردن و چالاکیانەی خوارەوە ئەنجام بدرێت تەنها بە رەزامەندی وەزارەت نەبیّ:-

١- دروست کردن یان گۆڕین یان گواستنەوەی هەر مافێکی عەینی تر جگە لە مافی خاوەندارێتی لە سەر زەوی دارستان (ئەمەش مەرجدارە بە زیان نەگەیاندن بە رووپۆشی رووەکی).

٢- بە کرێدانی زەوی دارستان.

٣- دامەزراندنی دەزگای گشتی یان تایبەت لە ناو زەوی دارستان بە شێوەیەکی کاتی یان هەمیشەیی.

٤- چاندنی زەوی دارستانەکان یان وەسوودهێنانیان.

٥- هێنانی ئامێرو کەرستەی تایبەت بە بڕینەوە و گواستنەوەی لە دارستانەکاندا.

٨- لەوەڕاندن لەو ناوچانەی کە سووتاون و دارەکانی بە تەواوی براونەتەوە بۆ ماوەیەکی دیاری کراو, یا ئەو ناوچانەی پەلی تازەی دەرکردووە.

٩- دروستکردنی بەنداو یا بەربەست لە سەر ئەو ڕووبار یا جۆگەیەی بە دارستاندا تێپەڕ دەبن, یان گۆرینی رێڕەوی یا راکێشانی هێلی کارەبای پاڵەپەستۆ بەرز.

١٠ – دروست کردنی کانەبەرد یا دەرهێنان و گواستنەوەی تاوێر و بەرد و خولّ لە ناوچە دارستانیەکاندا یان هەڵکەندن تیایدا.

١١- کەرت کردنی زەویەکانی دارستان.

چوارەم: لەوەڕاندنی مالآت قەدەغە دەکرێت لە:

١- ئەو دارستانەی ئاگرکەوتنەوی تیایدا ڕوویداوە یا دارەکانی بە تەواوی براونەتەوە تەنها دوای بە سەرچوونی ماوەیەکی دیاریکراو بە پیّ ی جۆری دارەکان.

٢- دارستانە پارێزراو و ناوچە خۆپارێزەکان لە ماددەی ( پێنجەم ) و ( شەشەم ) دا هاتوون هەروەها ئەو دارستانانەی کە تەمەنی دارەکانیان لە ( ١٠ ) ساڵ کەمترە.

پێنجەم : لە کاتی دەربڕینی ڕەزامەندی دروست و یاسایی بۆ دروست کردنی پرۆژەیەك لە ناوچە دارستانیەکاندا پێویستە لە سەر لایەنی پەیوەندیدار لانی کەم (٣٠٪) ی دارودرەختەکان بهێڵرێتەوە.

**ماددەی پێنجەم :**

دارستانە پارێزراوەکان : کە ڕووبەرێکی دارستانە یا ئەو زەویانەی دەکەونە ناو دارستانەکان کە تەرخان کراوە بۆ کاری تایبەت وەك پارێزگاری لە هەندێك جۆری دارودرەخت و گیانلەبەر و باڵندە و یان شوێنەواری دێرین یان دیمەنە سروشتیەکان و دامەزراندن و نیشانکردنی ئەم پارێزراوانە بە بڕیارێکی وەزاری دەبن کە ئەمانەی خوارەوەی تیایدا دیاری دەکرێت :

یەکەم: ناوی دارستانە پارێزراوەکە و ئامانجی دامەزراندنی.

دووەم: شوێن و سنوور و ڕووبەرەکەی.

سێیەم : ڕێکخستنی چۆنیەتی هاتوچۆ و بەڕێوەبردنی.

**ماددەی شەشەم :**

یەکەم : وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان بۆی هەیە ناوچەی خۆپارێزی دروست بکات لە ناو زەوی میری و زەوی خاوەندارێتی تایبەت کە ڕووتەن و ڕووبەرووی ڕاماڵینی خاك بوونەتەوە بە هۆی ڕێرەوی ئاوی سەر زەوی یان لە زەوییە دارستانیەکانی تردا ئەمەش لە پێناوی:

١- جێگیرکردنی خاك لە سەر شاخ و گردەکان و لێژییەکان , کە ڕێژەی لێژایەتیان لە (٤٠٪) زیاترە.

٢- پاراستنی زەویەکان لە ڕاماڵینی ڕووبارو لا فاو.

٣- پاراستنی کانی و سەرچاوەو و ڕێرەوەکانی ئاو.
٤- پاراستنی دیمەنە سروشتیەکانی شوێنەکانی گەشت و گوزار یان ڕێگە گشتیەکان.
دووەم : ڕێگە نادرێت بە خاوەن زەوییە تایبەتەکان بۆ وەبەر هێنانی نەگونجاو لە گەڵ ئامانجەکانی خۆ پارێزی لە ناو دارستانەکاندا.
سێیەم: وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان بۆی هەیە بڕیاری دامەزراندنی ناوچە خۆپارێزییەکان هەڵوەشێنێتەوە ئەگەر هۆکارەکانی دامەزراندنی نەما.

## بەشی دووەم

## سوود وەرگرتن لە دارستانەکاندا

### ماددەی حەوتەم :

یەکەم : ئەو کەسانەی لە ناو دارستانەکاندا نیشتەجێن یان لە دەوروبەرین، بەدەر لە حوکمەکانی ماددە (٥) ی ئەم یاسایە دەتوانن سوودمەند بن لە بەرووبومی دارستانەکان کە لە پێویستی خۆیان زیاتر نەبێت بە مەرجێك زیان نەگەیەنن ئەمەش لە ڕێگەی :
١- سوود وەرگرتن لە هەموو دارە ووشك و شکاوەکان کە بەکار دێت بۆ دروست کردنی ئامێر و ئامرازی کشتوکاڵی دوای مۆڵەتپێدان.
٢- لەوەراندنی ماڵات و کەم کردنەوەی ژمارەی بزن لە دارستانە پارێزراوەکاندا.
٣- ڕێگە گرتن لە هاتنی ماڵات لە دەرەوەی هەرێم تەنها بە بڕیاری وەزارەت نەبێت.
دووەم: بەڕێوەبەری گشتی باخداری و دارستان و پاوان بۆی هەیە مۆڵەتی بێ بەرامبەر دەربکات بۆ ئەو کەسانەی کە بڕگەی ( یەکەم ) ی ئەم ماددەیە دەیانگرێتەوە و بۆ ئەندامانی هۆزەکان، تیایدا ڕێگەیان پێ بدرێت بۆ ئەوەی ماڵاتیان لە دارستانە دراوسێکان بلەوەڕێنن بە مەرجێك پابەندبن بەو ڕێنماییانەی بۆ ئەم مەبەستە دەردەچن.

**ماددەی هەشتەم :**

یەکەم : وەزارەتی دارایی لە سەر داوای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ڕووبەری پێویست لە زەوی میری تەرخان دەکات بۆ مەبەستی دار چاندن و دروست کردنی دارستان و فراوانکردنی لەو ناوچانەی کە دارو درەخت بە شێوەی سروشتی تیادا ناڕوێت.

دووەم : وەزارەت بۆی هەیە ئەو ناوچانەی ڕووبەرووی ڕوتانەوە دەبن و ڕووبەرەکانی تەنیشت جۆگەکانی ئاودێری و حەوزی رووبار و بەنداو و تەنیشتەکانی رێگە گشتیەکان لە دەرەوەی سنووری شارەوانیەکان و هی تر بە هەماهەنگی لە گەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان داریان تیادا بڕوێنێت.

**ماددەی نۆهەم :**

لە سەر وەزارەت پێویستە بە هەماهەنگی لە گەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان هەڵسن بە بڵاو کردنەوەی هۆشیاری و کەلتوری گرنگیی دارستان و پارێزگاریکردن و پاراستنی لە ئاگرکەوتنەوە، و ئەم کەلتورە بکرێتە بەشێك لە پرۆگرامەکانی خوێندن لە قۆناغە جیاجیکاندا، هەروەها بەشداری پێکردنیان لە هەڵمەتەکانی دار چاندندا.

**ماددەی دەهەم :**

خاوەن دارستانە تایبەتەکان بۆیان هەیە بە پێ ی ئەو مەرج و ستاندەرە هونەریانەی وەزارەت دیاری دەکات دارستانەکانیان وەبەربهێنن بە داهێنان و سووکردنیان وە گۆڕینی دارستانەکان بە درەختی بەردار کە گونجاو بێت لە گەڵ ناوچەکە بەو مەرجەی مۆڵەتیان لە وەزارەتەوە پێ بدرێت.

**ماددەی یازدەهەم :**

وەزارەت کار دەکات بۆ کۆمەککردن و هاندان و گەشەپێدانی نەمامگەی دارستانە تایبەتەکان , ئەمەش لە رێگەی:

یەکەم : تەرخان کردنی ئەو زەویانەی به دارستان دانەپۆشراون و به پێ ی ئەو ڕێنماییەی وەزارەت دەری دەکات.

دووەم : تەرخان کردنی شارەزایی تەکنیکی و نەمام و تۆو هاوکاری دیکە.

سێیەم : پێشکەشکردنی قەرزی رەخسێنراو بۆ ئەم مەبەستە.

**ماددەی دوازدەهەم:**

خاوەن زەوی کشتوکاڵی یان ئەوەی زەویەکەی به درەختی بەردار چاندووه و هەندێ داری دارستانی له سەر رووواوە به چڕی ( ١٠٪ ) کەمتر مافی هەیه ئەم دارانه ببڕێتەوە وبیانگوازێتەوە و بیانکات به خەڵوز، سوککردنی دارەکانی دارستان به پێ ی مۆڵەتێك که خاوەنەکانی له فەرمانگەی دارستانی ناوچەکه دوای به سەر کردنەوەی شوێنەکه , وەری دەگرن.

**ماددەی سێزدەهەم:**

نابێ وەبەرهێن بەرهەمی دارسانەکانی هەرێم که ڕێگەپێدراون , وەبەرهێنانی تیادا بکات له شوێنی گرد کردنەوە و یا له گەنجینەوە بگوازرێتەوە , تەنها به مۆڵت نەبێت که له بەڕێوەبەرایەتی دارستان له پارێزگا یان ناوچەکه وەردەگیرێ و بڕی بەرهەمی گواستراوەو جۆر و چەشن و ڕێگاکانی گواستنەوە دیاری بکرێن.

**ماددەی چواردەهەم:**

پۆلیسی دارستان بۆی هەیه دەست بگرێ به سەر بەرهەمەکانی دارستان و ئامێر و هۆیەکانی گواستنەوەو و گلدانەوەیان تا ئەو کاتەی حوکمی دادگا دەردەچێت سەبارەت به بەکارهێنانیان ئەگەر سەلمێندرا که بۆ ئەوە به کار دێت که زیان ئەگەیەنێت به دارستان و خراپ بەکارهێنانی و سوود وەرگرتن لێیان به پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی پازدەهەم:**

رێگە نادرێت بە دروستکردنی خەڵوز لە دارستانەکاندا تەنها بە مۆڵەتێکی تایبەت نەبێت لە وەزارەتەوە یا ئەو لایەنەی دەسەلآتی پیٚ دەدرێت و تەنها بۆ پێداویستیەکانی هەرێم.

**ماددەی شازدەهەم:**

نابێت بنەچەی رەچەڵەکی رووەکی و ئاژەڵی لە ناوچە دارستانیەکان ببرێتە دەرەوە و رێنمایی تایبەت دەردەچێت بەو رەچەڵەك و توخمانەی رێگە پێدراوە لە وەزارەتەوە.

**ماددەی حەڤدەهەم:**

یەکەم : وەزارەت رێنمایی دەردەکات سەبارەت بە بەرهەمهێنانی نەمامی دارستان و دەست دەگرێت بە سەر نەمامی بەرهەمهێنراو بۆ مەبەستی بازرگانی کە بە بیٚ مۆڵەتن.

دووەم : رێگە نادرێت بە هێنانی نەمامی دارستان کە مەرج و ستاندەری پاراستنی رووەکی و یاسا کارپێکراوەکانی نیە بۆ ناو هەرێمدا.

**ماددەی هەژدەهەم:**

نابێت دەستدرێژی بکرێتە سەر زەوی دارستان بە فڕێدانی پاشماوەو پاشەڕۆی رەق یان شل یان تیشکدار یان هەرماددەیەکی تری پیسکار یان زیانبەخش بە ژینگە.

**ماددەی نۆزدەهەم:**

ماوەی لەوەڕاندن لە دارستان و لەوەڕگاکاندا بە پیٚ ی وەرزو ناوچە جیاوازەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ کارگێڕیە خۆجێیەکاندا دیاری دەکرێت.

## دەروازەی سێیەم
## خۆپاراستن لە ئاگرکەوتنەوە و ڕێگەلێگرتنی
## بەشی یەکەم
## خۆپاراستن لە ئاگرکەوتنەوە

**ماددەی بیستەم :**

یەکەم : هەڵگرتن و ئاگرکردنەوە لە دەرەوەی خانوو بینایەکان لە نێو سنووری دارستانەکانی هەرێم و لە دەوروبەری بە درێژایی (٢٠٠) مەتر لە سنوورەکەیەوە و قەدەغە دەکرێت.

دووەم : رێگە نادرێت ئاگر بەکار بهێنرێت لە ناو چادرو شوێنی ئیشکردن و کارگە دامەزراوە کاتیەکان کە دەکەوێتە ناو دارستانەکانی هەرێم یا بە دووری ( ٢٠٠ ) مەتر لە سنوورەکەیەوەن تەنها بۆ مەبەستی چێشتلێنان و خۆگەرمکردنەوە نەبێت , لەم حاڵەتەشدا ڕێوشوێنی پێویست دەگیرێتەبەر.

سێیەم :رێگە نادرێت بە دامەزراندنی هیچ دەزگایەکی پیشەسازی یا دامەزراوەیەك کە ئاگر بەکار دێنێت , یا کۆگای ماددەی تیشکدەر یا دروستکردنی خانوویێك کە رووبەرەکەی لە (١٢٠/م٢ ) زیاتر بێت لە ناو دارستانەکانی هەرێم یا لە دووری کەمتر لە (٥٠٠) مەتر لە هەر سنوورێکی دارستانەکاندا بە بێ دەست هێنانی مۆڵەتی وەزارەت هەروەها روونکردنەوەی پێویست دەردەکرێت لە نێو رێنماییەکانی وەزارەت بۆ ئەم بابەتە.

چوارەم: هیچ کەس بۆی نیە ئاگر بکاتەوە لە نێو دارستانەکانی هەرێم دا یا لە نزیکی کەمتر لە (٣٠٠) مەتر تەنها بە مۆڵەتی لایەنی بەرپرس لە پاراستنی دارستانەکانەوە نەبێت.

پێنجەم: پێویستە لە سەر وەزارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە هونەریەکان پێداویستی و ئامرازەکانی کوژاندنەوەی میکانیکی و دەستیی دەستەبەر بکات و تاوەری چاودێری و نەهێشتنی ئاگر دروست بکات لەو ناوچانەی دارستان تێیدا چڕە یان ناوەندیە.

شەشەم : وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان یان ئەوەی دەسەلاتی پێدەدات بۆی هەیە پەنا بەرێتە بەر دەسەلاتی کارگێری ناوچەکە بۆ بەکارهێنانی ئامراز و ئۆتۆمبیل و ئامێرەکان بۆ گرتنەبەری رێوشوێنی پێویست بۆ خۆپاراستن لە ئاگرکەوتنەوە.

## بەشی دووەم

## سزاکان

### ماددەی بیست و یەك:

یەکەم : سزای بەند کردن ئەدرێت کە لە ساڵێك زیاتر نەبێت یان غەرامەیەك کە لە (سێ ملیۆن دینار) کەمتر نەبێت وە لە ( پێنج ملیۆن دینار ) زیاتر نەبێت , هەرکەسێك سەرپێچی حوکمەکانی برگەکانی ( ١,٥,٦,٧,٨,١٠,) ی بەندی سێیەمی ماددەی چوارەمی ئەم یاسایەدا بکات.

دووەم : سزای بەندکردن و غەرامەیەك کە لە پێنج ملیۆن دینار کەمتر نەبێت هەر کەسێك سەرپێچی حوکمەکانی برگەکانی ( ٢,٣,٤,١١, ) ی بەندی سێیەمی ماددەی چوارەمی ئەم یاسایەدا بکات.

### ماددەی بیست و دوو :

لە گەڵ لانەدان لە هەر سزایەکی توندتر کە یاسا دەقی لە سەر دەکات :

یەکەم : سزا دەدرێت بە بەندکردن بۆ ماوەیەك لە شەش مانگ کەمتر نەبێت وە غەرامەیەك کە لە پێنج ملیۆن دینار کەمتر نەبێت , هەر کەسێك هەڵسا بە:

١ بڕینەوە یا سووتاندنی دارە بە تەمەنەكان یا دەگمەنەكانی دارستان یا لێكردنەوەی تۆێكلەكانیان یان شێواندنیان بە هەر جۆرێك بێت.

٢- بە ئەنقەست بوو بە هۆی ئاگر كەوتنەوە یا ئاگر تێبەردانی دارستان و زەوییە دارستاناویەكان و پارێزراوەكان و ناوچەكانی خۆپارێزی و لەوەڕگاكان.

٣- چاندن و سوودهێنانی زەویەكانی دارستان و پارێزراوە سووتاوەكان.

دووەم : سزا ئەدرێت بە بەندكردن بۆ ماوەیەك لە سێ مانگ كەمتر نەبێت و لە ساڵێك زیاتر نەبێت و بە غەرامەیەك كە لە پێنج ملیۆن دینار كەمتر نەبێت هەر كەسێك بە بێ رەزامەندی وەزارەت خەڵوز دروست بكات.

سێیەم : سزا دەدرێت بە بەندكردن بۆ ماوەیەك لە سێ مانگ زیاتر نەبێت و بە غەرامەیەك كە لە پێنج سەد هەزار دینار كەمتر نەبێت هەر كەسێك:

١-هەڵەكردنی یان سەرپێچیكردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە یان رێنماییە دەركراوەكان , ببێتە هۆی ڕوودانی ئاگر كەوتنەوە لە دارستانیكی گشتی یان تایبەت.

٢- سەرپێچی حوكمەكانی مادده (١٨) ی ئەم یاسایە بكات و پابەند دەكرێت بە لابردن و هەڵكەوتنەوەی ئەو ماددانەی فڕێ ی داوە لە سەر خەرجی تایبەتی خۆی.

٣- بەنداوێك یان بەربەستێك لە سەر رووبارێك یان جۆگەیەك كە بە دارستان دا ڕێرەو ئەكات دروست بكات یان هێڵی كارەبای پاڵەپەستۆی بەرز رابكێشێت.

٤- خۆی بگرێت لە پێشكەش كردنی یارمەتی بۆ كوژاندنەوەی ئاگرێك كە كەوتبێتەوە لە دارستان یان پارێزراوەكان یان بەبێ پاساو یارمەتیدان ڕەتبكاتەوە.

**ماددەی بیست و سێ :**

سزا ئەدرێت بە گرتن بۆ ماوەیەك لە حەوت ساڵ زیاتر نەبێت هەر كەسێك بە نیاز خراپی بەرهەمی دارستانی پێ گیرا یان كڕی كە ئەزانێت ئەوەی پێ یەتی پێچەوانەی

حوکمەکانی ئەم یاسایەیە وە کەسی هەڵگر سزا ئەدرێت بە بەندکردن بە مەرجێك بەشدار نەبێت لە ئەنجامدانی ئەو تاوانەی کە ئەو بەرهەمانەی پیَ گیراوە.

**ماددەی بیست و چوار :**

یەکەم : سزا ئەدرێت بە ماوەیەك کەمتر نەبێت لە یەك ساڵ و بە غەرامەیەك لە سیَ ملیۆن دینار کەمتر نەبێت لە گەڵ دەستەبەسەرداگرتنی ئەوەی پیَ ی گیراوە هەر کەسێك سەرپێچی حوکمەکانی مادده (١٦) ی ئەم یاسایە بکات.

دووەم : سزا ئەدرێت بەبەندکردن یا بە غەرامەیەك بە بڕی هەزار دینار بۆ هەر نەمامێك لە گەڵ دەستبەسەرداگرتنی هەر کەسێك بەرهەمی بهێنێت یان بیهێنێتە ناوەوە بۆ مەبەستی بازرگانی یان بە پیَ ی رێنماییەکان نەبێت وە بە پیَ ی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

سێیەم : ئەو تاوانانەی دەربارەی دارستانەکان ئەنجام دەدرێن کە لەم یاسایەدا باس نەکراون , ئەوا حوکمەکانی یاسا سزاکارییە بەرکارەکانی هەرێمیان بەسەردا دەسەپێت.

## حوکمە کۆتاییەکان

**ماددەی بیست و پێنج:**

پێویستە لە سەر وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان رێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی بیست و شەش :**

کارکردن بە یاسای عێراقی ژمارە (٧٥) ساڵی ١٩٥٥ , لە هەرێمی کوردستان , لە هەرێمی کوردستان —عێراق , دەوەستێنرێت.

**ماددەی بیست و حەوت :**

ئەم یاسایە لە رێکەوتی بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق**

## هۆیە پێویستکارەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە

لە بەر ئەوەی ئەو یاسایانەی لە هەرێمی کوردستان بەرکارن سەبارەت بە دارستانەکان لە گەڵ پێویستیەکانی پاراستنی دارستانەکاندا ناگونجێن , و بە مەبەستی رێکخستنی بەرێوەبردن و پاراستن و پارێزگاری و چاککردنی دارستانەکان و, زێدەکردنی رووبەری سەوزایی و بەشداریکردن لە چاککردنی ژینگەوە , دابین کردنی شوێنی گەشتیاری و رابواردن , کە لە کاتی ئێستادا بوونەتە پێویستیەکانی ژیان و , بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخ و سیاسەتی دارستان کە پێویستە پەیڕەو بکرێ بۆ پاراستنی دارستانەکان وەك سامانی نەتەوەیی و نیشتمانی و پارێزگاری کردن لە جۆرە سروشتیە گونجاوەکان و هێشتنەوەی بنەچە بۆ ماوەییەکان لە کوردستاندا , ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

بلاوکراوەتەوە لە وەقایعی کوردستان ژمارە (١٥١) لە ٢٠١٢